ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٨٠ | هەینی ٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٩ _ ٢١ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا




## کۆستێکی گەورە

لەکاتێکدا تێکۆشەرانی دێموکرات خۆیان بۆ گرتنی یووبیلی ئەڵماس جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەیان ئامادە دەکرد، ڕۆژی پێنجشەممە، ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی تێکۆشەری ناوداری کورد و ئەندامی بەوەجی حیزبی دێموکرات کاک جەلیلی گادانی دواماڵاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد و چووە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لە بەیاننامەکەیدا ڕایگەیاند کە لەدەستدانی کاک جەلیل نەک هەر بۆ حیزبی دێموکرات، بەڵکوو بۆ هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد خەسارەتێکی گەورەیە.

## خەڵکی کوردستان لە یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکراتدا:

# لە ماکۆوە هەتا لوڕستان، سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان




## خالید عەزیزی:



ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کورد لە پرۆسەی بەڕێوەبەریی ئێراندا بەشدار نەبێ و لەگەڵدا نەبێ، ئەگەر سیاسەتەکانی ئێمە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە سەرنجی نەدرێتێ و، ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە کە ئێرانێک دروست دەکرێتەوە لەسەر تەمەرکوزگەرایی؛ ئەو ئێرانە هەرگیز ئەمنیەت و ئاشتی و ئارامش بە خۆوە نابینێ.

## کۆمیسیۆنی تەشکیلات:

### ئافەرین بۆ ورەی بەرز و وەفاداریتان بە ڕێبازی حیزب و شەهیدان

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سپاسنامەیەکدا ڕوو بە خەڵکی کوردستان و ئەندامانی ئەم حیزبە ئافەرینی بۆ هەست و هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکراتدا گرتوە.

لەو پەیامەدا هاتوە ئەگەر لە سەرەتای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە بەر هۆکاری سیاسیی ئەو کات ئەو مەجالە بەم حیزبە نەدرا کە پەل بۆ سەرانسەری کوردستان باوێ و چالاکییەکانی زیاتر لە ناوچەی موکریان بەڕێوە دەچوون، بەخۆشییەوە ئێستا پەیامی ڕزگاریی نەتەوەیی سەرانسەری نیشتمانەکەمانی هەر لە لوڕستانەوە تا ماکۆ گرتۆتەوە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات ڕایگەیاندوە ئەمساڵ پانتایی چالاکی و ئەرکوەخۆگریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان، بە هەموو لایەکی نیشان دایەوە حیزبێک کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی خۆی بێ، هیچ جۆرە بەربەست و پیلانگێڕییەکی دوژمنان ناتوانێ نە لە کۆمەڵگەی خۆی داببڕێ و نە پێش بە بڵاوبوونەوەی پەیامی ڕزگاریخوازانەی بگرن.



## ناوەندی هاوکاری:

### پاش ٤١ ساڵ لە فتوای جیهادی ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی، ئێستاش هەر کار بەو فتوایە دەکرێ و ڕێژیم دەستی لە جینایەتەکانی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان هەڵنەگرتوە



٢٨ی گەلاوێژ ئەگەر لە لایەک ساڵڕۆژی وەها فتوایەکی بەدناوە، لە لایەکی دیکەشەوە وەبیرهێنەرەوەی بڕیاری بەرگریی گەلی کورد و سەرکردایەتیی بوێری شۆڕشەکەی و بەرنگارییەکی پیرۆزە کە نیشاندەری ئیرادە و هێزی باوەڕی نەتەوەیەکە کە ڕێگای نەدا و ڕێگا نادا ملهوڕییەکان و جینایەتەکانی دەسەڵاتی تاران بە چۆکیدا بێنێ و تەسلیمی ویست و داخوازییە نامرۆڤانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ببێ.

## مەلا بەختیار:



قۆناغی وەرچەرخانی سیاسی–ئایدیۆلۆژیی حیزبی دێموکرات، لەو کاتەوە دەست پێدەکا کە د. قاسملوو دێموکراتی ڕاچڵەکاند و لەسەر پایەکانی سەربەخۆیی، دایمەزراندەوە.

ئەوە ٤١ ساڵە کە هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە پشتیوانیی خەڵکی خۆیان، لە مەیدانی بەرگری دان و سەرەڕای قوربانیدان و تێچووی زۆر نەیانهێشتوە بیر و هزری دواکەوتووانەی ڕێژیمی مرۆڤکوژی تاران بە سەر کوردستاندا زاڵ ببێ.

# خالید عەزیزی:

# بە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانە لە سەنگەری خەبات بۆ دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورددا درێژە بە تێکۆشانی خۆمان دەدەین

## (وتاری ٢٥ی گەلاوێژی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکراتی کوردستان)



**ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کورد لە پرۆسەی بەڕێوەبەریی ئێراندا بەشدار نەبێ و لەگەڵدا نەبێ، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان سیاسەتەکانی ئێمە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە سەرنجی نەدرێتێ، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لەوە بکرێتەوە کە ئێرانێک دروست دەکرێتەوە لەسەر تەمەرکوزگەرایی هەر بەو فەرهەنگەی کە لە حکوومەتی پێشوو و لە کۆماری ئیسلامییدا هەبوو دڵنیاتان دەکەینەوە و ئەو ئێرانە هەرگیز ئەمنیەت و ئاشتی و ئارامش بە خۆوە نابینێ و، خەڵکەکەی لە دێموکراسی و ئازادی و مافەکان بەهرەمەند نابێ. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرامبەر بە هیچ هاوکێشەیەک و بە هیچ سێناریۆیەک نیسبەت بە داهاتووی ئێران کەمتەرخەم نابین و هەوڵ دەدەین هەموو شوێنێک بە پێی بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانی خۆمان وەک کوردی کوردستانی ئێران، دەورمان هەبێ و سیاسەتی خۆمان بێنینە گۆڕێ.**

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**خوشک و برایانی ئازیز!**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**
**بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی، کادر و ئەندامان و پێشمەرگەکان!**
**دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

بە بۆنەی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی خۆتان پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم و، هیوادارم لە ساڵانی داهاتوو هەموومان بە یەکەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو جێگایەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی لێ دامەزرا یادی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یادی دامەزرێنەری ئەو حیزبە، پێشەوا قازی محەممەد بکەین. هەروەها لێرەوە ڕێز و پێزانینی خۆمان و سەری کڕنۆش دادەنوێنین بۆ دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد و هەروەها دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی. هەر لەو ڕۆژەدا دیسانەکانە ڕێز لە یادی هەزاران پێشمەرگە، کادر و ئەندامانی ڕێبەریی ئەم حیزبە کە گیانی خۆیان لە پێناو حیزبی دێموکراتدا قوربانی کردوە، دەگرین.

فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاستییدا ئیدارەی وڵات بوو، بەڵام پێش دامەزراندنەکەی پرۆسەیەکی مەنتیقی بوو. خەباتی حیزنی دێموکرات پرۆسە بوو بەڵام دامەزراندنی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان پرۆژە بوو، پرۆسەکە ئێستاش بەردەوامە، بەڵام بە تەبیعەتی دەوڵەمەندیی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات پرۆژەکانیشی جۆراوجۆر بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەما و بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف دامەزرا، واتا پرۆسەکە لەوێڕا دەستی پێ‌کرد. ئەو کات کۆمەڵێک تێکۆشەر و ڕووناکبیری کورد، هەوڵیان دەدا و دەگەڕان بە دوای شوناسی خۆیاندا و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا ناسیۆنالیزمی کورد و کوردایەتییان تاوتوێ دەکرد. لە ڕاستییدا سەرەتاکەیان دامەزراند، بەڵام بە تەبیعەتی وەزعی تایبەتیی ئێران لە سەردەمی شەڕی دووی جیهانییدا قۆناغێک دێتە پێش، بۆیە پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو دەرفەتەی زۆر بە باشی قۆستەوە. لە ماوەیەکی کورتدا بەوە گەیشت کە دەبێ حیزب دامەزرێنێ، سیاسەت بکا، بچێتە مەیدانی عەمەل و وڵامی کۆمەڵێک پرسیار بداتەوە؛ بۆیە بە ئیرادەی قایمی خۆی، بە هیممەتی خۆی، بە ڕێبەریی خۆی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤دا دامەزراند.

دامەزرانی حیزب، ڕووداوێکی مێژوویی بوو و، لە ماوەیەکی کورتی پێنج-شەش مانگەدا لەبەر ئەوەی کە قازی محەممەد لە سەر مێکانیزمی ئیدارەی وڵاتیش خوێندنەوەی هەبوو، دوای حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستانی دامەزراند. قازی محەممەد دەمێک بوو لە مێشکی خۆیدا دەیزانی چ دەکا و یەک بە دوای یەک پڕۆژەکانی خۆی جێ‌بەجێ دەکرد، بۆیە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو شانازییەی پێ بڕا یەکەم کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ و بەپێی ئەوەی حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی بۆ جێبەجێ کردنی ویست و داخوازەکانی نەتەوەی کورد دامەزرابوو، هەوڵی دا هێما و شوناسی نەتەوەییش بە هەموو دامەزراوەکانیەوە دیار بێ؛ لە کۆماری کوردستانەوە بگرە تا دواتر ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، دواتر ناوی پێشمەرگە، هەمووی ئەو دامەزراوانە ئێستاش بە گشتی لە لایەن زۆرینەی گەلی کوردەوە بە شانازییەوە چاوی لێ دەکرێ.

حیزبی ئێمە ئەو پرۆسەیەی کە دەستی پێ کرد و دوایە کردی بە پڕۆژە، توانی لە دەورانێکی زۆر حەساسدا بنەماکانی هۆوییەتی نەتەوایەتیی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێنێ. قازی محەممەد وەک ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە هەموو کێشەکان تێگەیشتبوو، بۆیە سیاسەتێکی فرە ڕەهەندی گرتە بەر. لە لایەک دروستکردنی حیزب، دروستکردنی دامەزراوە حیزبییەکان، بە جۆرێک حیزبی دێموکراتی سازمان دا کە هەموو چین و توێژەکان خۆی تێدا بخوێننەوە. هەر ئەو وەختە حیزبی دێموکراتی کردە حیزبێکی جەماوەری، هەتا ئێستاش ئەو فەلسەفەیە یا جەماوەربوونی حیزبی دێموکرات هەر پێوەی دیار ماوە، بە دوای ئەودا تێ‌کۆشا دامەزراوە دروست بکا، مەسەلەی کورد لە ئێران بێنێتە گۆڕێ و حیزبی دێموکرات بوو بە پارتنێری حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان لە چەند و چۆنیی چارەسەری کێشەکانی نێوان ئازەربایجان و کوردستان و دروستکردنی مێکانیزمێک بۆ لێک تێگەیشتن و هەروەها چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ تاران.

حیزبی دێموکرات هەوڵی دا لەنێو کۆمەڵانی خەڵک لە ڕاستییدا ئەقڵییەتی دێموکراسی، بەرابەریی ژن و پیاو، بەشداریی هەموو چین و توێژەکان لە ژیانی حیزبایەتییدا بباتە پێشێ، بەڵام هەموو ئەوانە ماوەیەکی کەم بوو. بە داخەوە حکوومەتی تاران لە جیاتی ئەوەی کە پەیامی ئاشتیخوازی، پەیامی دێموکراتیک و پەیامی بە یەکەوە ژیان لە ئێراندا لە لایەن حیزبی دێموکرات کە هاتبووە گۆڕێ و شەخسی پێشەوا ڕێبەریی دەکرد، وەر بگرێ؛ هێرشی کردە سەر کوردستان. لە ئاکامدا بە داخەوە کۆماری کوردستان ڕووخا و پێشەوا لە سێدارە درا. تەنانەت ئەو کات کە بڕیاریان دا پێشەوا قازی محەممەد لە سێدارە بدرێ، خۆشەویستیی پێشەوا قازی محەممەد لە نێو خەڵکی کوردستاندا و تا ڕادەیەک خەڵکی ئێران کە دەیانناسی ئەوەندە بوو، کە لای ئەمریکاییەکانیش وەک پرسێک چاو لێ دەکرا. ئارسی ڕۆزوێڵت، سیاسەتمەدار و کادری لێهاتووی ئەمریکا کە لە سەفارەتی ئەمریکا لە تاران کاری دەکرد، سەردانی پێشەوا قازی محەممەد دەکا ئەو وەختە لەو مەنتەقانە گوزارشی خۆی داوەتەوە و زۆر بە ڕێزەوە باسی قازی محەممەد دەکا. بۆیە تەنانەت ئەمریکاییەکان پێشنیاریان بە حکوومەتی شا کرد بوو پێشەوا قازی محەممەد، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کەسایەتییەکی جێکەوتوو و جێی ڕێزە نابێ ئاوای لەگەڵ بجووڵێنەوە. بەڵام حکوومەتی تاران بە داخەوە هیچی ئەوانەی لە بەرچاو نەگرت و کۆمار ڕووخا و پێشەوا قازی محەممەد لە سێدارە درا، بەڵام ناسیۆنالیزمی کورد لەدایک بوو، بیری کوردایەتی لەدایک بوو، هیوا و ئومێد لەدایک بوو، هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە ئەندامان و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دوای ڕووخانی کۆماریشدا چالاکیی خۆیان درێژە پێ بدەن، بەشێک لە کادرەکانی ئەم حیزبە لە زەمانی حکوومەتی شادا کەوتنە زیندانەکان، بەشێکیان تووشی دەربەدەری بوون، بەشێکیشیان لە نێو خەڵکی کوردستان و لە نێو دڵی خەڵکی کوردستاندا بە شێوەی نهێنی چالاکیی خۆیان درێژە دەدا.

ئەگەر وایە بە لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد ڕاستە پێشەوایەکی گەورەمان لە دەست دا، بەڵام دەکرێ بڵێم ناسیۆنالیزمی کورد و ئەقڵیەتی کورد و شعووری نەتەوایەتیی کورد زیاتر بە دوای ئەوەدا دەڕۆی کە چۆن خەباتەکەی خۆی درێژە پێ بدا، حیزبی ئێمە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی خۆیدا هەوڵی داوە تێ‌بکۆشێ لەسەر بایەخ دان بە بنەماکان چالاکیی سیاسیی خۆی درێژە بدا. دەورانێک لە ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێبەرانی ئەو حیزبە و کادرەکانی لە باشووری کوردستان بووە، ئەو دەورانەش هەمووی هەوڵ و هیممەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کادرەکانی ئەوە بووە کە چۆن لە نێوخۆی وڵات کار بکەن، چۆن ڕایەڵە و پێوەندیی خۆیان لە نێوخۆی وڵات کە بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان مابۆوە، بەهێزتر بکەن. لە دەورانی ساواکدا کە گرتن و کوشتن لە گۆڕێدا بوو، بەڵام دیسان کۆڵیان نەدا و لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ -هەرچەند حیزبی دێموکرات هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە تێ‌بکۆشێ لە ڕێگای وتوویژەوە کێشەی خۆی لەگەڵ تاران جێ‌بەجێ بکا، بەڵام مادام ڕەفتاری حکوومەتی شا لەگەڵ حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی کورد ڕەفتارێکی نامەسئوولانە بوو تەنیا زمانی کوشتن و ئێعدامی دەزانی، بەشێک لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، جووڵانەوەیەکی چەکدارییان وەڕێ خست، ئەو جووڵانەوە چەکدارییەش بە حوکمی نفووزی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ڕێزێکی زۆری لێ گیرا، تا ڕادەیەکی زۆر خەڵک پشتیوانییان لێ کرد. یانی دەمهەوێ ئەوە بڵێم لە بیری فرە ڕەهەندیی حیزبی دێموکراتدا هەوڵ دراوە بە هەموو جۆرێک لە خەبات تێ‌بکۆشین، حزوورمان لە نێوخۆی وڵات بێ و تێ‌بکۆشین هەمووی ئەو مەیدانانە تاقی بکەینەوە.

بەشێکی سەرەکیی ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئیدامەی ئەو هەوراز و نشێوانەدا دوای ئینقلابی ئێران و ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێراندا دەست پێ دەکا. ئەگەر سەردەمی کۆماری کوردستان ماوە و مەودای دەسەڵاتی حیزبی دێموکرات و نفووز و شوێنی کاری هەر ناوچەی موکریان بوو، دوای ئینقلابی ئێران، تا لای خوارووی کوردستان ڕۆییشت،

**حیزبی ئێمە لە هەموو تەمەنیدا هەوڵی داوە لەسەر چەند ئەساس تێ بکۆشێ، بە بنەماکانی خۆی وەفادار بێ، یەکەم لەو پێوەندییەدا هەوڵی ئێمە ئەوە بووە بە جەماوەری بوونی حیزبی دێموکرات هەمیشە لای ئێمە گرینگیی خۆی هەبێ، ئەویش پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، هەوڵ دان بۆ ئەوەی کە خەڵک لە نێوخۆی وڵات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێکاری جۆراوجۆر و سیاسەتی فرە ڕەهەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە زەمانی پێشەوا قازی محەممەدەوە دان درابوو و شەخسی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیش درێژەیان پێ دا، بەردەوام بچێتە پێشێ. هۆیەکەشی ئەوەیە جێگای حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بیر و هۆشی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر لە نێوخۆی کوردستانە**

یەعنی ئەو خەونەی حکوومەتی پێشووی تاران پێیوابوو بە لە سێدارە دانی قازی محەممەد مەسەلەی کورد تەواو یان بەرتەسک دەبێ، بە پێچەوانە مەودای جوغرافیایی و نفووزی زۆرتر بوو و دەستەیەکی زۆرتر لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە ژن و پیاوەوە لە بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد. هەر لە ڕۆژانی یەکەمی ئینقلاب حیزبی دێموکرات لایەنگری ئەوە بوو کە کێشەی کورد لەگەڵ تاران لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکرێ، دوکتور قاسملوو مێعماری ئەو ئیدەیە بوو و تێشیدا زۆر شارەزا و بە توانا بوو، بۆیە هەموو هەوڵەکانی خۆی بەکار بەست بە گەلانی ئێران، بە حیزب و لایەنە سیاسییەکان و بە کەسایەتییەکانی ئێران بڵێ ئێمە ئینقلابمان کرد، بە یەکەوە ئیدارەی ئێران بکەین و ئێمەی کوردیش بۆیە لەو ئینقلابەدا بەشدار بووین، کە بە مافە نەتەوەیی و دێموکراتییەکانی خۆمان بگەین، بەڵام بە داخەوە حکوومەتی تاران و شەخسی ئایەتوڵڵا خومەینی ئەو پەیامە واتادارەی ڕێبەری کاریزما، دوکتور قاسملوو کە هەم بۆ کورد و هەم بۆ ئێران بەرژەوەندییەکی زۆری تێدا بوو بە جددیی وەر نەگرت؛ بۆیە پەیامی ئاشتیی ئێمەی بە شەڕ و هێرش کردن بۆ سەر کوردستان وڵام دایەوە.

موقاوەمەتی پێشمەرگەکان بە تایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، حکوومەتی تارانی هێنا سەر ئەو قەناعەتە کە موزاکرە بکەین. لەو موزاکراتەشدا هەوڵێکی زۆر درا، بەڵام بە داخەوە نێوەرۆک و تەبیعەت و ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کە مەسەلەی کورد لە ڕێگای گفتوگۆوە چارسەر نەکا، دوکتور قاسملوو دڵنیام زیاتر و باشتر لە هەموو کەس ئەوەی دەزانی بەڵام دەیویست بە کۆمەڵانی خەڵک و بە لایەنەکان بڵێ کە ئێمە ئینقلابمان کردوە بۆ ئەو مافانە بەڵام حکوومەتی تاران ڕێگرە لە گەیشتنی ئێمە بەو مافانە. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی شەڕی بەسەر ئێمەدا سەپاندوە و حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەکانی کوردستان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات دیفاعیان لە خۆیان کردوە، لە تەواوی ئەو ماوەدا حیزبی ئێمە هەوڵی داوە لەسەر چەند ئەساس تێ بکۆشێ، بە بنەماکانی خۆی وەفادار بێ، یەکەم لەو پێوەندییەدا هەوڵی ئێمە ئەوە بووە بە جەماوەری بوونی حیزبی دێموکرات هەمیشە لای ئێمە گرینگیی خۆی هەبێ، ئەویش پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، هەوڵ دان بۆ ئەوەی کە خەڵک لە نێوخۆی وڵات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێکاری جۆراوجۆر و سیاسەتی فرە ڕەهەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە زەمانی پێشەوا قازی محەممەدەوە دان درابوو و شەخسی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیش درێژەیان پێ دا، بەردەوام بچێتە پێشێ. هۆیەکەشی ئەوەیە جێگای حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بیر و هۆشی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر لە نێوخۆی کوردستانە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو لە سێدارە دانی پێشەوا قازی محەممەد، تێرۆری دوکتور قاسملوو، لەسەر مێزی وتووێژ و تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی لە شوێنێک کە دیویست مێکانیزمێک بۆ نزیکیی هێزە ئێرانییەکان بدۆزێتەوە و، لەم دواییانەدا تێرۆری دەیان کادری ئێمە، مووشەکبارانی قەڵا و تەنانەت ڕووداوەکەی شەوی یەلدا، زۆرێک لەو ڕووداوانە هەموو یەک شتی دەر خستوە ئەویش ئەوەیە نفووزی جەماوەریی حیزبی دێموکرات، گارانتی مانەوەی حیزبی دێموکراتە. جا ئەگەر وایە ئێوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداری، حزوور و لە مەیداندا بوونی خۆتان هەوڵتان داوە، حیزبەکەی خۆتان ڕا بگرن. حیزبێک کە تەحەمولی ئەو هەموو هەوراز و نشێوانەی کردوە، ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەر هاتوە و خۆ ڕا دەگرێ، ئەوە ئێوەش خۆ ڕا دەگرن.

**مادام حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی جەماوەری و پڕ نفووزە 75 ساڵ خەبات و تێکۆشانی کردوە لە بواری جۆراجۆری دیپلۆماسی، تەشکیلاتی، ڕێکخراوەیی، سیاسی، خەباتی جەماوەری، خەباتی پێشمەرگانە، خەباتی قانوونی و هەتا بگرە وتووێژ لەگەڵ حکوومەتە ناوەندییەکان لە مەیداندا بووە و بێتەفاوەت نەبووە، هیچ گومانی تێدا نییە بێکێشەش نەبووە. هەڵەش لە گۆڕێدا بووە، بەڵام پەڵەمان لەسەر نییە، هەڵە و کێشەش دێتە سەر ڕێی کەسێک کە کار دەکا، بۆ حیزبێکی گەورەی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانیش زۆر بە ئاسایی و سروشتیی دەزانین، بەڵام بە شانازییەوە دەڵێین حێزبێکین پەڵەمان لەسەر نییە. لە داهاتووشدا ئێمە حیزبێکی بێکێشە و بێهەڵە نابین، بەڵام ڕۆحمان ئاواڵە دەبێ بۆ وەرگرتنی تێبینی و ڕەخنە و پێشنیارەکان هەتا چارەسەریان بکەین**

چوار ڕۆژ دوای مووشەکبارانەکە ئێمەتان بە تەنیا نەهێشتەوە و بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانتان ڕاگەیاند؛ ڕاستە بە مووشەک لە ئێوە دەدەن، بەڵام ئێمە لێرەوە لەگەڵتاندا ین و سابیتیشتان کرد. ئەم هەڵوێستەی ئێوە بوو بە بەڵگە لەو بەڵگە مێژووییانەی حیزبی دێموکرات کە دەچێتە سەر کارنامەی ئەم حیزبە و بە دڵنیاییەوە هەتا کۆمەڵانی خەڵکی لەگەڵدا بێ بە چۆک دانایە. ڕێبەرانی ئێمە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەوڵیان داوە لە مەیداندا بن و بە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانە و بە هەستێکی نەتەوایەتی لە پێناو مافەکانی خۆماندا کار بکەین و کاریان بۆ کردوە.

لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بێتەفاوەت نەبوون. هەر ئەو وەختە پێشەوا قازی محەممەد هەوڵی داوە لەگەڵ ئینگلیسییەکان پێوەندی بگرێ و، لەگەڵ مۆسکۆش پێوەندییەکی باشی پێک هێنا، هەوڵی داوە لەگەڵ ئە لایەنانەی کە وەختی شەڕی جیهانیی دووەم بە جۆرێک پێوەندییان بە ئێران و کوردستانەوە بووە لە پێوەندییدا بێ، هەروەها لەگەڵ ئازەرییەکانیش. چون ئەو دەیزانی دەبێ پێ بە پێی خەبات و تێکۆشان و ئیدارەی وڵات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش لە ئێمە بگا. بە دوای ئەودا دوکتور قاسملوو دەکرێ بڵێم مێعماری هێنانە گۆڕی ئەقڵییەتی دیپلۆماسی و ئەوەی کە مەسەلەی خۆمان بە جیهانی بکەین، دوکتور قاسملوو بە حوکمی ئەوەی لە نێوخۆی وڵات لەگەڵ ئێرانییەکان و لە دەرەوەی وڵاتیش لەگەڵ بیانییەکان تێکەڵاوییەکی باشی هەبوو، هەر بۆیە کارنامەیەکی بەهێزی لەم بارەیەوە لە خۆی بەجێ هێشتوە. زۆر باش دەرکی مەسەلەکەی دەکرد و لەم دواییانەشدا بەشێک لە سەرنجی ئوروووپاییەکان و بە تایبەت فەڕانسەوییەکان کە بە مەسەلەی کورد دراوە، تا ڕادەیەکی زۆر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر سەرمایەگوزاریی ئەو کاتی دوکتور قاسملوو کردی. ئێمەش لەژێر ڕووناکایی ئەزموون و ڕێنوێنیی ڕێبەرانمان بەردەوام لەو ئاستەشدا هەر دەچینە پێشێ.

لەسەر ئەساسی ئەوەی کە ئێمە پێمانوایە کێشەی ئێران لە ئاستی گشتی و بەبەشداریی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە چارسەر دەکرێ، هەوڵمان داوە لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوایەتیی خۆمان پێوەندییمان باش کەین و، هەر لەو بوارەدا هەوڵمان داوە لەگەڵ سازمان و حیزبەکان بە پێوەندی دروستکردن بە هەموو لایەک بڵێین کە ئێمە دەبێ بە یەکەوە لە بیری ئیدارەی داهاتووی ئێران بین. ڕامان گەیاندوە و جارێکی دیکەش ڕا دەگەیەنین ئەگەر قەرار بێ ئێران لە داهاتوودا ئیدارە بکرێ، دەبێ تەوافوقێک بکرێ لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان، هەموو لایەنە قەومییەکان و هەموو لایەنەکانی دیکە و چەندوچۆنیی ئیدارەی ئێران لەو بوارەدا سیاسەتی دروستی خۆمان هەیە.

پەیامێکی دیکەمان لێرە بۆ ئێرانییەکان هەیە کە ڕەنگە بەشێک لەوان ئاگاداری کێشە و پرسی ئێمە نەبن، ئەویش ئەوەیە کە ئەم وڵاتە کاتێک ئەمنیەت و ئاسایش بە خۆیەوە دەبینێ، زەمانێک ئاشتی و دێموکراسیی تێدا سەقامگیر دەبێ کە هەموو لایەنەکان بەو جۆرەی کە هەن تێدا بەشداری ئەو پرۆسەیە بن و هەڵاواردنێک لە گۆڕێدا نەبێ. بە بەشداریی هەموو لایەک لە ئێران ئەمنیەت و ئارامشێکی میللی، قەومی، مەزهەبی، سیاسی و قانوونی دێتە ئاراوە و ئەو وەختە دەکرێ بڵێین ئیدارەی ئێران، ئیدارەیەکە کە لەسەر ئەساسی ئەو جۆراوجۆرییە دامەزراوە. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کورد لە پرۆسەی بەڕێوەبەریی ئێراندا بەشدار نەبێ و لەگەڵدا نەبێ، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان سیاسەتەکانی ئێمە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە سەرنجی نەدرێتێ، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لەوە بکرێتەوە کە ئێرانێک دروست دەکرێتەوە لەسەر تەمەرکوزگەرایی هەر بەو فەرهەنگەی کە لە حکوومەتی پێشوو و لە کۆماری ئیسلامییدا هەبوو دڵنیاتان دەکەینەوە و ئەو ئێرانە هەرگیز ئەمنیەت و ئاشتی و ئارامش بە خۆوە نابینێ و، خەڵکەکەی لە دێموکراسی و ئازادی و مافەکان بەهرەمەند نابێ. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرامبەر بە هیچ هاوکێشەیەک و بە هیچ سێناریۆیەک نیسبەت بە داهاتووی ئێران کەمتەرخەم نابین و هەوڵ دەدەین هەموو شوێنێک بە پێی بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانی خۆمان وەک کوردی کوردستانی ئێران، دەورمان هەبێ و سیاسەتی خۆمان بێنینە گۆڕێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان هەمیشە بە هەستی بەرپرسایەتییەوە جووڵاوەتەوە، ئێمە هەوڵمان داوە لە ڕۆژە ناخۆشەکاندا لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا بین و، لە ڕۆژە خۆشەکانیشدا دیسان پیرۆزباییان لێ بکەین. تێ بکۆشین لە ئەزموونی ئەوان کەلک وەر بگرین، سیاسەتی گشتیی ئێمە ئەوە بووە بە هیچ جۆرێک دەستێوەردان لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا نەکەین، بەڵام دۆستایەتیی حیزب و لایەنە سیاسییەکان لەو بەشانەدا بکەین و هەمیشە ئارەزوومان ئەوە بووە کێشەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ڕێگای وتووێژ و بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێ. بەڵام پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان شتێکی دیکەیە. مێژووی پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە سەردەمی کۆماری کوردستان، ئەو وەخت کە بارزانییەکان هاتن بەشداری کۆماری کوردستان بوون، لە کۆماری کوردستان لە حکوومەتی کوردیی ئەو کاتدا میوان نەبوون خاوەن ماڵ بوون، بە یەکەوە لە سەر سفرەی سیاسەتدا بوون. ئەوە یەکێک لە سانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانە. لە تەواوی مێژووی حیزبی دێموکراتدا زۆر جار ڕێبەرایەتی، پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبی دێموکرات، بنکە و بارەگاکانیان کەوتوەتە باشووری کوردستان. لە ڕۆژە ناخۆشەکاندا خەڵکی باشووری کوردستان زۆریان پشتیوانیی ئێمە کردوە، زۆر لەگەڵماندا بوون، زۆر بەهانای دەرد و کێشەکانمانەوە هاتوون، بۆیە ئێمە لەو ڕۆژەدا جێگای خۆیەتی وێڕای سپاس بۆ هەموو لایەک بۆ دۆزی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان زەحمەتیان کێشاوە، سپاس و ڕێزێکی تایبەتییمان هەبێ بۆ خەڵکی باشووری کوردستان و لایەنەکان کە لەو ڕۆژە ناخۆشانەدا تەنیایان نەهێشتووینەتەوە.

**لەسەر ئەساسی ئەوەی کە ئێمە پێمانوایە کێشەی ئێران لە ئاستی گشتی و بەبەشداریی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە چارسەر دەکرێ، هەوڵمان داوە لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوایەتیی خۆمان پێوەندییمان باش کەین و، هەر لەو بوارەدا هەوڵمان داوە لەگەڵ سازمان و حیزبەکان بە پێوەندی دروستکردن بە هەموو لایەک بڵێین کە ئێمە دەبێ بە یەکەوە لە بیری ئیدارەی داهاتووی ئێران بین. ڕامان گەیاندوە و جارێکی دیکەش ڕا دەگەیەنین ئەگەر قەرار بێ ئێران لە داهاتوودا ئیدارە بکرێ، دەبێ تەوافوقێک بکرێ لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان، هەموو لایەنە قەومییەکان و هەموو لایەنەکانی دیکە و چەندوچۆنیی ئیدارەی ئێران لەو بوارەدا سیاسەتی دروستی خۆمان هەیە**

لە کارنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە حیزبێکی جەماوەرییە و ٧٥ ساڵ لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانیدا لە بواری جۆراجۆردا بووە و قوربانییەکی زۆری داوە، نەقڵێکی خۆش هەیە لە کوردییدا دەڵێن: "بانی گەورە و بەفری زۆر" مادام حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی جەماوەری و پڕ نفووزە ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشانی کردوە لە بواری جۆراجۆری دیپلۆماسی، تەشکیلاتی، ڕێکخراوەیی، سیاسی، خەباتی جەماوەری، خەباتی پێشمەرگانە، خەباتی قانوونی و هەتا بگرە وتووێژ لەگەڵ حکوومەتە ناوەندییەکان لە مەیداندا بووە و بێتەفاوەت نەبووە، هیچ گومانی تێدا نییە بێکێشەش نەبووە. هەڵەش لە گۆڕێدا بووە، بەڵام پەڵەمان لەسەر نییە، هەڵە و کێشەش دێتە سەر ڕێی کەسێک کە کار دەکا، بۆ حیزبێکی گەورەی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانیش زۆر بە ئاسایی و سروشتیی دەزانین، بەڵام بە شانازییەوە دەڵێین حێزبێکین پەڵەمان لەسەر نییە. لە داهاتووشدا ئێمە حیزبێکی بێکێشە و بێهەڵە نابین، بەڵام ڕۆحمان ئاواڵە دەبێ بۆ وەرگرتنی تێبینی و ڕەخنە و پێشنیارەکان هەتا چارەسەریان بکەین.

بێگومان لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا لێکدابڕان بووە، ئینشعاب ڕووی داوە، جاری وا بووە کە ئێمە پێکەوە نەحاواوینەتەوە و ئەو لێکدابڕانانە خۆش نەبووە بۆ ئێمە، بەڵام با شتێکتان پێ بڵێم لە زۆربەی زۆریاندا ئەگەر لایەنەکان پێکەوە نەحاواونەوتەوە هەرگیز لەسەر بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی گومانیان نەبووە، جا ئەگەر وایە بنەماڵەی حیزبی دێموکرات وا پەروەردە کراوە ئەگەر لەگەڵ یەکیش کێشەی هەبێ بەڵام تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە خەبات و تێکۆشانەوە هەیە دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەرگز گومانی نەبووە. ئەوە خاڵێکی بەهێزە کە ئێمە لەسەر ئەساسی ئەوە و بە پێی زەروورەتێکی مێژوویی کە لە داهاتوودا بووە قەزییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێتە گۆڕێ، بە هەستی بەرپرسیارەتییەوە چاو لە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بکەین. لەم پێوەندییەدا تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و سیاسەتەکانی ئێمەوە بووە و تا ئێستا بە شاهیدیی مێژوو، بە شاهیدیی تەواوی ئەو بەڵگانە کە لە گۆڕێدا هەن، ئێمە کۆتاییمان نەکردوە و لەمەو بەداوش ئێمە هەوڵ دەدین ئەوەندەی لە توانامانداا بێ وەک حیزبێکی بەرپرسیار کە هەستی بەرپرسیارییەتیی هەیە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسە ئەرکی خۆمان بەجێ بێنین.

### هاونیشتمانانی تێکۆشەر!
### خەڵکی تێکۆشەر و هەمیشە لە مەیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

بۆ جارێکی دیکەش بە بۆنەی یادی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزباییتان پێ دەڵێم و، ئێمە لەم ڕۆژەدا پەیمان نوێ دەکەینەوە، لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەگەڵ دوکتور قاسملوو، لەگەڵ دوکتور سادق شەرەفکەندی، لەگەڵ هەموو شەهیدان و لەگەڵ هەمووی ئێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەسەر خەبات و تێکۆشانی خۆمان سوور بین و، تێ دەکۆشین ئەزموونی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هیممەت و پشتیوانیی ئێوە لە داهاتوودا بە کار بێنین و، تێ دەکۆشین بە پشتیوانیی ئێوە ئەو خەباتە بەربەرینتر بکەین و دڵنیام خەباتی ئێمە لەگەڵ ئێوە و لەگەڵ هەموو دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتمان چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە دەرەوە خەباتێک دەبێ و لە درێژەی خۆیدا لە سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە. لە کۆتاییدا ئێوە هەر ساغ و سلامەت بن و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر پایەدار بێ و، ئەگەر ئێمە لە پشتی یەک بین داهاتوو ئیی ئێمەیە، مێژووی خەبات و تێکۆشان نیشانی داوە داهاتوو ئیی ئێمەیە. هەموو لایەکمان بە یەکەوە هەر ساغ و سلامەت بن، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

# د. قاسملوو؛ هێندەی دەیناسم، دەنووسم

مەلا بەختیار


شەهید سید کریم ـ ملازم عمر ـ مەلا بەختیار ـ د.قاسملۆ ( وەفدی مفاوەزات ١٩٨٤ )

سوپاس بۆ لیژنەی یووبیلی ئەڵماسی کە بۆ ٧٥ـەمین ساڵڕۆژی حیزبی دێموکرات، لە منیان ڕابینی، بەشدارییەکی بچووک لەم یادەدا بکەم. هەوڵیش بدەم، ڕۆڵی د. قاسملوو، هێندەی دەیناسم، باس بکەم.

پێش هەموو باسێک ئومیدەوارم، ئەم ساڵڕۆژی پیاهەڵدانی ئەڵماسی نەبێ، لە باسکردنی حیزبی دێموکرات و ڕابەرە هەڵکەوتووەکانی لەو مێژوویەدا، هەڵوێستەی هەڵسەنگاندن بێ بە لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانەوە!

## خەسڵەتی گرنگ

گرنگترین خەسڵەتی دێموکرات، کە جیای دەکاتەوە لە زەمینەی دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە، هاوزا لەدایک بوونێتی، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمارە کۆرپەکەی کوردستان، کە بە کۆرپەیی، دۆشاودۆش لەبەر بەرژەوندیی زلهێزەکان و کۆنەپەرستیی ئەو سەردەمە، سەریان بڕی.

لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا، دەیان حیزب و گرووپ و ڕێکخراوی سیاسی دامەزراون. زۆربەیان تیا چوون، ئێستا مەگەر توێژەران لە گۆشەی توێژینەوەدا، ئاماژەیەکی پێ بکەن. بەڵام کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حوکمڕانییەکەی شێخ مەحموودی حەفید، لە باشووری کوردستان، لە ویژدانی هاوبەشی نەتەوەی کورددا، زیندوو ماونەتەوە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە حەسرەتی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، کەرامەتی نەتەوایەتیی کورد و کوردستانە. وەچە دوای وەچە ئەم حەسرەتە وەکوو هاوخەم و خەباتی نەتەوایەتی لە نێو نەوەکانماندا، بەشێکە لە کولتووری سیاسییمان .

حیزبی دێموکرات، لەو سۆنگەیەوە، ئۆرگانیک گرێدراوی کۆماری کوردستانە. کۆمار و دێموکراتیش، هەژموونییان لەسەر کێشەی نەتەوایەتیمان تا ئێستاش، بویسترێ و نەویسترێ، ماوە!

ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، هاوکات لەنێو چوونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنیستەکانی ئیسپانیا و یونان، لە ڕۆژهەڵاتی نیزیک و ئۆرووپادا، یەکەمین خیانەتی ئینتەرناسیۆنالیستی شۆڕەوی و ستالین بوو، دەرهەق بە مافە دێموکراسییەکان. بێگومان بڕیاری یەکەم و کۆتاییش هەر ستالینی دیکتاتۆر، داویەتی. جێی داخیشە ئەو خیانەتە، لەو سەروبەندەدا، نەک لە لایەن کۆمۆنیستەکانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی، ڕەخنەی لێ نەگیرا، بەڵکوو بە پاساوی سەرکەوتنی لەشکری سووری شۆڕەوی، بەسەر نازیزمدا، کۆمۆنیستەکان، بە سەرمەستیی سەرکەوتن، دۆخەکەیان هەڵسەنگاند و ستالینیشیان لەسەر بەرزترین لووتکەی سیاسەتی نێونەتەوەییدا، دانا.

هەمیشە سەرکەتن، لۆژیکی ڕەخنەی سیاسیی لاواز دەکات. چاوپۆشین لە هەڵە و خیانەتیش، دەبێتە بەشێکی سیاسەتی ئەو لایەنانەی لە ئایدیۆلۆژیەتدا دۆگمن.

## پاشکۆیەتی!

ئەوەی مایەی سەرنجی بەندەیە، تەنانەت حیزبە دێموکراتەکانی ڕۆژهەڵات و باشووریش، هەر وەکوو کۆماریان نەڕووخێندرابێ... دوای ئەو خیانەتە گەورەیە لە کورد و کۆماری کوردستان، بە شانوباڵی شۆڕەوی و ستالیندا، هەڵیان دەدا. بەڵکوو دێموکرات زیاتر لە سێ دەیە، لە لایەن هەندێک سەرکردەی دێموکراتەوە، کە لە تێکۆشاندا درێغییان نەبوو، بەڵام لە تێگەیشتنی سیاسی و ئایدیۆلۆژییدا، بەبێ بەرامبەر، دێموکراتیان کردبووە پاشکۆی حیزبی توودە کە ڕاستڕەوترین حیزبی کۆمۆنیستی ناوچەکە بوو!

حیزبی توودە کە لە بزووتنەوەی موسەدیقەوە (١٩٥٣-١٩٤٩) ماهییەتی ڕاستڕەوێتیی دەرکەوت و ماڵی خەباتی دێموکراسی و نیشتیمانی ئێرانی وێران کرد؛ هەم دژی بزووتنەوەی موسەدیق و هەم دژی کۆمارەکانی کوردستان و ئازەربایجان بوو. حیزبێک تا ئێستەش ئامادە نەبوو مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەی کورد بسەلمێنێ، کەچی بەشێکی بەرچاوی سەرکردایەتیی دێموکرات، حیزبی دێموکراتیان کردبووە پاشکۆی خۆبەخشی توودە! تەنانەت، هەتا دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، گرووهی (٧) نەفەری، لەو پاشکۆیەتییە دەستیان بەر نەدەبوو. لێرەدا...

> **سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ئێرانی وا دەخوێنمەوە سازشێکی نێودەوڵەتی-ئیقلیمی بەڕێوەیە، بۆ ڕێکەوتنێکی ستراتیژیی نوێچەشن. جەخت دەکەمەوە ئەگەر بەڵێ -ئەگەر- پڕۆژەیەکی وا بێتە پێشەوە (وەکوو ئێستای سووریە-ڕۆژئاوای کوردستان) هەق وایە هێزە سیاسییە کوردستانییەکان دەستخەڕۆی دروشمی دوورکوژە نەبن بە پڕۆژەیەکی ڕیالیستیی خۆیان بۆ ئەگەرێکی ئاوها ئامادە بکەن بەرپرسیارێتییەکە پێکەوە بخەنە ئەستۆ!**
> **من دڵنیام د. قاسملوو بمابا هەموو توانای خۆی بۆ پڕۆژەیەکی ئاوهای هاوبەش، بۆ چارەسەری ئاشتییانە دەخستە گەڕ.**

## ڕۆڵی کاریزما

ئیتر ڕۆڵی سەرکردەی هەڵکەوتوو، دەر دەکەوێ و ڕابەری بەتوانا و ڕابەری بێتوانا، لەو بوارە سیاسییانەی قۆناغ کە دەپەڕنەوە، لێک جودا دەبنەوە!

د. قاسملوو، یەکێک لە بڕیارە مێژووییەکانی ئەوە بوو، بێدوودڵی بەبێ ئەوەی گوێ بداتە تەواوی پڕوپاگەندەکانی پێشتر بۆ توودە و سەرووی توودەش، لێبڕاوانە ڕەگی گولیی ئایدیۆلۆژییەتی پاشکۆیەتی بۆ توودەی ناتوودە، هەڵکێشا و هەڵکشا بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دێموکرات؛ لە سەردەمێکیشدا هێشتا هەژمونگەری پرۆ شۆڕەوییەکان لە تەواوی جیهاندا لە جەنگی ساردیشدا بەهێز بوو؛ بە ڕای من قۆناغی وەرچەرخانی سیاسی - ئایدیۆلۆژیی حیزبی دێموکرات، لەو کاتەوە دەست پێدەکا کە د. قاسملوو، دێموکراتی ڕاچڵەکاند و لەسەر پایەکانی سەربەخۆیی، دایمەزراندەوە.

## شەوارەی تیۆری

زۆرجار، ئەوانەی بەر شەوارەی تیۆری کەوتوون، لەو ڕاستییە تێناگەن کە کاریزما، چ کاریگەرییەکی چارەنووسسازی لە نێو ڕووداوەکاندا هەیە. هەمیشەش کاریزما، ڕابەرێکە نەک ڕابەرایەتیی بەکۆمەڵ.

هەڵبەتە لە دوائاکامدا ڕابەری کاریزما دەبێ لە ڕێگەی ڕابەرایەتییەوە بێ؛ ڕابەرێتیی کارامەی خۆی بسەلمێنێ و بەرنامەکانی سەر بخات. ئەگەر وا نەکات بە چەمکە زانستییەکەی نابێتە کاریزما، بەڵکوو دەبێتە ملهۆڕ!

لەدوای شەهید پێشەواوە، دێموکرات لە سەردەمی د. قاسملوو کرایەوە ئەو حیزبە دێموکراتەی لە نێوهاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و کوردستاندا، بەڵکوو لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی سۆسیال-دێموکراتیشدا، فرەڕەهەند کاریگەر بێ. پێشتر لەنێو بازنەیەکی داخراودا، دێموکرات گیری حیزبایەتی لە دۆخی نالەباری پەنجاکان هەتا حەفتاکان خواردبوو بەڵام بەو حاڵەش، لەو دۆخەدا، لە نێوان بەرداشی فشاری (ئێران- شۆڕشی ئەیلول-حکوومەتە دژەدێموکراسییەکانی عێراق)دا لە کاتێکدا ئاسان نەبوو کومیتەی ناوەندیی حیزبەکە و سکرتێرەکەی دانیشتنێکی ئاسایی بێئاستەنگ بکەن، پاراستنی دێموکرات خۆی لە خۆیدا بایەخ و بەهای مێژوویی هەیە. مایەی ئەو بەها و نرخە بوو، دێموکرات ئامادە بوو لە دۆخی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا وەکوو یەکێک لە حیزبە سیاسییە ڕەسەن و ئازادیخوازەکان، دابەزییە مەیدان.

## لە ژێرزەمینەوە بۆ سەرزەمین

ڕاپەڕینی گەلانی ئێران (١٩٧٩_١٩٧٨) دوو ڕووداوی گەورەی مێژوویی خولقاند:

یەکەمیان: ڕووخانی ڕێژیم و سیستمی سەڵتەنەتی بوو. دووەمیشیان: سەرکەوتنی تەوژمی ئیسلامی-شیعەگەرایە.

یەکەمیان، نەک پێشبینیکراو بوو بەڵکوو ئامانجی سەرەکیی لایەنە سیاسییەکانیش بوو، هاتیشە دی.

دووەمیشیان، نەک پێشبینیکراو نەبوو، بەڵکوو پێچەوانەی ئامانجی تەواوی چەپ و دێموکراتەکانی ئێران وکوردستانیش بوو؛ ئەمیش هاتە دی.

ئەمەیە، دۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڵکوو تەواوی کیشوەری ئاسیاش زۆر جار ئامانجە چاوەڕواننەکراوەکان هاتوونەتە دی، بە پێچەوانەوە ئامانجە خەبات لە پێناوداکراوەکان نەهاتوونەتە دی!

ئەگەر مێژووی خەبات و ئەرشیڤی ئەدەبیاتی سیاسیی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی ئێران لە دوای بزووتنەوەی مەشرووتەوە، بۆ بزووتنەوەی موسەدیق، هەتا سەرەتاکانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، لێک بدرێنەوە، دەر دەکەوێ کە تەواوی حیزبە چەپ-دێموکرات، نیشتمانپەروەر-ناسیۆنالیست و پانئێرانییش لە هاتنە سەر کاری ئەلتەرناتیڤی شادا بە هەڵەدا چووبوون نە دێموکراتەکانی ئێران نە لیبڕالەکان، نە ناسیۆنالیست و چەپەکان، هیچیان نەهاتنە سەر کار تەنانەت لە هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمان. سەرۆکایەتیی ئێران و پەسەندکردنی دەستووری ویلایەتی فەقیهییشدا، کاریگەریی ئەوتۆیان نەبوو.

## تێزە سیاسییەکانی قاسملوو

لەم دەورانەدا، کە ئەدەبیاتی دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دەخوێنمەوە، لەناو جەنجاڵی ئەو دۆخەدا، لە گەرمەی خرۆشانی هەست و هەڵوێستی خەفەکراوەکاندا، تێزە سیاسییەکانی د. قاسملوو، بە ڕیالیستی دەبێنم. تەرحەکانی بۆ چارەسەری سیاسی، لۆژیکی و ئەقڵانی بوون، بەڵام بە داخەوە بزووتنەوەی بەرینی خۆڕسکی خەڵک و ئامانجی سەرووی تواناکان ئەوکاتە بەسەر شەقامی سیاسییدا زاڵ بووە.

> **د. قاسملوو، یەکێک لە بڕیارە مێژووییەکانی ئەوە بوو، بێدوودڵی بەبێ ئەوەی گوێ بداتە تەواوی پڕوپاگەندەکانی پێشتر بۆ توودە و سەرووی توودەش، لێبڕاوانە ڕەگی گولیی ئایدیۆلۆژییەتی پاشکۆیەتی بۆ توودەی ناتوودە، هەڵکێشا و هەڵکشا بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دێموکرات؛ لە سەردەمێکیشدا کە هێشتا هەژمونگەری پرۆ شۆڕەوییەکان لە تەواوی جیهاندا لە جەنگی ساردیشدا بەهێز بوو؛ بە ڕای من قۆناغی وەرچەرخانی سیاسی - ئایدیۆلۆژیی حیزبی دێموکرات، لەو کاتەوە دەست پێدەکا کە د. قاسملوو، دێموکراتی ڕاچڵەکاند و لەسەر پایەکانی سەربەخۆیی، دایمەزراندەوە.**

کە دەخوێنمەوە د. قاسملوو نامە بۆ ئیمام خومەینی بە ناوی "حەزرەتی ئیمام" دەنووسێ، ئەمە لای من ئازایەتیی ئەقڵانییەتی سیاسیی د. قاسملوو بووە، کە لە نێو ورووژان و خرۆشانی خەڵکدا لە بەردەم لافاوی دروشمبازییدا بوێرانە نامەیەکی ئاوەها دەنووسێ و داکۆکی لە مافی خودموختاریی ڕیالیستی دەکا، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لە ڕەگەزە هەستیارەکانی دۆخەکە و قۆناغەکە و ئەرکە سیاسییەکە، تێگەیشتبوو بۆیە:

- پێموایە دوو ساڵی دوای ڕووخاندنی شا، هێشتا لە هەموو بارێکەوە لێک نەدراوەتەوە.
- جارێ قووڵتر نەزانراوە ئایا سیاسەتی کوردایەتیی چەکدارانە ڕاست بوو یان نا؟
- ئایا شەڕی سەنگەربەندیی نێو شاری سنە ڕاست بوو؟ یان ڕێپێوانی هێمنانەی خەڵکی سنە بۆ مەریوان؟
- ئاخۆ ساڵەهای دیکە بە بەرەوە نەمابوو دۆخی دانوستان و خەباتی مەدەنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام بێ؟
- لە دوای ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد [کوردستان]ەوە (٣٢) ساڵی ڕەبەق دێموکرات پشووی درێژ بوو و خەباتی چەکداریی نەکرد (جگە لە بزووتنەوەی کومیتەی شۆڕشگێڕیی دێموکرات) ئەی بۆ لە دوای ڕووخاندنی شادا تەنها دوو ساڵ خۆی گرت و خەباتی چەکداریی دەست پێکرد؟

## ڕوانگەی دوور لە گۆشەگیری

ئەو پرسیارگەلە دەبێ دوور لە ڕوانگەی گۆشەگیریی حیزبایەتییەوە وڵام بدرێنەوە.

ئێستا، کە (٧٥) ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبی دێموکراتدا تێدەپەڕێ، دەرکەوتوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، نە بە خەباتی چەکداریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناچار کراوە داخوازییە دێموکراسییەکانی گەلانی ئێران جێبەجێ بکا، نە جەنگی ٨ ساڵەی عێراقیش دژی ئێران، حکوومەتی شیعەی ئێرانی ڕووخاند. ئەوەتانێ ساڵەهایە گەمارۆ سەپێنراوەکانیش دژی ئێران، ئێرانی وەکوو دۆخی گەمارۆدانی عێراقی سەردەمی سەددامیش لێ نەکردوە. وای دەبینم ئێران کەوتۆتە بەردەم دوو ڕێیانێک :

- یان گۆڕینی حکوومەتی ئێستای ئێرانە.
- یاخود چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد و گەلانی دیکەشە.

ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ئێرانی وا دەخوێنمەوە سازشێکی نێودەوڵەتی-ئیقلیمی بەڕێوەیە، بۆ ڕێکەوتنێکی ستراتیژیی نوێچەشن. جەخت دەکەمەوە ئەگەر بەڵێ -ئەگەر- پڕۆژەیەکی وا بێتە پێشەوە (وەکوو ئێستای سووریە-ڕۆژئاوای کوردستان) هەق وایە هێزە سیاسییە کوردستانییەکان دەستخەڕۆی دروشمی دوورکوژە نەبن بە پڕۆژەیەکی ڕیالیستیی خۆیان بۆ ئەگەرێکی ئاوها ئامادە بکەن بەرپرسیارێتییەکە پێکەوە بخەنە ئەستۆ!

من دڵنیام د. قاسملوو بمابا هەموو توانای خۆی بۆ پڕۆژەیەکی ئاوهای هاوبەش، بۆ چارەسەری ئاشتییانە دەخستە گەڕ.

پیرۆزتان بێت ساڵڕۆژە ئەڵماسییەکەتان بە هیوام لەم ساڵڕۆژەدا هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنە، بۆ خەبات و فۆرمیلاکردنی سیاسەتی حیزبی دێموکرات، لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی ٧٥ ساڵەتان بە ڕەخنە لەخۆ گرتنیشەوە، بکەنە خەڵات و بەراتی یادەکە.

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (دەوڵەتی ڕانتی و ئابووریی بەتاڵانچوو)



دیلان هەردی

لە نێوان ئۆتۆریتاریزم و سەرچاوە سروشتییەکانی هەر وڵاتێکدا، پەیوەندییەکی بەهێز هەیە کە پێی دەگوترێ "بەڵای سەرچاوە سروشتییەکان"، مۆدێلێک لە گەشەی ئابووری لەسەر بنەمای دەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان، کە کاریگەریی کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، دارایی و دامەزراوەیی نەرێنی هەیە. ئەو دەوڵەتانەی کە ئابوورییەکەیان لەسەر ئەو مۆدێلە دامەزراوە، پێیان دەگوترێ "دەوڵەتی ڕانتی". "دەوڵەتی ڕانتی"، دەوڵەتێکە کە بەشێکی گرینگ لە بودجەی وڵاتەکەی، لە سەرچاوەی دەرەکی وەکوو سەرچاوە سروشتییەکان دابین دەکا. ئەو سەرچاوە سروشتییانەی داهات، وا لە حکوومەت دەکەن کە دۆخی ئێستای بپارێزی، چونکە پێویستیی بە گەشە کردنی بیرۆکراسییەکی دارایی نییە. لە کاتی بەرزبوونەوەی سامانە سروشتییەکانی وەکوو نەوت و گاز، دەوڵەتی ڕانتی هەوڵ دەدا بە کڕینی ڕەوایی، ئۆتۆریتاریزم جێگیر بکا. بودجەی ئەو جۆرە دەوڵەتە جێگیر نییە و پەیوەستە بە بەرزی و نزمیی نرخی سەرچاوە سروشتییەکانەوە. هەروەها، دەوڵەتی ڕانتی گیرۆدەی نەخۆشییەکی ئابوورییە بە ناوی "نەخۆشیی هۆڵەندی" یان "سەندرۆمی هۆڵەندی"، وەکوو دیاردەیەک کە لەودا، ئاستی دەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان و دابەزین و گەشەنەکردنی پیشەسازی پەیوەندییان پێکەوە هەیە. چەمکەکە بۆ ئەو وڵاتانە بە کار دێ کە پشت بە داهاتی سەرچاوە سروشتییەکان بە تایبەت نەوت و گاز دەبەستن. لەو دیاردەیەدا، داهاتی سەرچاوە سروشتییەکان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی پارەی وڵات. ئەوەش ڕێگە لە ڕکەبەریی نێوان سێکتەرەکانی دیکە بە تایبەت پیشەسازی دەگرێ، چونکە کاتێک دەوڵەت تەنیا گرینگی بە سێکتەری وەکوو نەوت و گاز دەدا و داهاتێکی زۆر و کەمخەرجی دەست دەکەوێ، گرینگی بە سێکتەرەکانی دیکە نادا. هەر بۆیەش سێکتەرەکانی دیکە بە تایبەت پیشەسازی، کشتوکاڵ، زانست و بەرهەمهێنان پەراوێز دەخرێن و لە ئەنجامدا پەکیان دەکەوێ و دەبەسترێنەوە بە سێکتەری نەوت و گاز، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی پاسیڤبوونی کۆمەڵگە بە تایبەت لە بواری زانستییەوە. هەروەها، قازانجی سەرچاوە سروشتییەکان دەوڵەت هان دەدا کە هەرچی زیاتر بە دوای ئەو داهاتەوە بێ تا داهاتی دیکە. بە پێچەوانەوە، لەو وڵاتانەی کە پشت بە سەرچاوە سروشتییەکان نابەستن، هەر سێکتەرێک بەشێک لە داهاتی وڵات دابین دەکا و بەتەواوی سەربەخۆش نییە و گەشەکردنی هەر سێکتەرێک پەیوەستە بە سێکتەرەکانی دیکەوە. ئەوەش وا دەکا وڵات لە هەموو بوارەکاندا گەشە بکا. بۆ نموونە بواری بەرهەمهێنان پێویستی بە بواری وەکوو کشتوکاڵە، کشتوکاڵیش پێویستی بە بواری پیشەسازییە، پیشەسازیش پێویستی بە بواری زانستییە و لە ئەنجامدا هەمووشیان پێویستییان بە هێزی مرۆیی هەیە. ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی چالاک.

جگە لە کێشەی ئابووری، حکوومەتێک کە پشت بە سەرچاوە سروشتییەکان دەبەستێ، پێویستیی بە پارەی خەڵک نامێنێ و سەربەخۆ دەبێ و داهاتەکەی خەرجی کڕینی ڕەوایی و ئاسایشی نێوخۆیی دەکا. لە ڕێگەی ئەو داهاتە زۆرەوە، حکوومەت لە لایەکەوە، هاووڵاتییان بە پارە گوێڕایەڵی خۆی دەکا و پێویستیی بە پارەی خەڵک نییە، لە لایەکیتریش، هەر بەو پارەیە نارازییان سەرکوت دەکا. بە پێچەوانەوە، لە وڵاتێک کە حکوومەت لە جیاتی سەرچاوە سروشتییەکان، پشت بەماڵیات و پارەی هاوڵاتییان دەبەستێ، دەبێ گوێڕایەڵی هاوڵاتییان بێ و خواستی هاوڵاتییان جێبەجێ بکا و لە کاروباری حکومەتدا بەشدارییان پێ بکا.

دەوڵەتی ڕانتی سەربەخۆییەکی بەهێزی دارایی هەیە و هەوڵ دەدا هاوڵاتییانی لە سیاسەت دوور بخاتەوە و سەربەخۆیی سیاسیی مسۆگەر بکا. حیزب و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە وەکوو پێداویستییە سەرەکییەکانی دیمۆکراسین، خۆیان لە بەرامبەر چەشنێک لە مشتەریگەریدا دەبیننەوە کە ڕێگرە لە ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و سەربەخۆبوونیان. داهاتی سەرچاوە سروشتییەکان فاکتەرێکی سەرەکیی بەردەوامی ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکانە. لە دەوڵەتی ڕانتیدا، کۆبوونەوەی داهات و پارە و سامانی وڵات لە دەستی چەند کەسێکدایە و خەرجکردنەوەی بە مەبەستی سیاسی و کەسی، چەشنێک لە مشتەریگەری دێنێتە کایەوە. دەوڵەتێک کە سامان و خزمەتگوزارییەکانی بەبێ بەرامبەر پێشکەش بە هاوڵاتییانی دەکا، پێویستی بە ڕەواییەکی دیموکراتیک نییە. خواستی خەڵک بۆ دیمۆکراسی لەو وڵاتانە زۆر لاوازە. تەنانەت گرووپ و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش خەبات بۆ ئەوە ناکەن کە نۆرمە دیمۆکراتیکەکان جێگیر بکەن و ببنە هۆی بەشداریی زیاتری خەڵک لە سیاسەتدا، بەڵکوو ئەوانیش بە دوای بەشی خۆیان لە داهات و سامانی وڵاتدان. کێشەی دارایی و ئابووری لەو جۆرە وڵاتانەدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی خواست بۆ دیمۆکراسی، لەبەر ئەوەی بەرنامە و پلانی بەخشینی سامان و پارەی وڵات بە هاوڵاتییان کێشەی تێدەکەوێ و ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نارەزایەتییە گشتییەکان.

### لیستی بانکەکانی ئێران و بەستراوەییان

| بانک | ژمارە کۆمەڵگە | ئەژماری لق | بەستراوەیی |
|---|---|---|---|
| ملی | ٣٣٢٥ | ٢٦ | حکومەت |
| سپە | ١٧٥٤ | ٤ | حکومەت |
| پست بانک | ٤٠٦ | ١ | حکومەت |
| کشاورزی | ١٩٢٨ | ٧ | حکومەت |
| توسعە صادرات | ٤٠ | ٥ | حکومەت |
| توسعە و معدن | ٦٢ | ٨ | حکومەت |
| توسعە و تعاون | ٤٦٦ | ٤ | حکومەت |
| مسکن | ١٢٨١ | ٢٦ | حکومەت |
| رفاە کارگران | ١٠٣٥ | ٣ | حکومەت |
| اقتصاد نوین | ٢٦٢ | ١٢ | ........ |
| پارسیان | ٣٤٨ | ١٧ | کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەت و دامەزراوەیەکی سەربە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی |
| کارآفرین | ١٠٦ | ٧ | دامەزراوەیەکی سەر بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی |
| سامان | ١٤٢ | ٩ | |
| پاسارگاد | ٣٢٧ | ٦٨ | بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای پاسداران |
| سرمایە | ١٥٣ | ٤ | ............ |
| سینا | ٢٤٢ | ٣ | دامەزراوی هەژاران سەر بە کۆماری کوردستان |
| شهر | ٢٦١ | ١٤ | شارەوانی تاران |
| روز | ٩١ | ١٣ | دامەزراوی شەهید |
| خاورمیانە | ١٣ | ٥ | ............ |
| انصار | ٦٢٦ | ٩ | سوپای پاسداران |
| صادرات | ٢٧٠٦ | ١٠ | بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای پاسداران |
| ملت | ١٥٩٢ | ١٦ | بە هاوبەشی لەگەڵ دامەزراوەیەکی سەر بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی |
| گردشگری | ٨٧ | ٤ | باڵی سەر بە ئەحمەدینژاد |
| قوامین | ٧٢١ | ٦ | هێزی ئاسایش |
| تجارت | ٢٠٩٦ | ٢١ | سوپای پاسداران بە هاوبەشی لەگەڵ زیارەتگای ئیمام ڕەزا، کە هەردوویان سەر بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامین |
| ایران زمین | ٣٥٦ | ٥ | |
| آیندە | ١٦٥ | ....... | |
| Iran-Venezuela Bi National bank | ...... | ....... | ........ ....... ....... ........ |
| حکمت | ١٢٨ | ٢ | ئەرتەش |
| مهر اقتصاد | ٨٠٠ | ....... | بەسیج |
| رسالت | ٢٨٢ | ....... | بە هاوبەشی نێوان کۆمپانیای فرۆکەوانی ماهان و سوپای پاسداران |

ئابوورییەک لە بەرژەوەندیی چەند لایەنێک ئێران وڵاتێکی نەوتییە کە دووهەم پاشکەوت گاز و چوارەم پاشکەوتی نەوتی جیهانی هەیە. ئابووریی ئێران بەتوندی پشتی بە داهاتی نەوت و گاز بەستوە. لە لایەک، نرخی ناجێگیری نەوت لە بازاڕە جیهانییەکان و لە لایەکی دیکەشەوە، گەمارۆ ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ئەمریکا لە دوای ساڵی ١٣٥٧ـەوە، سێکتەرەکانی ئابووریی ئێرانی ناجێگیر کردوە. بۆ دەورلێدانەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان، ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیا کە لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە پشتیوانیی دارایییان لێدەکرا، بە ناوی جۆراوجۆرەوە هاتنە نێو بازاڕە جیهانییەکان، بە تایبەت لە بواری نەوت و تێکنۆلۆژیاوە. بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو کۆمپانیایانە، زۆر جار بەبێ تۆمارکردنیان لەنێو ئێران یان بە ناوی هەندێک بازرگانی نەهێنی و نادیارەوە، بووە هۆی بەرز بوونەوەی گەندەڵی لەنێو دەسەڵات و دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا، بە چەشنێک کە، نە تەنیا سنوورەکانی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بە ئاسانی دیار نییە، بەڵکوو هەندێک لایەنی ئابووری نادیار هەن کە نە لە کەرتی گشتیدان نە لە کەرتی تایبەتدا. ئەو لایەنانە سەر بە هەندێک دەستە و کەسایەتی سیاسیی نێو دەسەڵاتن و نەتەنیا بە سەر ئابووری وڵاتدا زاڵن، بەڵکوو بە خەرجکردنەوەی ئەو سامانە گشتییانەی وڵات، بە سەر مەیدانی سیاسیشدا زاڵن، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو ناوەند و دامەزراوانەی سەر بە وەلی فەقیهن.

دەستەواژەی "سەربەخۆیی ئابووری" لە نێو زۆربەی گوتارەکانی خومەینی و کاربەدەستە باڵاکانی ئێراندا هەیە. مادەی ٤٣، بڕگەی ٢٨ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێ ڕێگە لە زاڵبوونی ئابووریی دەرەکی بە سەر ئابووری ئێراندا بگیرێ. لە ئێران، جگە لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، کەرتێکی دیکەش بوونی هەیە بە ناوی کەرتی سنفی.

مادەی ٤٤ی قانوونی بنەڕەتی: "سیستەمی ئابووریی کۆماری ئیسلامی لە سێ کەرتی گشتی، سنفی و تایبەت بە پلانێکی ورد و دروست پێک هاتووە.

_کەرتی گشتی پێک هاتوە لە پیشەسازیی گشتی، پیشەسازی دایک، بازرگانی دەرەکی، کانگا گەورەکان، بانکداری، بیمە، دابینکردنی وزە، بەنداو و تۆڕە گەورەکانی گەیاندنی ئاو، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، پۆست و تێلێگراف و تەلەفوون، فڕۆکە، کەشتیوانی، ڕێگاوبان، ڕێگای ئاسن و شتی دیکەی لەو بابەتەیە کە بە شێوەی خاوەندرێتی گشتی لە دەستی دەوڵەتدایە.

_کەرتی سینفی پێک هاتوە لە دامەزراوە سنفییەکانی بەرهەم و دابەشکردن کە لە شار و گوندەکان بەپێی ڕێسا ئیسلامییەکان پێک دێ.

_کەرتی تایبەت پێک هاتوە لەو بەشە لە کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، پیشەسازی، بازرگانی و خزمەتگوزاری کە تەواوکەری چالاکییەکانی ئابووریی دەوڵەتی و سنفییە. [...]".

ئامارێکی ڕاست و دروست لەسەر سیستەمی ئابووری ئێران لەبەر دەستدا نییە، بەڵام بە ڕای شارەزایانی ئابووری، زیاتر لە ٨٠ لەسەدی ئابووریی ئێران سەر بە کەرتی گشتییە، تەنانەت لەنێو کەرتی تایبەتیشدا جێ پێی کەرتی گشتی دیارە. بازنەی کەرتی گشتی ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبێتەوە و بازنەی کەرتی تایبەت ڕۆژ بە ڕۆژ بچووکتر دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی سەرچاوە مرۆییەکانی کەرتی تایبەت بەهۆی ئەو مووچە کەمەی کە دەستیان دەکەوێ ناچارن ڕوو لە کەرتی گشتی بکەن. بەڕای شارەزایانی ئابووری، هەر کەسێک کە بتوانێ بچێتە نێو کەرتی گشتییەوە و، پلەکانی گەیشتن بە سەرەوە تێپەڕ دەکا و هەندێک پوان و مافی تایبەت وەدەست دێنێ کە ڕێگای گەیشتن بە پۆستە حکوومییەکانی بۆ ئاسان دەکا. مووچەی کەرتی تایبەت کەمە و کارەکانی جێگیر نین، چونکە بە گشتی، کەرتی تایبەت لە ئێران زۆر لاوازە. پشتبەستنی ئابووریی ئێران بە نەوت و داهاتەوەکەی وای کردوە کە کەرتی تایبەت پەراوێز بخرێ. حکوومەتی ئێران پێویستی بەو داهاتە نییە کە لە چالاکییە ئابوورییەکانی کەرتی تایبەت دەستی دەکەوێ.

هەر لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ـەوە بە تایبەت دوای شەڕی نێوان ئێران و عێراق، ناوەندە ئایینی و نیزامییەکان بە دروستکردنی ژمارەیەک بانکی ناحکوومی، هاتنە نێو سیستەمی بانکیی وڵاتەوە. هەندێک لەو بانکە ناحکوومییانە بە مەبەستی دەورلێدانەوە و ڕاکردن لە گەمارۆکانی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئوروپا، لە لایەن حکوومەتەوە دروست کران. بانکەکانی دیکەش، یان لە لایەن دامەزراوە و ناوەندە ئایینییەکانەوە دروست کران، یان لە لایەن ئۆرگانە نیزامییەکانی وەک سوپای پاسداران، کە هەردووکیان لەژێر کۆنترۆڵی وەلی فەقیهن، ئەوەش بە دوو هۆکار: یەکەم، بۆ نوێکردنەوە و بە سیستەمکردنی ئەو داهاتەی کە لە خێروخێرات و مزگەوتەکان و شوێنە ئایینییەکانی دیکەی وەکوو ئیمامزادە و پەرستگاکان کۆ دەکرێتەوە و هەروەها بە مەبەستی سیاسی و بۆ کڕینی ڕەوایی بۆ کۆماری ئیسلامی و ناردنە دەرەوەی شۆڕش، لە لایەن دامەزراوە و ناوەندەکانی سەر بە وەلی فەقیهەوە لە نێوەوە و دەرەوەی ئێران خەرج دەکرێتەوە. دووهەم هۆکاری دروستکردنی ئەو بانکانە، بۆ خۆدزینەوە و خۆشاردنەوە لە هەر جۆرە کۆنترۆڵێکی نێوخۆیی و دەرەکی هاتوچۆی پارەیە، بۆ ئەوەی ئاسانتر لە بواری ماڵییەوە پشتیوانیی لایەنە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بکرێ، بە تایبەت گرووپە توندڕەوەکانی دەرەوەی ئێران (بە گوتەی چاودێرانی سیاسیو ئابووری، ساڵانە بڕی ٨ میلیارد دۆلار لە لایەن ئێرانەوە بۆ پاڵپشتیکردنی لایەنە دەرەکییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی دەنێردرێتە دەرەوە). بە گوتەی مستەفا پوورمحەممەدی وەزیری پێشووی دادی ئێران، "٥٠ میلیۆن ژمارەی بانکی بێ ناونیشان لە ئێران هەیە [...]". ئەو ژمارەیە دەتوانێ سیستەمی بانکی ئێران تێک بدا.

سنوورەکانی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە ئێران ڕوون نین، لەبەر ئەوەی هەندێک دیاردەی تایبەت لە سیستەمی ئابووری ئێراندا بوونیان هەیە. یەکێک لەو دیاردانە بەناوی "خصولتی"(واتە نیوە گشتیو نیوە تایبەت)، بریتییە لەو کۆمپانیا دوو ڕەهەندییانە کە کاتێک سوودمەند بوون، خۆیان بە کەرتی تایبەت دەزانن و کاتێکیش زەرەرمەند بوون، خۆیان دەخزێننە نێو کەرتی گشتی. لەو ساڵانەی دواییدا، کۆمپانیا "خصولتی"یەکان تەنیا ئەوانە نین کە سەر بە دامەزراوە دەوڵەتییەکانن، بەڵکوو کۆمەڵێکی دیکەش هەن کە حکوومەت چاودێریی بە سەریانەوە نییە وەکوو "بنیاتی موستەزعەفان"، "زیارەتگای ئیمام ڕەزا"، "ناوەندی جێبەجێکردنی فەرمانی ئیمام" و هەندێک دامەزراوەی سەر بە سوپای پاسداران.

دیاردەیەکی دیکەی سیستەمی ئابووریی ئێران، هەبوونی ژمارەیەکی زۆر دامەزراوەیە بە ناوی شبە دولتی ("شێوە دەوڵەتی") کە نە سەر بە کەرتی گشتین نە سەر بە کەرتی تایبەت و، حکوومەت هیچ جۆرە کۆنترۆڵێکی بە سەریانەوە نییە. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کۆمپانیایانە لەگەڵ ئەوەشدا کە داهاتێکی زۆریان هەیە، بەئاسانی خۆیان لەماڵیاتدان بە حکوومەت بدزنەوە. عەلی تەیب نیا، وەزیری ئابووریی پێشووی ئێران لە وتووێژێکدا ڕەخنە لە زیادبوونی دامەزراوە "شێوە دەوڵەت"یەکان دەگرێ و ڕایدەگەیەنێ کە ئەگەر تاکوو دوێنێ دوو کەرتی گشتی و تایبەت لە ئێران هەبوون، ئێستا جگە لەو دوو کەرتە، کەرتی "شێوە دەوڵەتی"یش هەیە کە لە ژێر چاودێریی دەوڵەتدا نییە.

کوردستان
ژمارە ٧٨٠
٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٩ _ ٢١ی ئاگوستی ٢٠٢٠

# کۆستێکی گەورە

## (بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی کۆچی دوایی نەمر جەلیل گادانی)

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی دێموکرات پەروەری کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنێ لەکاتێکدا تێکۆشەرانی دێموکرات خۆیان بۆ گرتنی یووبیلی ئەڵماس جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەیان ئامادە دەکرد ئەمرۆ بەیانی تێکۆشەری ناوداری کورد و ئەندامی بەوەجی حیزبی دێموکرات کاک جەلیلی گادانی دوای نیزیک بە دوو حەوتوو ململانە دەگەڵ فایرووسی کۆڕۆنا گیانی لەدەست دا.

لەدەستدانی کاک جەلیل نەک هەر بۆ حیزبی دێموکرات، بەڵکوو بۆ هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد خەسارەتێکی گەورەیە. ئەو لە یەکەمین تێکۆشەرانی حیزبەکەیەتی و تەمەنی تەنیا ١٣ ساڵ بوو کە لە دەورانە زێڕینەکەی کۆماری کوردستاندا تێکەڵ بە کاروانی پرسەروەریی حیزبی دێموکرات بوو و تا دواهەناسەی ژیانیشی غەمی گەورەی پێشکەوتنی حیزبەکەی و سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی بوو.

لە خەباتی دوورودرێژ و پڕهەوراز و نشێوی خۆی و حیزبەکەیدا جەلیلی گادانی هەموو شێوەکانی خەباتی گرتە پێش و هەموو نەهامەتییەکانی لەخۆی گرت. ئەو بێجگە لە دەورانێکی کورتی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، تەواوی تەمەنی خۆی لە خەباتی نهێنی و کار لە نێو جووتیاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، زیندان و دوورخرانەوە و دەربەدەری و چەرمەسەریدا بەسەر برد. چوار جار گیرا و بە هەموویەوە نیزیک بە پازدە ساڵ تەمەنی لە زیندانەکانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەسەر برد و بە دەیان جار لە ڕۆژانی خەباتی چەکدارانەدا شاهیدی بۆمباران و تۆپباران و هێرشی نیزامیی هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو و زۆرجار لە سنووری مەرگ گەڕایەوە.

کاک جەلیلی نەمر لە حیزبەکەشیدا هەموو قۆناغەکانی بڕین. لە ئەندامەتیی شانەیەکی نهێنییەوە تا بەرپرسایەتیی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکان لە هەموو مەیدانەکاندا بەلێوەشاوەیی کاری کرد و نموونەی مرۆڤێکی شێلگیر و پشوودرێژ و ماندوویینەناس بوو. بە دەیان ساڵ بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا دەوری ٧ ساڵ سکرتێری ئەو بەشە لە حیزبەکەی بوو.

کاک جەلیلی گادانی لە بواری کۆمەڵایەتیدا خاوەنی گەورەترین پلە و بەریندترین پێوەندیی کۆمەڵایەتی بوو. ئەو دەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵ: جووتیاران،کرێکاران، کارمەندان، بازاڕیان نووسەران و شاعیران و سیاسەتمەداران و... لە پێوەندیدا بوو و لەلای هەموانیش ڕێز و جێگەوپێگەی تایبەتیی هەبوو. لەنێو حیزب و لە نێو کۆمەڵ لە غەمی هەمواندا بوو، بەپێی دەرەتان لە خۆشی و ناخۆشیی هەمواندا بەشدار بوو، بەشداری پرسەی هەمووان و لە بن سەری هەموو نەخۆشەکان بوو. سەرباری ئەوانە، یار و یاوەر و غەمخۆری هەموو ئەوانە بوو کە تووشی گیروگرفتێک دەبوون و لە یارمەتی ماددی و مەعنەوی بەو کەسانەی پێویستییان بە کۆمەک هەبووایە درێغیی نەدەکرد.

لەبەر هەمووی ئەو خەسڵەتانە، لەدەستچوونی کاک جەلیل کۆستی هەمووانە و هەموو بۆی بەپەرۆشن و یادی بەزیندوویی ڕادەگرن.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنە غەمناکەوە وێڕای غەمناکبوون بە لەدەستدانی ئەو کەسایەتییە قەدرگرانە سەرەخۆشی گەرمی خۆی پێشکێشی هەموو ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەی، سەرجەم هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی، تێکڕای دۆست و هاواڵە بێئەژمارەکانی، خەڵکی شارە قارەمانپەروەرەکەی مەهاباد و سەرانسەری کوردستان دەکا و بۆهەمووان سێبووری و تەمەندرێژی و بۆ گیانی نەمری کاک جەلیل بەهەشتی بەرین و باوەشی لێبووردەیی خوا داوا دەکا.

کۆمیتەی ناوەندی و هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات بۆ پاداشی کاک جەلیلی گادانییش وەک تەواوی ڕێبەران و تێکۆشەرانی لەدەستچوو، بە درێژەدانی ڕێگاکەیان و شەکاوەڕاگرتنی ئاڵای خەباتەکەیان دەزانێ و جارێکی دیکە دەگەڵ گیانی کاک جەلیل و هەموو شەهیدان پەیمان نوێ دەکاتەوە کە هەتاسەر درێژەدەری ڕێبازەکەیان بێ و لەو پێناوەدا لە هیچ فیداکارییەک درێغ نەکا.

هەر لێرەشدا ڕادەگەیەنین کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا سەرەخۆشی دانانرێ و دۆستان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاودەردیی خۆیان ڕادەگەیەنن.

سڵاو لە گیان و یادی گەورەتێکۆشەری دێموکرات کاک جەلیلی گادانی.

نەمری بۆ یاد و ناوی خۆی و بەرقەراری بۆ ئامانجە پیرۆزەکانی.

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٣٩٩\٥\١٦ (٢٠٢٠\٨\٦)**



# ٧٥ ڕووداوی دیار و گرینگی مێژووی



١- ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤(١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥)، دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژ-کاف.

٢- ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤، پێکهاتنی کۆنگرەی یەکەمی حیزب. نوێنەران لە ئاگرییەوە هەتا بۆکان لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوون.

٣- ٢٦ سەرماوەزی ١٣٢٤، هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد،

٤- ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) ، ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە میتینگێکی گەورەدا بە بەشداریی نوێنەرانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد. قازی محەممە،د پێشەوای حیزب هەر لەو میتینگەدا بە سەرکۆمار دیاری کرا.

٥- ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥، ئیمزاکرانی پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجاندا.

٦- ٢٦ سەرماوەزی ١٣٢٥، لەشکەرکێشیی شا بۆ مەهاباد و کۆتاییهاتن بە تەمەنی کۆماری کوردستان. لەشکری تاران پاش تەسلیمبوونی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، لە ٢١ی سەرماوەزدا شاری تەورێزی گرتبۆوە.

٧- ٢ی ڕەشەمەی ١٣٢٥، ئێعدامی ١١ کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە سەرۆک عەشیرەتەکانی فەیزوڵلابەگی و گەورەک لە شاری سەقز و ئێعدامی عەلی بەگی شێرزاد، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی بۆکان لە شاری بۆکان.

٨- ١٠ی خاکەلێوە ١٣٢٦، لە سێدارەدرانی قازی محەممەد و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد و، چەند ڕۆژ دواتر، ئێعدامی چوار ئەفسەری سوپای میللیی کوردستان لە عێراق.

٩- زستانی ساڵی ١٣٣١، سەرکەوتنی بەرچاوی کاندیدای حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد، لە هەڵبژاردنی دەورەی ١٧ی مەجلیسی شوڕادا. ئەم هەڵبژاردنە لە لایەن دەوڵەتەوە هەڵوەشایەوە و ئیمام جومعەی تاران وەک نوێنەری مەهاباد لە مەجلیس دیاری کرا، بێئەوەی کەس لە مەهاباد بیناسێ.

١٠- زستانی ساڵی ١٣٣١، ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی موکریان بەدژی زوڵم و زۆریی ئاغا و دەرەبەگەکان لە پێوەندی لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا. ئەو ڕاپەڕینە لە لایەن دەرەبەگەکانەوە بە هاوکاریی لەشکری شا سەرکوت کرا.

١١- ٢٥ گەلاوێژی ١٣٣٢، پێکهێنانی کۆبوونەوەی گشتیی خەڵک لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە لە شاری مەهاباد بۆ پشتیوانی لە لابردنی شا کە هەڵاتبوو بۆ بەغدا. ٣ ڕۆژ دواتر لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢دا، شا بە دوای سەرکەوتنی کودیتای نیزامی بە دژی "موسەدیق"دا گەڕایەوە بۆ ئێران.

١٢- جۆزەردانی ساڵی ١٣٣٤، پێکهێنانی یەکەم کۆنفرانسی حیزب. لەم کۆنفرانسەدا بڕیار درا حیزبی دێموکرات پێوەندیی تەشکیلاتیی خۆی لەگەڵ حیزبی توودە بپسێنێ.

١٣- خەزەڵوەری ساڵی ١٣٣٨، هێرشی بەربڵاوی ساواک بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حیزب، لەم هێرشەدا نزیک بە ٢٥٠ کەس لە تێکۆشەرانی حیزب لە سەرانسەری کوردستانی ئێران گیران.

١٤- سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٣، پێکهێنانی کۆنگرەی دووهەمی حیزب، ئەم کۆنگرەیە جۆرێک لادان لە ڕێبازی دروستی سەربەخۆیی حیزب بوو.

١٥- ساڵەکانی ٤٦_٤٧/ ڕاپەڕینی چەکدارانە لە لایەن هێندێک لە کادرەکانی حیزب کە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبیان پێک هێنابوو. ئەم ڕاپەڕینە خوێناوییە ١٨ مانگی خایاند و لە لایەن ڕێژیمی شاوە سەرکوتکرا و بەشی زۆری بەڕێوەبەرانی شەهید کران.

١٦- پووشپەڕی ١٣٤٨، کۆنفرانسی دووهەمی حیزب.

١٧- ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٩، دەرچوونی یەکەم ژمارەی دەورەی ئێستای "کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب. لەو کاتەوە تا ئێستا "کوردستان" ٧٨٠ ژمارەی بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو بۆتەوە.

١٨- جۆزەردانی ١٣٥٠، پێکهاتنی کۆنفرانسی سێهەمی حیزب. ئەم کۆنفرانسە کۆنفرانسی یەکگرتنەوە و گەڕانەوەی حیزب بۆ سەر ڕێبازی ئوسوولیی خۆی بوو.

١٩- ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢، پێکهاتنی کۆنگرەی سێهەمی حیزب، پەسندکرانی پێڕەوی نێوخۆی تازەی حیزب و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی.

٢٠- ١٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧، خۆپیشاندانی گەورە لە مەهاباد بەبۆنەی سێ ڕۆژانەی ناشتنی تەرمی کاک عەزیز یوسفی. ئەم خۆپیشاندانە سەرەتای دەستپێکردنی زنجیرە خۆپیشاندانەکانی دواتری خەڵکی کوردستان بەدژی ڕێژیمی شا لە کوردستان بوو.

٢١- پاییزی ١٣٥٧، گەڕانەوەی بەشێک لە ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ نێو وڵات.

٢٢- ٣٠ ڕێبەندانی ٥٧، گرتنی پادگانی مەهاباد لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بە یارمەتیی ئەرتەشییە شۆڕشگێڕەکان، ٨ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران.

٢٣- ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧، خۆپیشاندانی سەدهەزار کەسی لە ستادیۆمی وەرزشیی مەهاباد. لەم خۆپیشاندانەدا حیزب تێکۆشانی ئاشکرای خۆی بەڕەسمی ڕاگەیاند.

٢٤- نەورۆزی ١٣٥٨، سازبوونی شەڕ لە سنە لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستەوە. ئەوە یەکەم شەڕی ڕێژیمی تازە، دژی گەلی کورد و داخوازەکانی بوو.

٢٥- ٣١ی خاکەلێوی ١٣٥٨، تەقەکران لە کۆبوونەوەی حیزبی دێموکرات لە نەغەدە و سازبوونی شەڕێکی خوێناوی.

٢٦ – ٢٨ی گەلاوێژ ١٣٥٨، ڕاگەیاندرانی فەرمانی جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد بە دوای شەڕ لە پاوەدا، قەدغەکرانی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و دەستپێکردنی شەڕێکی سەرانسەری لە کوردستان کە بە شەڕی سێ مانگە ناوی دەرکردوە.

٢٧- ٢٦ی خەزەڵوەری ٥٨، دەرچوونی پەیامی خومەینی لەسەر کوردستان، ئەو پەمامە بەکردوە بە مانای دانپێدانانی ڕێژیم بە شکستی خۆی و کۆتایی هاتنی شەڕی سێ مانگە بوو.

٢٨- ٢٨ ڕێبەندانی ١٣٥٨، پێکهاتنی کۆنگرەی چوارەمی حیزب بەشداریی ٣١٠ نوێنەر لە مەهاباد. ئەم کۆنگرەیە پاش ٣٤ ساڵ یەکەم کۆنگرەی ئاشکرای حیزب بوو.

٢٩- ڕەشەمەی ١٣٥٨، دەستپێکرانی شەڕ لە کامیاران و شارەکانی دیکەی کوردستان کە بوو بە شەڕێکی سەرانسەری دژی گەلی کورد، شەڕێک کە ئێستاش درێژەی هەیە.

٣٠- ڕەشەمەی ١٣٥٨، سەرکەوتنی زۆربەی کاندیداکانی حیزبی دێموکرات بۆ مەجلیسی شوڕای میللی لەو شوێنانەی کوردستان کە هەڵبژاردن بەڕێوە چوون.

٣١- ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٥٩، جیابوونەوەی تاقمی ٧ کەسی لە حیزب (کە٦ کەسیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون)، بە هاندانی حیزبی توودە.

٣٢- ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩، دەست بەکارکردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران.

٣٣- ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٠، پێکهاتنی کۆنگرەی پێنجەمی حیزب. ئەم کۆنگرەیە دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی پەسند کرد.

٣٤- جۆزەردانی ١٣٦٢، ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە.

٣٥- ٢ی ڕێبەندان ١٣٦٢، پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەمی حیزب و پەسندکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک ئامانجی دواڕۆژ.

٣٦- ٣٠- ٢٦ی سەرماوەز ١٣٦٤، پێکهاتنی کۆنگرەی حەوتەم.

٣٧- ٢٥ی گەلاوێژ ١٣٦٦، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبدا لە سەر یەک چەند سەعات بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە توندترین شێوە بە تۆپ و کاتیوشا کوتا. لەم ئاگربارانەدا ڕێژیم لە تۆپی شیمیایی کەلکی وەرگرت.

٣٨- ٢٨ بەفرانباری ١٣٦٦، پێکهاتنی کۆنگرەی هەشتەم.

٣٩- ٢٣ تا ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٦٦، زیاتر لە ٨٠٠ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان کە لە ناوچە سنوورییەکانی هەڵەبجە و سەیدسادق و خورماڵدا لەگەڵ بۆمبارانی شیمیایی لەلایەک و هێرشی بەربڵاوی نیزامی ئێران بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق لە لایەکی دیکەوە بەرەوڕوو ببوون، بە ڕێپێوانێکی مێژوویی ڕزگار بوون.

٤٠- ١ی خاکەلێوەی ١٣٦٧، جیابوونەوەی بەشێکی بەرچاو لە کادرەکان و پێشمەرگەکانی حیزب و ڕاگەیاندنی مەوجوودییەتی خۆیان لە ژێر ناوی" حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ"دا.

٤١- خەرمانانی ١٣٦٧ کوشتاری کەموێنەی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران بە دوای ڕاگیرانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا. لەم کوشتارەدا هەزاران زیندانی سیاسی لە سەرانسەری ئێران کوژران کە لە نێویاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی کورد دەبیندران.

٤٢- ٢٢ی پووشپەڕی١٣٦٨، (١٣ی ژوئیەی١٩٨٩) تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزب، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن بە دەستی دیپلومات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر مێزی وتووێژ.

٤٣- ٢٢ و ٢٣ ڕەزبەری ١٣٦٨(١٤و ١٥ ئوکتوبری ١٩٨٩)، پێکهاتنی یەکەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر مەسەلەی کورد لە پاریس بە دەسپێشخەریی فرانس لیبرتێ و ئەنستیتۆی کورد لە پاریس. ئەو کۆنفرانسە بەبۆنەی تێکۆشانی زۆری دوکتور قاسملوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد بە دنیا و هەوڵە بەنرخەکانی ئەو نەمرە بۆ پێکهێنانی کونفرانسی ناوبراو، پێشکێش بە یادی ئەو شەهیدە گەورەیە کرا.

٤٤- ٩ی خەزەڵوەری ١٣٦٨ (٣١ ئۆکتۆبری ١٩٨٩)، ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئۆتریش لە کۆبوونەوی خۆیدا بە تێکڕای دەنگی بڕیاری دا ڕێبەری شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو بە ناوی کاندیدا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ساڵی ١٩٩٠، بە کۆمیتەی خەڵاتی ئاشتی بۆبێل بناسێنێ. چەندین شەخسییەتی خاوەن سەڵاحییەتی ئورووپایی بریتی لە ژمارەیەک پرۆفیسۆر، سەناتۆر و پارلمانتێر پشتیوانیی خۆیان لەو پێشنیارە ڕاگەیاند. ئەگەرچی خەڵاتی ئەو ساڵە بەر گورباچۆف کەوت، بەڵام هەر ئەوە کە دوکتور قاسلموو یەکەمین کورد بوو بۆ ئەو خەڵاتە جیهانییە کاندیدا کرا و بە ڕاستییش شایانی بوو؛ بۆ حیزبی دێموکرات، گەلی کورد و خەڵکی ئێران جێگای شانازی بوو.

٤٥- ١ی بەفرانباری ١٣٧٠، پێکهاتنی کۆنگرەی نۆهەم (کۆنگرەی قاسملوو).

٤٧- ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢)، تێرۆری مێکونووس. لەم پەلامارە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزب، کاک فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئەڵمان و نووری دێهکوردی، چالاکی سیاسی و دۆستی حیزب بە دەستی

کوردستان
ژمارە: ٧٨٠
٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٩ _ ٢١ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

تێرۆریستە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کران.

٤٧- ٢٣ی ڕەشەمە ١٣٧١، بۆمبارانی بنکەی دەفتەری سیاسی و نەخۆشخانە ئازادی و ماڵ و مووچەی خەڵکی دەورووبەر لە بناری قەندیل لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کە شەهیدبوونی چوار تێکۆشەری حیزبی بەدواوە بوو. ئەو بۆمبارانە سەرەتای هێرشی ئاشکرای نیزامیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و دەستێوەردانی بێ‌پەردەی ئەو ڕێژیمە لە کاروباری ئەو بەشەی کوردستاندا بوو.

٤٨- ٢٣ تا ٣٠ خاکەلێوەی ٧٤، پێکهاتنی کۆنگرەی دەهەمی حیزب (کۆنگرەی پەنجا ساڵەی حیزب). ئەم کۆنگرەیە ڕێگای بۆ کەوتنەوەسەریەکی ڕیزەکانی حیزب خۆش کرد.

٤٩- ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٧٤، یووبێلی زێڕینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەڕێوەچوونی زۆر ڕێوڕەسمی تایبەتی لە کوردستان و دەرەوی وڵات بەبۆنەی ٥٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان.

٥٠- ٧ی گەلاوێژی ١٣٧٥، هاتنی هێزێکی دووهەزار کەسیی کۆماری ئیسلامی بۆ نێو قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە نیزیک شاری کۆیە. ئەو هێزانە بۆ ماوەی ١٢ ساعەت بێ‌پسانەوە بە تۆپ وکاتیوشا و مووشک بنکەو ماڵەوکانی تێکۆشەرانی دێموکراتیان ئاگرباران کرد. کۆماری ئیسلامی بەو هێرش و دەستدرێژییە ئاشکرایە نەک هەر بە مەبەستەکانی کە لە نێوبردن و گرتنی تێکۆشەرانی حیزب، یان لانی‌کەم وەدەرنانیان لەو ناوچەیە بوو، نەگەیشت، بەڵکوو ریسواییەکی تەواوی بۆخۆی لە ئاستی ناوچەکە و دنیادا، کڕی.

٥١- ١٩_٢١ی خەرمانانی ١٣٧٥( ٩، ١٠، ١١ ی سێپتامبری ١٩٩٦) بیستەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست لە ساڵۆنی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیویورک کە لەودا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە ئەندامی چاودێری خۆی هەڵبژێرارد.

٥٢- ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٧٥ (٢٠/١٠/ ١٩٩٦) ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان بۆ خۆشخزمەتی بە ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی، ٧ تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕانەوە، لە نیزیک شاری هەڵەبجە گرت و بە دەست و پێ بەستراوی تەحویلی ئەو ڕێژیمەیان دانەوە. سەرەئەنجام لەژێر فشاری بیروڕای گشتی جیهانی و لایەنگرانی مافی مرۆڤدا کۆماری ئیسلامی دوای نیزیک بە ٨ ساڵ بێدەنگی کردن لە چارەنووسی ئەو گیراوانە، دانی بەوە دانا کە ٦ کەس لەوانی دوای تەحویل وەرگرتنەوە و دوای چەندین حەوتوو ئەشکەنجە و ئازاری لەشی و گیانی، ئێعدام کردوون.

٥٣- ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥، وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات. پاش ٩ ساڵ جیایی و لێکدابڕان، ڕیزەکانی حیزب یەکیان گرتەوە.

٥٤- ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ (١٠ی ئاوڕیلی ١٩٩٧)، دادگای بێرلین پاش سێ ساڵ لێکۆڵینەوە و موحاکەمە کردنی تاوانبارانی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری حیزب و هاوڕێیانی لە ڕێستووڕانی میکۆنووس، دوابڕیاری خۆی ڕاگەیاند. دادگا لەو بڕیارە مێژووییەدا وێڕای بڕینەوەی سزا بۆ عامیلانی تیرۆرەکە، ڕێبەرانی پایە یەکی کۆماری ئیسلامیی بە سەرچاوەی تیرۆرەکان و وەک تاوانبار ناسی. بە دوای دەرچوونی بڕیاری دادگادا زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، سەفیرەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە و کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دونیادا لەگەڵ ریسواییەکی بێ وێنە بەرەوڕوو بوو.

٥٥- ١ تا ٥ی بەفرانباری ١٣٧٦، پێکهاتنی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزب (کۆنگرەی خەباتگێڕانی خۆڕاگر). ئەوە یەکەمین کۆنگرە بوو کە بەدوای یەکبوونەوەی ڕیزەکان حیزبدا پێک دەهات.

٥٦- ٤ تا ٦ سەرماوەزی ١٣٧٩ (٢٦-٢٤ نوامبری ٢٠٠٠ )، پێکهاتنی کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

٥٧- ١ی خەزەڵوەری ١٣٨١ (٢٣ی ئوکتۆبری ٢٠٠٢)، بە بەشداریی ڕێبەران و نوێنەرانی چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵە و ئەنجومەنی مرۆڤ دۆستی فەڕانسەیی و ئوروووپایی، هەروەها بە ئامادەبوونی نوێنەرانی دەیان حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کورد و ژمارەیەکی زۆر کەسایەتیی کورد، ئێرانی و ڕۆژئاوایی، لە ساڵۆنی "مارس"ی پارلمانی فەڕانسە، ڕێوڕەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆرکردنی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بەڕێوەچوو.

٥٨- ١ی بانەمەڕی ١٣٨٣ (٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤) بە بەشداری نیزیکەی هەزار کەس لە کورد و ئێرانییەکان و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسە ناوچەییەکانی بێرلین و کەسایەتییەکان نیشتمانییەکان، پەردە لەسەر هێما (لەوح) بیرەوەریی شەهیدانی تیرۆری میکنووس لادرا. ئەم هێمایە لەسەر بڕیاری شارەداری ناوچەی "شارلاتن بورگ" لە شوێنی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاورێیانی دانرا.

٥٩- ١٣_ ١٧ پووشپەری ١٣٨٣ (٣_٧ جولای ٢٠٠٤ ) پێکهێناتنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لە کۆیە. لەم کۆنگرەیەدا دروشمی بنەڕەتی حیزب لە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردوستان"ەوە گۆڕا و بوو بە "دابین‌کردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا".

٦٠- لە ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕی ١٣٨٤ەوە کە خەڵکی مەهاباد بە دوای کوژرانی "شوانە سەید قادر" بە دڵتەزێنترین شێوە بەدەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، ڕژانە شەقامەکان، زنجیرەیەک خۆپیشاندانی جەماوەری لە پێشدا لە مەهاباد دواتر لە شارەکانی پیرانشار، سەردەشت، شنۆ، مەریوان، دیواندەرە ، بانە، سەقز و جوانڕۆ، بۆ نارەزایەتی دەربڕین دژی ڕەفتار و جینایەتەکانی ڕێژیم و هێنانە گۆڕێ ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بەڕێوەچوو. دروشمی سەرەکیی خۆپێشاندەران "قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" و پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات بوو. ئەم خۆپیشاندانانە لەگەڵ پەلامار و سەرکوتی دڕندانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوون و دەیان شەهید سەدان برینداریان لێ کەوتەوە و ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵک کەوتنە زیندان.

٦١- لە ٢٢ پووشپەڕی ١٣٨٥دا و بەبۆنەی حەڤدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نیشاندانی ئەمەگناسییان بەرامبەر بەو ڕێبەرە شەهیدە و هەروەها دەربڕینی نەفرەت و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دوکان و بازاڕەکانیان داخست. مانگرتنی گشتیی سەرانسەری لە ساڵڕۆژی تێرۆری ڕێبەری شەهید د.قاسملوودا، وەک شێوەیەک لە نارەزایەتیدەربڕین، ساڵانی دواتر، چەند جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووپات بۆوە.

٦٢- ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥ لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لەم ڕۆژەدا حیزبی دێموکرات بەهۆی پاوانخوازیی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی لە ئیدارەی تەشکیلاتیی حیزب و بێ‌ئاکام هێشتنەوەی هەوڵەکان بۆ چاکسازی تووشی لێکترازان هات.

٦٣- ١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٦، دامەزرانی تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ. دەست‌بەکاربوونی کوردکاناڵ شوێنی گرینگی لەسەر پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکانی حیزب لە دوای لەتبوونی حیزبی دێموکراتەوە هەبوو.

٦٤- ١٦_٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٦، پێکهاتنی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵای دێموکرات.

٦٥- ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧، شەهید بوونی پۆلێک پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی سەردەشت. چوونەوەی ئەو دەستە پێشمەرگەیە بۆ نێوخۆی وڵات دەستپێکی قۆناغی نوێی چالاکیی پێشمەرگانەی حیزبی دێموکرات دوای زیاتر لە یەک دەیە ڕاگیرانی ئەو چەشنە جموجوڵە نیزامییانە لەو فۆڕمەدا بوو.

٦٦- ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٨٩، مانگرتنی سەراسەری لە کوردستان بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە ئێعدامی ٥ تێکۆشەری سیاسیی کورد کە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕ لەدار درابوون. ئەم مانگرتنە لەسەر داوای سەرجەم حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەڵکی کوردستان بە سەرکەوتنەوە بەڕێوە چوو.

٦٧- ٢_٨ی جۆزەردانی ١٣٩٠، پێکهاتنی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

٦٨- ٧ی سەرماوەزی ١٣٩٤ (٢٧-٢٨ی نۆڤەمبری ٢٠١٥) وەرگیرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامەتیی ئەسڵیی ڕێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست. ئەم کۆبوونەوەیەی شوڕای ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە لواندا، پێتەختی ئانگۆلا گیرا.

٦٩- شەوزستان (یەلدای خوێناوی)ی ١٣٩٤، تەقینەوەیەک لەبەردەم بارەگای دەفتەری سیاسی لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی شەوی یەلدا، ٨٦ ساڵەی لەدایکبوونی د. قاسملوودا ڕووی دا. لەم ڕووداوە تێرۆریستییەدا ٥ کادر و پێشمەرگەی حیزب و دوو پێشمەرگەی ئاسایشی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان شەهید بوون.

٧٠- ١٧_٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٤، پێکهاتنی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

٧١- ١٩ی بەفرانباری ١٣٩٦، کۆبوونەوەی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەم کۆبوونەوەیە بووە بەردی بناغەی پێکهاتنی"ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران".




٧٢- ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧. پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەم پەلامارە تێرۆریستییەدا ١٦ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات شەهید بوون کە ٦ لەوان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون. لەم ڕووداوەدا زیاتر لە ٥٠ کەسیش بریندار بوون کە بەشێکیان ژن و منداڵ بوون.

٧٣- ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧، مانگرتنی بەشکۆ و سەراسەریی کوردستان لەسەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم مانگرتنە بۆ مەحکومکردنی پەلامارە مووشەکییەکەی ١٧ی خەرمانانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دێموکرات و ئێعدامی پۆلێک تێکۆشەری سیاسیی کورد لە لایەن ڕێژیمەوە، بەڕێوە چوو.

٧٤- ٢٩ی خەرمانانی ١٣٩٧ (٢٠ی سێپتامبری ٢٠١٨). نیکی هیلی، نوێنەری ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەی شوڕای ئەمنیەتیدا ڕووداوی مووشەکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هێنایە بەر باس و داوای پێشگرتن بە سەرەڕۆییەکانی ئێرانی کرد.

٧٥- ١٩_٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٨، کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

## دارسمە

دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# سمینی دەردەدڵێکی جاشانە

سەلام بەر مردومی بیدار و هەمیشە دەر سەحنە. هەم میهەنانی کە بە تەوری موداوم مەشغولی خدمەت بە کشوەری هەمیشە پەهناوەری ئێرانن.

ئەمڕۆ ڕووی سوخەنم زیاتر لە ساکنانی غەیووری کوردستانە، هەر بەم خاترەش سوخەنانی خۆم بە لەهجەی شیرینی کوردی ئاغاز دەکەم.

خیتتەی کوردستان کە لە غەربی کشور قەراری گرتوە، هەمزەمان بەوەی کە دەر تێی سالیانی دور و دراز جەولانگاهی گروهھای مەشکووک بووە، ئەمما مردومی هەمیشە دەر سەحنەی ئەوێ بە تەوری موداوم موشتی موحکەمیان لە دەهەنی یاڤەگویان داوە و پووزەیان بە خاک کێشاون.

هەر بەو خاترە تەوجوهی ئەڤشاری مەردومی هەمیشە در سەحنە بۆ چەند مەوزوعاتێکی زور جیدی جەلب دەکەم کە ئومیدوارم قسەکانم لەم بورهە حەساسەدا موسمری سەمەر واقع بن.

موتەئەسفانە کشوەری ئێران در ئەیامی ئەخیر بە شیدەت مەوریدی خەتەر قەراری گرتوە. خەتەراتی تەرسناک لە هەر تەرەف مەوردی تەهدیدی قەرار دەدن.

ئانچنانکێ مەسئوولانی لەشکەری و کشوەریی ئێران بە میللەتی هەمیشە دەر سەحنە گوشزەد دەکەن، غەربی کشوەر کە مەرزدارانی غەیووری کورد لەوێ حزووریان هەیە، هەمیشە مەوریدی تەمەعی دەسیسەهای بیگانەگانە. ئەو کەسانەی بە مروری تاریخ عەلاقەیان هەیە، دەزانن لە زەمانی حکوومەتی تاغوت بیگانەگان نەزەریان هەبوو خاستەهای خویان بە وەسیلەی ئەحزابی مەعلومولحال بە سەر مەردومی کوردستاندا تەحمیل بکەن. اما بە خاستەی خداوەند و کەسانی خیرخاهی مەملەکەت کە دەگەڵ دەوڵەتی وەقت هەمکارییان کرد، تەوتەئەی جەمهورییەکەی ئەوان کە دەر تولی عومری یازدە ماهەی مەشغوڵی ئیستحکامی مەوازعی بوو، نەقشی بەر ئاب کرا.

موتەئەسفانە ئەلئانیش ئەو گروهەی کە ٧٥ ساڵ قەبل بە ئومیدی تەجزییەی ئێران تەشکیل بووە، لە ساڵی جاریدا وجودی ٧٥ ساڵەی تەشکیل بوونی خۆی جەشن دەگرێ.

ئەگەر جوان تەوەجوهـ بکەن، ئەلئانیش دەبینن دوشمنانی تامیەتی ئەرزیی مەملەکەت دەستیان بە دەستی هەم داوە و مەخسوسەن نیزامی موقدەسی جەمهوری ئیسلامی تەهدید دەکەن.

یەکێک لە خەتەرناکترین تەحەڕوکاتی بیگانە لە مەنتەقەی خاوەرمیانە دوشمەنی کردن با مێحوەری مقاومەتە. موتەئەسفانە بە شەهادەتی حاج قاسم سولەیمانی میحوەری مقاومەت با موشکلیکی بسیار بزورگ مواجە بوو. هەرچەند سەردار قائانی کە جانشینی حاج قاسمە، در حەدی تەوانی خۆی لە تەلاش لەم ڕاستایەدا دریغی نەکردوە، اما جایگاهی حاج قاسم بسیار بسیار لەوە باڵاترە ئاغای قائانی بتوانێ جانشینی ئەو بێت.

حاج قاسم ئەوەندە عەلاقەی بە میحوەری مقاومەت بوو کە زەینەب‌خانمی کچی کە یادگاریانە، بە مەنزوری ئیدامەی ڕاهی بابی لەگەڵ یکی از ئەعزای حیزبوڵڵا لە لوبنان ئیزدواجی کرد. بە نەزەری من هەرچەند عوامیلی زیدی ئینقلاب دەڵێن پێ‌وقەدەمی زەینەب خانم شووم بوو و بەعدئەز ئەوەی کە بوو بە عەرووسی لوبنانییەکان ئینفجارێکی شەدید لە بەیرووت ئیتفاق کەوت، اما من وجودی ئیشان لە لوبنان بە فالی نیک دەگرم.

لەو بورهە حەساسەدا لازمە بڵێم ئەوزاع زور خەتەرناکە. لە بوعدی ئیقتسادیدا مەملەکەت دوچاری بوحرانی بدونی سابقە بووە. دەر پەیی دەسیسەهای پەیدەرپەی دوشمەنان مایەحتاجی عمومی هەمچوون، برنج و قەند و ڕۆن و ئەم شتانە ڕوز بە ڕوز گرانتر دەبن. ئەرزشی پووڵی ڕایجی مەملەکەت سقوتی کردوە. خوشبختانە نمایندگانی موحتەرەمی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی کە بە نەزەری من نمایەندەگانی دەورەی فیعلی لە هەموو دەورانی قەبل از خۆیان ئینقلابی‌ترن، پیشنهادیان کردوە هەمچون دەورانی جەنگی تەحمیلی از تەریقی تەوزیعی کۆپۆن کاڵاهای ئەساسی بە قیمەتی ئەرزان بە دەستی مەردوم بگا.

بە ئاتەش کێشانی ئەماکنی ئیقتسادی و ئەتۆمی و زیربەنایی کێشورەمان مەشکووک بە نەزەر دەگا و دیارە مەسئولانی مەربووتە تەرجیح دەدەن ئەم مەوزووعە بە ڕەسانەیی نەکرێ.

سەردار مەجید میرئەحمەدی نمایندەی موحتەرمی قەرارگای ئیمام عەلی تەیی ڕوزهای ئەخیر بەخشی از توتەئەهای دوشمەنی در ڕاستای شکەستی ئینقلاب تەشریح کردوە. سەردار میرئەحمەدی با ئیشارە بە توتەئەهای گوناگونی بیگانەگان دەڵێ، دوشمەن دەر سەدەدە بە تشویقی ئەڤشاری ئاسیب‌پەزیری مەردوم پایەهای موستەحکەمی ئینقلاب دوچاری خەدشە بکا.

بە گوفتەی ئەو سەرداره ڕەشیدەی کیشورمان، ئەو موعتەرزانەی کە لە تەزاهوراتهای ئەخیر از سویی سەربازانی گومنام دەسگیر کراون، لە ئەقشاری ئاسیب پەزیری ئیجتماعن. بەعد از دەستگیر کردنی ئەوان نیروهای ئەمنیەتی متەوجێهـ بوون در سالهای اخیر موستەزعەفان و شەهروەندانی تەنگدەست زیاتر عەلەیهی نیزام ئیعتراز دەکەن.

لە عیراقیش بە تەوری ڕوزانە جەنگی نیروهای تەرفدارانی میحوەری مقاومەت و نیروهای وابەستە بە ئەجانب ئیدامەی هەیە. عێڕاق بۆ ساڵی جاری، هەمزمان با ئەیامی عاشورای حوسەینی ئەماکنی موقدەستی بەسەر زەواری ئیرانیدا مەسدوود کردوە. زیمنی ئینتشاری شەدیدی ڤیروسی کۆرۆنا لە ئێران، مەراجیعی زیسەلاح تەشخیسیان دا بە مەنزووری زیندە نگەهداشتن فەرهەنگی عاشوورایی دەستەهای عەزاداری هەمچون ساڵهای قەبل ئیدامەیان هەبیت. بەعزی ئەز ئەفرادی وابەستە بە زیدی ئینقلابیش دەڵێن ئەم ئیختلات و قاتی بوونە ئینتشاری ڤیروسی کرۆنا تەشدید دەکا.

با ئەو هەموو تەحەولات و ڕوخدادانە بە ئستنباتی مقامهای لەشکری و کیشوری ناتوانێ ڕەزمەندەگان و سەربازانی گومنام بۆ ڕیشەکەن کردنی حیزبی دیموکرات جای بەسی تەئەسوفە و ئەوان ئەم ساڵ بە ئاب و تابەوە مەوزوعی هەفتاوپێنج ساڵی خۆیان جەشن دەگرن و خەتەرناک بوونی حوزوری ئەوانە وەقتێک ئاشکار دەبێ کە بە دەلیلی ئەو عەواملەی تەشریحم کردن ئیحتمالی خەدشە واردن کردن بە نیزامی موقدەسی ئیسلامی بیش از پیش ئیحساس دەکرێ. هەر بەو دەلیلە بەر فەرد فەردی ساکنانی کشور واجبە لە هەرگونە ئیعتراز و نارەزاییەک دووری بکەن و بەزری ئومیدواریی پیروزی بۆ دوشمنان پەخش نەکەنەوە. بێدەنگیی ڕسانەهای فارسی زبانیش حەتتا ڕەسانەهای زیدی ئینقلابی فارسیش در جیهەتی پووشش نەدانی ئەخباری مەربوت بە تەحروکاتی زیدی ئیقلابی و تەجزیەتەڵەبانە لە غەربی کشور بە فالی نیک دەگرین.

## بەیاننامەی کۆمەڵێک لە چینە زانستگەییەکانی پارێزگای کرماشان بە بۆنەی ٧٥ەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢٥ـی گەلاوێژ، وەبیرهێنەرەوەی ٧٥ـەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. حیزبێک کە ناو و خەباتە پڕ لە شانازییەکەی، لەگەڵ شوناسی گەلی کورد ئاوێتە بووە و ڕێبەر و ڕێنوێنی ئاواتەکانی دوێنێ و ئەمڕۆی ئێمە لە ئێراندا بووە و، کۆمەڵێک لە باشترین ژنان و پیاوان ئەم گەلە لەژێر ئاڵای پڕشانازیی پێشمەرگەکانیدا، خەریکی خەبات و گیانبازیی بوون. گیانفیدایی و ئەو خوێنە پیرۆزانەی وا ڕژاوەتە سەر خاک هیچ کات لە یادی خەڵک ناچنەوە.

حیزبی دێموکرات، نە تەنیا وڵاتی گەشەی کۆمەڵێک لە گەورەکانی بواری سیاسەت و بەهێزترین ڕۆڵەکانی بووە، بەڵکوو دامەزرێنەری دەسەڵاتی کۆماری لە مێژووی کورددایە، کە بە دڵنیاییەوە ئەو ئەزموونە و ئەزموونەکانی دیکەی حیزب لە ٧٥ ساڵی ڕابردوودا، میرات و پاشەکەوتێکی پڕبایەخ بۆ داهاتووی کوردستان و خەڵکی خۆشەویستی ئەم دەڤەرە دەبێ.

یاد و بیرەوەریی پێشەوا قازی محەممەدی مەزن، هەموو شەهیدان و گیانبازانی ئازیز و بە تایبەت شانازیی شەهیدانی کورد؛ دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی هەرمان بەرز ڕا دەگرین و، بە ئەرکی دەزانین ماندوو نەبینی و پیرۆزبایی خۆمان پێشکەشی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب بکەین و؛ بیری نوێخوازیی ئەو کە ئاسۆیەکی نوێ و هیوابەخشی لە مێشکی ئێمە و گەلەکەماندا پێک هێناوە، بپارێزین.

هەوڵی شێلگیرانە و ڕاستکردارانەی هەموو ئازیزانی دوێنێ و ئەمڕۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەم حیزبەدا ڕێز لێ دەگرین و هیوادارین هەرچی زووتر شایەدی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد بە دەنگ و ویستی ڕاستەوخۆی خۆی بین؛ کە لانیکەمەکەی دامەزرانی دەسەڵاتی فێدرالیزم لە ئێراندا و بەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی و سیاسیی خەڵکی زۆر لێکراو و بێبەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

ئەوەی ئێمەی هیوادار بە گەیشتن بە لانیکەمی ویستەکانمان کردوە، وشیاریی خەڵکی ئێران و ڕق و بێزاریی گشتیی هەموو توێژەکانی خەڵک لە کرداری ڕێژیمی مەلاکان و هۆگریی ئیرادەی گشتی بە ڕێزی بەرامبەر و گەورەنرخاندنی گەلە پێکهێنەرەکانی ئەم وڵاتەیە و، کە لە وتەی وەچەی نوێبیر و ڕوانگەی لاوانی تێگەیشتووی ئەم دەڤەرەدا، بە ڕوونی دەبیندرێ و ئەمەش نەک هەر لاوان بەڵکوو هەموو توێژەکانی بۆ ڕاپەڕینێکی گشتی و چارەنووس‌سان، ئامادە کردوە.

چاوەڕوانیی بێئەملا و ئەولای ئێمە، یەکگرتوویی حیزب و ڕێکخراو و چالاکانی کورد، بۆ بیستنی یەکدەنگیی کوردەکان و گەیشتنی یەکجاری بە ئاکامی پەسەند و شایانی سبەیی ئاڵوگۆڕەکانە کە هیوادارین بەزوویی جێبەجێ بێ.

لە هەموو ئازیزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە تایبەت کاک خالیدی بەڕێز کە نیشانی داوە بانگەشەکەری هەڵسوکەوتی سەرووحیزبییشە، چاوەڕوانین ببێتە هۆکاری یەکگرتوویی لەگەڵ "حدکا"شدا.

بە هیوای سەرکەوتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو ئازیزانی خەباتگێڕی ڕێگەی ئازادی و سەربەرزیی کوردستان، سلامەتی و سەربەرزیی هەموو ئەندامان، کادر و پێشمەرگەکان و کومیتەی ناوەندیی حیزب بە ئاوات دەخوازین و لە خوای گەورە، داهاتوویەکی ڕوون و پڕهیوا بۆ گەلی کورد داوا دەکەین.

**بەشێک لە مامۆستایان خوێندکاران و کارمەندانی زانستگەکانی پارێزگای کرماشان**

# فتوای جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان

## (گۆشەیەک لە جینایەتەکانی ڕێژیم لە ناوچەی هەوشار)


سمایل شەرەفی



دوای ڕاگەیاندنی فتوای جیهادی خومەینی، ڕێبەری تازە بە دەسەڵات گەیشتووی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران دژ بە خەڵکی کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاویدا، یەکێک لەو ناوچانەی کوردستان کە وەک باقیی شوێنەکانی دیکەی کوردستان کەوتە بەر پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، ناوچەی هەوشار بوو.

ناوچەی هەوشار کە لە باکووری پارێزگای ورمێ هەڵکەوتوە و لە دوو شاری سایینقەڵا و تیکاب پێک هاتوە و نیزیک بە دووسەد ئاوایی سەر بەم دوو شارەی لەخۆی گرتوە، لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کشتوکاڵ و فەرهەنگییەوە بە یەکێک لە ناوچە هەرە گرینگەکانی کوردستان دادەنرێ.

دوای ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاوی، تێکۆشەرانی حیزب لە ناوچەی هەوشار بە پشتیوانیی خەڵکی ناوچەکە دەستیان کرد بە خۆڕێکخستن و خزمەتکردن بە خەڵک. بەتایبەت بەشی ڕێکخراوی حیزب، هەر زوو بە دەرککردنی هەستیاربوونی ناوچەکە کە لە دوو نەتەوەی کورد و تورک پێک هاتوە، هەوڵی نزیکایەتیی زیاتریان لەگەڵ خەڵکی غەیرە کوردی ناوچەکە دەدا کە ئاکامەکەی بوو بەوەی زۆر لە خەڵکی شارەکانی تیکاب و سایینقەڵا نەتەنیا پێشوازییان لەم ڕەفتارەی بەرپرسانی حیزب کرد، بەڵکوو زۆر کەسیان ڕاستەوخۆ لە ڕیزەکانی حیزبدا وەک ئەندام و پێشمەرگە وەرگیران و پلەی بەرزی حیزبییان پێدرا.

کاربەدەستانی ڕێژیم کە چاوی دیتنی ئەم دۆخەیان نەبوو کەوتنە پیلانگێڕی و بە هاندانی کۆمەڵە کەسێکی ساویلکە و هەڵخەڵەتێندراو لە هەر دوو لای تورک و کورد، هەوڵی شێواندنی دۆخەکەیان دا کە بە بەداخەوە تا ڕادەیەک تیایدا سەرکەوتن.

هێرشی هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم بۆ سەر ناوچەی هەوشار لەگەڵ بەرەنگاریی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی هێزی شەهیدانی هەوشار و خەڵکی ناوچەکە بەرەوڕوو بوو. نەیاران بە مەبەستی بەدناوکردنی هێزی پێشمەرگە و هاندانی گەلی تورک و بەرینکردنەوەی کەلێنەکان، بە شێوەی جۆراوجۆر خەریکی ناکۆکینانەوە بوون. ئەزیەت و ئازاری خەڵکی ناوچەکە لەژێر ناوی جۆراوجۆری کوردبوون و سوننی بووندا ڕۆژانە لە پەرەئەستاندندا بوو. بۆیە خەڵک بە لێشاو پەنایان دەبردە بەر پێشمەرگەکان و داوای هاوکاریی و پشتیوانییان لێ دەکردن. بۆیە لە کۆتاییدا بەرپرسانی سەرەوەی حیزب بڕیاری بەرەنگاری و پشتیوانیی پێشمەرگەکانیان بە خەڵکی ناوچەکە دا.

***

دوای دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینی لە دژی کورد، یەکێک لەو ناوچانەی کە زۆرترین هێزی سەرکوتکەری لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئێرانەوە بۆ نێردرا، ناوچەی هەوشار بوو. دوژمن لە هەموو لایەکەوە هێرشی هێنابوو. بۆ هاندانی گەلی تورک دژ بە خەڵکی کوردی ناوچەکە، شەوانە بە ناوی کورد و پێشمەرگەوە هێرش دەکرایە سەر ئاواییە تورکنشینەکانی ناوچەکە و خەڵکیان ئازار دەدا وماڵیان لێ ئاور دەدان. هەر وەک چۆن لە شاری نەغەدە هەوڵی نانەوەی شەڕی تورک و کوردیان دەدا، لە هەوشاریش هەمان پیلان بەڕێوە دەچوو. خەڵکی تورکی ناوچەکە هان دەدران کە هێرش بکەنە سەر گوندە کوردنشینەکان و تۆڵەی خۆیانیان لێ بکەنەوە! لە بەرانبەردا بەرپرسانی حیزبی لە ناوچەکە هاوکات لەگەڵ هەوڵدان بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیم، دەبوا وەک پێویست بە هانای خەڵکەوە بچن. بۆیە پێشمەرگەکان تەواوی هێزی خۆیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی پشتیوانی لە خەڵک بکەن.

ڕێژیم کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هەڵمەتی پێشمەرگەکان نەبوو، لە پیلانێکی دیکەدا، کەوتنە گیانی خەڵکی بێدیفاعی ناوچەکە و لە ماوەی دوو مانگی جۆزەردان و پووشپەڕی ١٣٥٩ی هەتاویدا بە هێرش کردنە سەر چەند ئاواییەکی ناوچەی هەوشار و ڕەشبگیری و ڕەشەکوژیی لە سەدان و دەیان کەس لە خەڵکی بێتاوان، جینایەتی سامناکیان خوڵقاند.

لێرەدا جیا لە باسکردنی سووتاندنی ئاواییەکانی شێرەمەرد و حەسەنلۆلان و، کوشتنی چەندین کەسی بێتاوان لە ئاواییەکانی قزکوێپی، ئاغەجەری، قۆزڵوو، سانجوود، قزقاپان، گویاغاج، حەسەنئاوا و نەیکەنی، تەنیا بۆ دەرخستنی ماهییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە خوڵقاندنی جینایەتکردنی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و ناوچەی هەوشار، ئاماژە بە کوشتنی زیاتر لە ٢٠ کەسی بێتاوان لە ئاواییەکانی ئەحمەدئاوای خوارێ و مایینبڵاغ دەکەین:

دوایین مانگی بەهاری ١٣٥٩ی هەتاوی، لە کاتێکدا کە خەڵکی ناوچەکە خەریکی کاری وەرزێری و مەڕداری لە مووچە و مەزراکانیان بوون، دەنگی تەقە و زرمەی چەکەکانی سپای پاسداران لە یەکێک لە کێوەکانی ئاوایی ئەحمەدئاوای خوارێ (هاچە و نەقارەخانە) خورپەی خستە دڵی خەڵکی ئەم ئاواییە. پیاوان بە مەبەستی پاراستنی ژن و منداڵەکانیان بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندەوە نێو ئاوایی. هێزە سەرکوتکەرەکانی سپای پاسداران ڕژانە نێو ئاوایی و بە چاوی خۆیان دیتیان کە خەڵکی ئاوایی بە هەر وەسیلەیەک کە بەر دەستیان کەوتوە خۆیان بۆ مقاومەت و پاراستنی ماڵ و منداڵیان پڕچەک کردوە. لە لایەکی دیکەوە پێشمەرگەکانی هێزی شەهیدانی هەوشار بۆ پاراستنی خەڵک، قارەمانانە دەوری ئاواییان دا و داوایان لە هێزەکانی دوژمن کرد کە واز لە خەڵک بێنن و لە ئاوایی دەرکەون.

لە ئاکامدا بە هۆی پێداگریی هێزەکانی ڕێژیم لەسەر چۆڵنەکردنی ناوچەکە لە هێزی پێشمەرگە، تێکەڵچوونێکی چەند سەعاتە لە نێوان هەر دوولا هاتە ئاراوە کە لە کۆتاییدا هێزەکانی ڕێژیم پاشەکشەیان پێ کرا.

چەند ڕۆژ دواتر ڕێژیم بە هێزێکی زۆروزەوەند لە زەمین و ئاسمانەوە هێرشی کردە سەر ئاواییەکانی "یارەزیز" و "چراغتەپە" و "ئەحمەدئاوا". لە ئاکامی هێرشی هەوایی بۆ سەر ئاواییەکانی یارەزیز و چراغتەپەدا سێ ژن و پیاوێک کوژران و دواتر بە چڕی هێرش کرایە سەر ئاوایی ئەحمەدئاوا. لەو ماوەیەدا زۆربەی خەڵک جیا لە هێندێک کەسی پیر و پەککەوتە، توانیبوویان لە ئاوایی بێنە دەر. هێزەکانی ڕێژیم کە چووبوونە نێو ئاوایی، دەستیان لە ماڵی خەڵک نەپاراست و هەموو شتێکیان بە تاڵان برد و پاشان هەموو ئاواییان ئاور تێبەردا و نزیک بە دە کەس لەوانەی بەهۆی پیری و پەککەوتەییەوە نەیانتوانیبوو خۆ دەرباز بکەن، لە لایەن قین لە دڵانی دژ بە کوردەوە بە دڕندانەترین شێوە کوژران. محەممەدئەمین شوعاعی، عەلیمرد گرامی، سەید سەعید محەممەدیان و حاجی سەیفوڵڵا وەیسی ناوی بەشێک لەو کەسانەن کە بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم لە ئاوایی ئەحمەدئاوادا کوژران. هەروەها لەم نێوەدا تەنانەت ڕەحم بە منداڵێکی تەمەن ١١ ساڵە بە ناوی یەحیا قارەمانی نەکرا کە دوای گەڕانەوەی بۆ ئاوایی لە لایەن جەنایەتکارانی ڕێژیمەوە گیانی لێ ئەستێندرا.

ساڵێک دواتر و لە درێژەی ئەم جۆرە لە کوشتار و جەنایەتانەی هێزەکانی سپای پاسداران و ژاندارمی ڕێژیم لە ناوچەی هەوشار، ڕێکەوتی ١٢ی پووشپەڕی ١٣٦٠ی هەتاوی، ١١ کەس لە خەڵکی بێتاوانی ئاوایی مایینبڵاغی سەر بە شاری تیکاب لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە تیرباران کران.

پشتیوانیی خەڵکی هەوشار لە حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگە بە تەواوەتی ڕێژیمی تووڕە کردبوو. بە دەیان جار لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە هەڕەشە لە خەڵک کرابوو کە نابێ هاوکاریی پێشمەرگەکان بکەن، بەڵام پێوەندیی خەڵک و پێشمەرگە زۆر لەوە قووڵتر بوو کە ڕێژیم بتوانێ هەروا بە ئاسانی لێکیان دابڕێ. بۆیە دوای هێرشی سەرتاسەریی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان، خەڵک و پێشمەرگە بە پشتیوانیی یەکتر بەربەرەکانێیەکی قارەمانانەیان کرد و بە دەیان جار هێزەکانی ڕێژیمیان شکست پێهێنا. بە تایبەت لە ساڵەکانی ٥٨ و ٥٩ دا ڕێژیم بە هەموو شێوازێک گەمارۆی خستبووە سەر ناوچەکە و تەنانەت ڕێی نەدەدا خواردەمەنی مەوادی غەزایی ڕوو لەم ناوچەیە بکا و بەردەوامیش فشاریان بۆ خەڵک دەهێنا کە هەموو جارێ پێشمەرگەکان بە پشتیوانیی خەڵک ڕێژیمیان تووشی شکست و پاشەکشە دەکرد.

لە ڕۆژێکی ١١ی یەکەم مانگی هاوینی ١٣٦٠دا بەرپرسی پاسگای ڕێژیم لە ئاوایی مایینبڵاغ داوا لە ١١ کەس لە خەڵکی دیاری ئەم ئاواییە دەکەن کە بۆ چارەسەری هێندێک گیروگرفت! سەردانی پاسگا بکەن. کاتێک کە ئەم ١١ کەسە دەگەنە پاسگا لە لایەن جەنایەتکارانی ڕێژیمەوە بە تاوانی هاوکاری لە گەڵ حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگە ئازار و ئەزیەت دەدرێن و دوای بێڕێزییەکی زۆر نیوەشەوی هەمان شەو هەر ١١ کەسیان تیرباران دەکرێن و بەیانی داوا لە بنەماڵەکانیان دەکەن تەرمەکانیان وەربگرنەوە. هەرچەند دواتر بەشێک لە دامودەزگاکانی ڕێژیم دانیان بەم جینایەتەدا نا، بەڵام هیچ دادگایەکی عادڵانە بۆ بەدواداچوونی پێک نەهات.

ئەوانەی تیرباران کران بریتیبوون لە:

سەید حەکیم مووسەوی تەمەن ٧٥ ساڵ، حاجی سەعید عیبادی تەمەن ٧٥ ساڵ، حاجی عەبدوڵڵا میری تەمەن ٧٥ ساڵ، حەسەن و حوسێن زارعی کە برا بوون، محەممەد کەریم زارعی، عەبدولڕەحمان شاهی تەمەن ٦٣ ساڵ، حەبیبوڵڵا ڕەحیمی تەمەن ٦٠ ساڵ، ئیبراهیم مەولوودی تەمەن ٥٧ ساڵ، کەریم پەرتەو تەمەن ٦٠ ساڵ و محەممەد بابایی تەمەن ٥٥ ساڵ.

***

ئەمەی باس کرا تەنیا گۆشەیەک لەو جینایەتانە بوو کە ڕێژیمی دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەرحەق بە میللەتی کورد بەڕێوەی بردوە و ئەم شەڕە دژ بە کورد و داخوازییە ڕەواکانی تا ئێستاش بە ناوی فتوای جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان درێژەی هەیە. بەڵام وەک دەبینین کورد و حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە دوای چل ساڵ تێپەڕین بە سەر ئەم فتوا شووم و جینایەتکارانەیەدا هەروا لە سەر پێیە و خەڵکی ناوچەی هەوشاریش وشیارانە پارێزەری خاک و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانن و هەروا و زیاتر لە هەمیشە، پشتیوانی حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەن.

***

# وەرسووڕانی سیاسەتی ئیسرائیل بەرانبەر بە ئێران

بەشی یەکەم






و: کەماڵ حەسەنپوور

نیگەرانییەکان لە بارەی بڵندخوازییە ئەتۆمییەکانی ئێران دەیان ساڵە بڕیاردەرانی ئیسرائیلی سەرقاڵی خۆی کردوە. نیگەرانییەکی مەزنی دیکەی ئیسرائیل دەستڕۆیشتوویی پەرەئەستێنی سیاسی و سەربازیی ئێران لە ناوچەیە، بە تایبەتی لە لوبنان، سووریە و عێراق. لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە، ئێران بە کەلکوەرگرتن لە ناکۆکییە ناوچەییەکان و بۆشایی سیاسی، خەریکی دروستکردنی "پردێکی خاکی"یە کە بە شێوەی سەرەکی لە هێزی دۆستانەی شیعی لە تاران تا مەدیتەرانە پێک هاتوە. بێ لە بەرچاو گرتنی ئەوە کە ئێران تووشی بەربەستی جیددی لە توانایی بە کردەیی‌کردنی دەسەڵاتە ناوچەییەکەی بووە و بە هۆی چەندین ساڵ ئابلۆقە، بەڕێوەبەریی سەرکوتکەر و ناکارامەیی لە دەوڵەتدارییدا، لە نێوخۆ لە دۆخێکی لەرزۆکدایە. یا ئەوە کە ئیسرائیل بەهێزترین و پۆشتە و پەرداخترین هێزی سەربازیی ناوچە دەمێنێتەوە کە هاوپەیمانە ستراتێژیکەکەی، وڵاتە یەکگرتووەکان، پشتیوانیی دەکا.

لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە، توانایییە مووشەکییە پەرەئەستێنەکەی ئێران و ڕایەڵەی میلیشیا هاوبەشە ناحکوومییەکانی ئەو هەڕەشەیەکی مەزنن. پشتگیریی پێشووی ئێران لە هێرشی تێرۆریستی لە نێوخۆی ئیسرائیل و دژی ئیسرائیلییان لە دەرەوە، لەگەڵ لێدوانە فیتنەگەرانەکەی لە بارەی خولیای 'سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەر نەخشە'، هەڕەشەی ئێران هێندەی دیکە لە ڕەوانی ئیسرائیلییەکاندا بەرز دەکاتەوە. بەکورتی لە ئیسرائیل، مشتومڕێکی کەم لە بارەی خولیا یا توانایی ئێران بۆ زەرەر گەیاندن هەیە.

بەڵام تا ئەم دواییانە، ڕوانگەکان لەبارەی شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئالنگاریی ئێران جیاوازییان هەبوو. لە ناتەبایی لەنێو دامەزراوە هەواڵگرییەکاندا لە بارەی کەلکوەرگرتن لە بژاردەی سەربازی و ژێریی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران تا نیگەرانییەکانی ڕێبەرانی سیاسی لە بارەی دژایەتی‌کردنی سەرۆک کۆمارێکی ئەمریکا بەئاشکرا و هەڵوێستەکانی ئیسرائیل لە بارەی سیاسەتی ئێران لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا زۆرتر لەوەی کە خەڵک تێی گەیشتوە ناکۆکییان لە سەر هەبووە. لە کاتێکدا کە هاوڕاییەک لە سەر پێویستیی بەرپەرچدانەوەی ئێران لە سووریە، تەنانەت پێش ڕێککەوتنی بەرجام لە ٢٠١٥، سەری هەڵ دا، ڕوانگەکانی ئیسرائیل لە بارەی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران هەر وا لە ژێر پرسیاردا بوون.

بەرچاوترین جیاوازییەکان لە نێوان سیاسەتوانانی ئیسرائیل و کاربەدەستانی هەواڵگری هاتە ئاراوە، کە ئەوی دواتر ڕوانگەیەکی کەمتر هۆشدارییدەریان لە بارەی ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی لە بەراورد لەگەڵ ڕێبەرانی سیاسیی ئیسرائیل، بە تایبەت سەرۆک وەزیران بنیامین نەتانیاهوو، هەبوو. وەک کاربەدەستێکی پلەبەرزی پێشووی هەواڵگری باسی کرد؛ "کاربەدەستانی ئاسایشی ئیسرائیل، ئێرانیان وەک هەڕەشەیەکی جیددی سەیر دەکرد کە دەبێ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ. بۆ نەتانیاهو، ترس لە ئێران وەک ئایینێک وایە." ئەو درزانە تا یەکەم ساڵی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ درێژەی هەبوو، کاتێک کە هێشتا ڕوون نەبوو ئاخۆ سەرۆک کۆمارێکی وڵاتە یەکگرتووەکان کە بە ئاشکرا دژی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بوو، سەرەڕای ئەوە لە ڕێککەوتنەکەدا دەمێنێتەوە؟ ژمارەیەک کاربەدەست و لێکۆڵەرەوەی بەناوبانگی ئاسایشی ئیسرائیل، تەنانەت ئەوانەی کە لە سەرەتادا دژی بەرجام بوون، لایەنگری مانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنەکەدا بوون و پێیان وابوو ئەو دەبێتە هۆی سنووردار کردنی ئالنگاریی ئەتۆمیی ئێران. بە وەدوا خستنی هەڕەشەی ئەتۆمی، بەرجام مەودای دەدا بە ئیسرائیل تا سەرنجی خۆی بداتە یەخانگیریی ڕاستەوخۆ و باو کە ئەو وڵاتە لە لایەن ئێرانەوە بەرەو ڕووی دەبۆوە، واتە دەستڕۆیشتوویی پەرەئەستێنی ئەو وڵاتە لە سووریە.

کاتێک سەرۆک کۆمار ترامپ، لە ٢٠١٨، بڕیاری دا وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرجام بکشێنێتەوە، مشتومڕی نێوخۆیی لە ئیسرائیل لە بارەی سیاسەتەکان بەرانبەر بە ئێران کۆتاییان هات. هاوڕاییەکی نوێ هاتە ئاراوە بۆ پشتیوانی لە سیاسەتی "ئەوپەڕی زەخت"ی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، کە زۆر ئیسرائیلی هیوادارن ببێتە هۆی دارمانی کۆماری ئیسلامی. جەختکردنی زیاتری ئیسرائیل لە سەر جێ پێ قایمکردنی ئێران لە سووریە و بڕوای بە دەسەڵات گەیاندنی ئێران لە ناوچە بە هۆی بەرجام، سیاسەتوانان و کۆمەڵگەی هەواڵگریی لێک نزیک کردەوە و جیاوازیی ڕوانگەکانی لە مەڕ شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڕەشەی ئەتۆمی و پێوەندیی لەگەڵ واشینگتۆنی لە ژێر خۆیدا شاردەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە کەمینەیەک لە لێکۆڵەرەوانی ئیسرائیلی کاریگەریی هەڵوێستی ئەوپەڕی زەختی ئەمریکا بۆ گەیشتن بە ئامانجە دەست نیشانکراوەکان دێننە ژێر پرسیار، گەشبینییەکی بەربڵاو هەیە کە پێیوایە ستراتێژییەکە ئێران و ڕایەڵە ناوچەییەکانی لاواز دەکا، بە تایبەتی دوای کوشتنی فەرماندەی سپای قودس، قاسم سولەیمانی، لە سەرەتای ژانوییە. تەنانەت ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە سوودەکانی ئەوپەڕی زەخت دێننە ژێر پرسیار، ستراتێژییەکی جێگرەوە پێشنیار ناکەن.

ڕوانگەی لەرزۆک بوونی ئێران لە دوای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید – ١٩، کە بە تایبەتی ئێرانی بە هۆی ناکارامەیی لە بەرەو ڕوو بوونەوەی ڕێبەرانی دژی پەتایەکە بە سەختی گیرۆدە کردوە، پەرەی ئەستاندوە. ئیسرائیلییەکان دڵنیان کە زەختی دووانەی پەتایەکە و قەیرانی ئابووری دەبنە هۆی ئەوە کە ئێران هێزەکانی لە سووریە بکشێنێتەوە. دوای هەوڵێکی هێرشی سایبێریی ئێران بۆ سەر ژێرخانی ئاوی ئیسرائیل لە بەهاری ٢٠٢٠، هێندێک لێکۆڵەرەوەی ئیسرائیلی پێیانوابوو کە هێرشی سایبێری کە بەتۆڵەی ئەوەی ئێران بەڕێوە چوو و بووە هۆی بەستنی بەندەرێکی ئێران، بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ لەرزۆک بوونی ئێران. ئەو ئاکامگیرییانە پشتیوانیی بۆ درێژەدانی زەخت لە لایەن ئیسرائیلەوە بەهێزتر دەکا، سەرەڕای داوای شل کردنی ئابلۆقەکان لە کاتی پەتای کۆرۆنادا.

هەروەها جێگای ئاماژەیە کە لەو ساڵانەی کە بوونە هۆی ڕێککەوتنی بەرجام، بەرهەڵستکارە سەرەکییەکانی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران، سەرۆکانی دامودەزگای ئاسایشی ئیسرائیل بوون. لە نێویاندا فەرماندەی گشتیی پێشووی هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل، گادی ئایزەنکۆت، گابی ئەشکەنازی و بێنی گانتز و هەروەها ڕێبەرانی هەواڵگری، وەک سەرۆکانی پێشووی مووساد، مەیر داگان (کە لە ساڵی ٢٠١٦ مرد) و تامیر پاردۆ و سەرۆکی پێشووی شین بێت، یوڤال دیسکین. ئەوان زۆرتر لەوە دەترسان کە هێرشێک بەبێ ڕەزامەندی و هاوئاهەنگیی ئەمریکا نابێتە هۆی دەستەبەر بوونی ئاکامی دڵخواز. ئەمڕۆ، تاکی هاوڕا کە بە تەواوی پشتیوانی لە ڕوانگەکانی نەتانیاهو دەکەن، دەسەڵاتی دامودەزگا بەرگرییەکانیان بە دەستەوەیە. بۆ نموونە، سەرۆکی مووساد یوسی کۆهەنە، جێگەی متمانەی نەتانیاهو و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو. سەرۆکی لێژنەی ئاسایشی نەتەوەیی ئێستا، مەیر بین شابات، بە هەمان شێوە هاوپەیمانێکی نزیکی سەرۆک وەزیرانە. ئەو کە لە شین بێتەوە هاتوە، خاوەنی ئەزموونی پێویست لە بارەی ئێران و هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نییە. بەڵام لە کاتێکدا کە زۆر لە کاربەدەستانی بەرگریی ئیسرائیل پێیانوایە کە ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێران باشترین بژاردەیە، ئەوان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی هەنووکەیی کە ئێستا لەگەڵ نەتانیاهو بەتەواوی هاوتەریبن، لە پێشنیار کردنی ڕوانگەی جێگرەوە دڵسارد دەکرێنەوە. لە کاتێکدا کە وەزیری بەرگریی تازە دیاریکراو، گانتز، لەوانەیە ئەو دیسکۆرسە بگۆڕێ، هێشتا ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ ڕوون و ئاشکرا نییە.

ئاکامەکە ئەوەیە کە سیاسەتەکانی ئیسرائیل بەرانبەر بە ئێران ئێستا بە شێوەیەکی دەگمەن یەکگرتوون، بێ‌هیچ ڕوانگەیەکی جیاواز لە بارەی ژیریی سیاسەتێک کە بە دڵی نەتانیاهویە. بە بەڕێوەبەرایەتییەکی وڵاتە یەکگرتووەکان کە بە تەواوی لایەنگری هاتوهاواری دوژمنانە بەرانبەر ئێران و پشتیوانی بەردەوامیی زەختی ئابووری و سەربازی لەسەر ئەو وڵاتەیە، کاربەدەستانی سیاسی و ئاسایشی ئیسرائیل شتێکی کەمیان بۆ مشتومڕ هەیە. ئیسرائیلییەکان تا ڕادەیەکی زۆر هاوڕان کە باشترین هەڵوێست ئەوەیە ئیسرائیل درێژە بە لاواز کردنی تواناییەکانی ئێران لە سووریە بدا و هاوکات پشتیوانی لە هەڵمەتی ئەوپەڕی زەختی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ئێران لە ڕێگای ئابلۆقەی ئابووری، هێرشی سەربازی لە عێراق و سووریە و بەردەوامیی شەڕی سایبێری بدا. زۆر کەس لە ئیسرائیل پێیانوایە ستراتێژیی کۆتایی نەتانیاهو ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان هان بدا ئاستی گرژییەکانی لەگەڵ ئێران بەرز بکاتەوە کە ببێتە هۆی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران، کە هێندێک ئیسرائیلی پێیان وایە زۆر کاریگەرتر لە هەر هێرشێکی ئیسرائیل دەبێ کە بتوانێ بۆ خۆی بەڕێوەی ببا. بژاردەی سەربازی، لە ٢٠١٣ بەم لاوە وەلا نرابوو، جارێکی دیکە بۆتە بابەتی گفتوگۆی نەتەوەیی.

### ئاڵوگۆڕی سیاسەتی ئیسرائیل لە ماوەی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ

گومانێکی کەم لەو بارەوە هەیە کە ڕوانگەی دوژمنانەی ترامپ بەرانبەر بە ئێران و ڕێککەوتنی ئەتۆمی هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو بۆ نەتانیاهو. بە گوێرەی گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستان و لێکۆڵەرەوانی ئیسرائیل و، هەروەها هەواڵەکانی ئەو ماوەیە، وێدەچێ نەتانیاهو چالاکانە لۆبیی بۆ کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرجام دەکرد، ئەگەرچی ناوبراو ئەو کارەی بە ساکاری نەدەکرد. نەتانیاهو و ڕان دەرمەر، باڵوێزی ئیسرائیل لە وڵاتە یەکگرتووەکان، هەڵبژێرانی دۆناڵد ترامپیان وەک دەرفەتێکی چاوەڕواننەکراو بۆ لە بار بردنی ڕێککەوتنەکە و ڕاستکردنەوەی سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران سەیر دەکرد. بە گوتەی کاربەدەستێکی پێشووی هەواڵگریی ئیسرائیل، هەڵکشانی ترامپ بەرەو کۆشکی سپی، بووە هۆی "ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو"، بە شێوەیەک کە سیستمی سیاسیی ئیسرائیل، هەڵبەت جگە لە توێژی پسپۆڕان، چالاکانە دەستیان کرد بە کار کردن دژی ڕێککەوتنەکە.

کاری ئەوان وەک ئەوە دەچوو کە بیانهەوێ حاجییەک موسوڵمان بکەن. وەک کاربەدەستێکی پێشووی بەرگریی ئیسرائیل گوتی: "یا نەتانیاهو بە ترامپی دەگوت ڕاست دەکەی یا ئەوەی کە هەر دووکیان وەک یەک بیریان دەکردەوە." کاربەدەستێکی پێشووی دیکە سەرنجی دابوو لە کاتێکدا کە نەتانیاهو هۆشیار بوو، دیتی کە ڕێبەرانی عەرەبی خەلیج کاتێک ترامپ هاتە سەر کار، داوای هەڵوێستێکی شەڕەنگێزانەتری دژبە ئێرانیان دەکرد. ئەو چییتر هۆیەکی نەدەهاتە بەرچاو کە خۆی سنووردار بکا، کاتێک دەیدیت ترامپ و ڕاوێژکارەکانی لە پێوەندی لەگەڵ ڕوانگەکانی بەرانبەر بە ئێران "بە تەواوی هاوڕان". کاربەدەستێکی پێشووی هەواڵگری بە هەمان شێوە دیتبووی کە لە کاتێکدا کە نەتانیاهو دەیهەویست ترامپ لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە، ترامپ بۆ خۆی لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەڵێنی دا کە بکشێتەوە و بەو مەبەستەوە دەستی بە کار کرد. بۆیە، هەر دوو ڕێبەر لە پێشدا "هاوڕا بوون".

ئاشکرا کردنی ئارشیڤی ناوکی لە لایەن ئیسرائیل کە لە ئێران دەستیان کەوتبوو و پێشکەشکاریی دراماتیکی نەتانیاهو لە بەهاری ٢٠١٨، تەنیا چەند ڕۆژ پێش بڕیاری ترامپ بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە، وێدەچوو لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان هاواهەنگ کرابێ. لەو کاتیدا، ئیسرائیل چاوەڕوانی ئەوە بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاربەدەستانی ئیسرائیل دیتنەوەی ئارشیڤەکە و ڕاگەیاندنی گشتیی ئەو ڕووداوە بۆ دروستکردنی بیروڕا لە ئورووپا و جیهان بە شتێکی گرینگ دەزانی. بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو. لە کاتێکدا کە ئارشیڤەکە ئیددیعای درۆی ئێرانی لە بارەی بەرنامەی ناوکیی خۆی لە ڕابردوودا بەهێز کرد، نەیتوانی بەڵگەی نوێ پێشکەش بکا کە ئێران بەرجامی پێشێل کردوە. ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بە هەمان شێوە چەند ڕاپۆرتی پێشکەش کردن کە تێیاندا ملکەچ بوونی ئێرانی پشتڕاست دەکردەوە، تەنانەت کاتێک کە وڵاتە یەکگرتووەکان هەڕەشەی کشانەوەی لە ڕێککەوتنەکە دەکرد.

لە بۆیە و سەرەڕای هەڵوێستی دژە بەرجامی نەتانیاهو و ڕاوێژکارە نزیکەکانی، هێندێک دەنگی گرینگ لە ئیسرائیل هێشتا لایەنگری مانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە نێو بەرجامدا بوون و بەرپەرچی هەوڵەکانی ڕاوێژکارانی نەتانیاهوویان بۆ دەست هەڵگرتن لە ڕێککەوتنەکە دەدایەوە. کاربەدەستێکی پێشووی بەرگری–هەواڵگری باسی کرد کە پسپۆڕانی ئاسایشی ئیسرائیل بەرجامیان وەک باشترین ڕێگاچارە بۆ گیروگرفتێکی ئاڵۆز سەیر دەکرد، بە تایبەتی کە هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران پڕ مەترسی بوو. بە پێچەوانەی نەتانیاهوو، زۆر لە پسپۆڕانی ئاسایشی ئیسرائیل، ئێرانیان وەک ئەکتەرێکی ئەقڵانی سەیر دەکرد کە دەکرا سنووردار بکرێ و، بەرجامیان وەک مێکانیزمێکی بەکەڵک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە سەیر دەکرد. تەنانەت ڕێبەرانی پێشوو وەک سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پێشووی هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل، ئێهود باراک، کە سەردەمێک لایەنگری بژاردەی سەربازی بوو، گرینگیی کشانەوەی یەکلایەنەی وڵاتە یەکگرتووەکانی نەدەدی. بە گوتەی ئەو، "تەنانەت ئەگەر ئەمریکا بڕیار بدا لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە، هیچ لایەنی دیکە وەدوای ناکەوێ، نە چین، نە ڕووسیە و نە تەنانەت ئورووپاییەکان." ئەوە بە قازانجی ئێرانییەکان تەواو دەبێ. بە هەمان شێوە، سەرۆکی پێشووی شین بێت، کارمی گیلۆن دەیگوت "کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە بژاردەیەک نییە. ئەوە تەنیا هێندێک شت لەو کەم دەکاتەوە کە بوونیان هەیە، هێندێک دەستکەوت و شتی دیکە کە بەرچاون و لە جیاتان جێی ئەوان بە هیچ پڕ دەکرێتەوە."

بەڵام کاتێک ترامپ لە مەیی ٢٠١٨ بە فەرمی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە بەرجام کشاندەوە، مشتومڕ لە نێوخۆی ئیسرائیل کۆتایی هات. تەنانەت ئەو کاربەدەستانەی کە پێیان وا بوو بەرجام لە بژاردەکانی دیکە باشترە دەستیان بە بیرکردنەوە لە لایەنە گیروگرفت خولقێنەکانی کرد. ئەوانی کە هێشتا پێیان وایە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ باشترین بژاردەیە لە دەربڕینی بۆچوونەکانیان دڵسارد دەکرێنەوە.

## سپاسنامەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستان!**
**ئەندامان، لایەنگران و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

ئەوساڵ حیزبەکەمان و حیزبەکەتان، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکدا یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی خۆی جێژن گرت و یۆبیلی ئەڵماسی لە بەرۆکی خۆی دا کە بەداخەوە لە بەر پەتای کۆرۆنا ئەو جۆرەی کە بەرنامەی بۆ دارێژرابوو، جێژن و ڕێوڕەسمەکان بەڕێوە نەچوون و بەو جۆرەی کە شیاوی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە نەکرا بە شێوەی پێویست ئەم یادە مەزنە پڕشکۆتر بکەین بە جێژن.

پەتای کۆرۆنا لە لایەک و پەتای کۆماری ئیسلامی لە لایەکی‌ترەوە و، خوڵقاندنی کەشوهەوای ئەمنیەتیی زاڵ بە سەر نیشتمانەکەماندا، دوو کێشەی بەردەم ئەم یادە گەورەیە بوون. بەڵام ئێوەی دڵسۆز و خاوەن ئیرادە، ڕێگەتان نەدا هیچکام لەو بەڵایانە پێش بە چالاکییەکانتان بگرن و ئەوەی لە دەستتان هات کردتان و بە شێوەی جۆراوجۆر ڕێزتان لە نزیکەی هەشت دەیە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرت. ئافەرین بۆ ورەی بەرز و وەفاداریتان بە ڕێبازی حیزب و شەهیدان.

**خۆشەویستان!**

ئەگەر لە سەرەتای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە بەر هۆکاری سیاسیی ئەو کات ئەو مەجالە بەم حیزبە نەدرا کە پەل بۆ سەرانسەری کوردستان بهاوێ و چالاکییەکانی زیاتر لە ناوچەی موکریان بەڕێوە دەچوون، بەخۆشییەوە ئەوا ئێستا پەیامی ڕزگاریی نەتەوەیی سەرانسەری نیشتمانەکەمانی هەر لە لوڕستانەوە تا ماکۆ گرتۆتەوە کە بێگومان ئەوەیان ئەگەر لە لایەک نیشانەی بەرەوژوور هەڵکشانی هەست و شعووری نەتەوەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، لە لایەکی دیکەشەوە بەرهەمی هەڵسووڕان و چالاکیی بەردەوامی ئێوەیە.

ئەوساڵ پانتایی چالاکییەکانی ئێوەی ئەرکوەخۆگری ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان، بە هەموو لایەکی نیشان دا کە حیزبێک کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی خۆی بێ، هیچ جۆرە بەربەست و پیلانگێڕییەکی دوژمنان ناتوانێ نە لە کۆمەڵگەی خۆی دابڕێ و نە پێش بە بڵاوبوونەوەی پەیامی ڕزگاریخوازانەی بگرن. بەو تایبەتمەندییەوە کە باس کرا هەر دەبێ درەنگ یا زوو حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم ڕەسالەتەی، واتە ڕزگاریی خەڵک و نیشتمانەکەی بەجێ بگەیێنێت.

**ئەندامان و لایەنگران و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

ئێوە لەم ماوەیەدا سەرەڕای فشارە ئەمنیەتی‌یەکانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، بە شێوازی جۆراوجۆری وەک؛ نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی تراک، هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، سەردانی بنەماڵەی شەهیدان، نووسینی بابەتی تایبەت بەم یادە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ناردنی گرتە ویدئۆ و پەیامی پیرۆزبایی ئەرکی خۆتان بە باشترین شێوە بەڕێوە برد.

بۆیە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ، وێڕای ئافەرین پێ‌گوتنتان، سپاس و پێزانینی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانتان پێ ڕابگەیەنێ. بەو هیوایەی هەرچی زووتر سێبەری ڕەشی دیکتاتۆری لە سەر ئاسمانی وڵاتەکەمان لابچێ و پێکەوە لە شاربە شار و گوند بە گوندی وڵاتەکەمان ئەم جێژنە و جێژنی ڕزگاریی نیشتمانەکەمان لە ژێردەستی، بگرین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**٢٧ی گەلاوێژی ١٣٩٩**

## هەگبەی شاخ و شۆڕش




# هەڵوەرینی گوڵێک لە باخچەی قارەمانان


برایم چووکەڵی

کات دێ و تێدەپەڕێ، ئەوەی دەمێنێتەوە مێژووی ڕووداو و کەسایەتییەکان، تاڵی و سوێری، خۆشی و ناخۆشیی ژیانی ئینسانەکانە. ئەویش کەسانێک کە لە چارەنووسی گەلەکەیاندا ڕۆڵیان گێڕاوە، نابێ ئەو ژیانە پڕ لە ژانە لە بیر بکەین. دەبێ دەرس لە مێژووی پڕ لە شانازیی ئەو تێکۆشەرانە وەر بگرین. لەگەڵ ئەوەش دەبێ گیانیان‌بازی، هەڵوێست و قارەمانییەکانیان بۆ نەسڵەکانی دواتر باس بکەین و ئەوانیش بە ئەمانەتەوە بیپارێزن.

حیزبی دێموکرات خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و سەربەرزییە، ئەم مێژووە بە خوێنی ڕۆڵەکانی نووسراوە. وەک دەبینین ساڵانێکی دوور و درێژە دژی ڕێژیمە زۆردارەکان وەستاوە و بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەی خەبات دەکا. بە تایبەتی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بە سەر وڵاتی ئێراندا بە دەیان هەزار ڕۆڵەی کورد هاتوونە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە بەرانبەر دڕندەترین و ڕێژیمی سەردەمدا خەباتیان کردوە و بە هەزاران کەس لەوان گیانیان لە پێناوی ئامانجەکانی گەلەکەیاندا بەخشیوە. لەم ژمارەیەدا یادێک لە «بایز کەلامی» ناسراو بە «باییز قەڵاتاسیانی» دەکەین.

شەهید «بایز قەڵاتاسیانی» لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە ئاوایی قەڵاتاسیان سەر بە ناوچەی ڕەبەت لە بنەماڵەیەکی وەرزێر لەدایک بوو. لە تەمەنی ٧ ساڵییدا چووە قوتابخانە، باییز هەر ٣ کلاسی خوێند و لەو کاتەوە وێڕای بنەماڵەی دەستی بە کار کرد. لە تەمەنی لاوییەوە دەست و پەنجەی لەگەڵ کوێرەوەریی ژیان نەرم دەکرد، چارەنووس وا بوو کە لەگەڵ ژان لەدایک بێ و بە ژان گەورە بێ و خۆشی و چێژی ژیانیش بۆ ئەو ئاواتێکی گەورە بوو کە قەت وەدی نەهات.

بایز ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خۆی ماندوو دەکرد لە هەوڵی دابینکردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەکەیدا بوو. ژیانی شەهید باییز تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەم جۆرە تێپەڕی. بەڵام جەنایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، هەستی خەوش‌دار کرد. هەرچەند لە هەلومەرجێکی ئاستەمدا دەژیا، بەڵام دیگوت: «کاتێک نەتەوەی کورد لە نێو بچێ منیش لە نێو دەچم و ژیان بۆ من و باقیی هەژارانی کوردستان مانای نییە، کاتێک بە ئازادی نەژین.» هەر بۆیە لە گەرمەی شەڕەکانی ساڵی ١٣٥٩دا بڕیاری شۆڕشگێڕانەی دا و لە بنەماڵەی زەحمەتکێشی ماڵاوایی کرد و چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی لە شان کرد و لە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتدا دەستی بە خەبات کرد.

شەهید باییز ئیمانێکی قووڵی بە ڕێبازی حیزبەکەی بوو، کوڕێکی فیداکار و ئازا بوو و زوو نیشانی دا کە کوڕێکی ئاکارجوان و شۆڕشگێڕە، بۆیە بەرپرسایەتییان پێ سپارد، ئەم جار شێلگیرانەتر لە پێشوو ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد. پاشان لە ساڵی ١٣٦٣ وەک سەردەستە دیاری کرا. لە ماوەی بەرپرسایەتیی چەندین عەمەلیاتی قارەمانانەی بەڕێوە برد، فەرماندەیەکی سەر لە پێناو بوو، بۆ هەر شوێنێک حیزب ڕای‌سپاردبایە نای نەبوو. بۆیە لە ناوچەکانی باشووری کوردستان، بانە، سەردەشت، مەهاباد ئەرکی پێشمەرگایەتیی بە ڕێک‌وپێکی بەڕێوە بردوە؛ بە هۆی بەڕێوەبردنی ئەرک و ئازایەتی و فیداکارییەکانی لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە بە نووسراوە تەشویق کرا.

شەهید بایز قەڵاتاسیانی لە زستانی ١٣٦٤دا وەک جێگری فەرماندەری لک و سەرەنجام ساڵی ١٣٦٥ وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. ئەو مەسئوولییەتەی بەو پەڕی هۆگرییەوە وەر گرت و سەلماندی کە توانایی بەڕێوەبردنی هەیە و، زۆر عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی ڕەبەت بە فەرماندەیی ئەو بەڕێوە چوو. ئیمانی بە ڕێبازی حیزب وای لێ کردبوو چاوی لە گوللە نەدەترسا و هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی خۆڕاگرییدا بوو. شەڕەکانی گەردەنەی زمزیران، گوندی نستان، نێوشاری ڕەبەت، جادەی مەهاباد–سەردەشت، دۆڵی دێموکرات و چەندین حەماسەی دیکە وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە دەفتەری بیرەوەریی پێشمەرگایەتیی ئەو قارەمانەدا ماوەتەوە و ئێستاش خەڵکی ئەو ناوچانە یادی دەکەنەوە.

شەهید بایز تەنیا پێشمەرگەیەکی ئازا و شەڕکەر نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک بوو. چووبایەتە هەر ناوچەیەک ڕێزیان لێ دەگرت و ئەویش ڕێزی لە خەڵک دەگرت. لەگەڵ هاوسەنگەرانی لەسەرەخۆ بوو، ئەزموونەکانی خۆی بۆ شی دەکردنەوە و وەک مامۆستایەکی شەڕی پارتیزانی ڕێنوێنیی دەکردن، هەستان و دانیشتن و کردەوەکانی لە خزمەت ئامانجەکانی جووڵانەوەدا بوو، چالاکی و هەڵسووڕیی ئەو لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادییدا بەرچاو بوو، کەسێکی ڕاستوێژ و دەست و چاو پاک بوو؛ هەر بە هۆی ئەم تایبەتمەندییانەشیەوە پێشمەرگە و هاوسەنگەرەکانی ڕێنوێنییەکانی ئەویان لە بەرچاو دەگرت.

لە ڕۆژی ٣١ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ لە نزیک ئاوایی «سەیدسارم» لەسەر جادەی بانە–سەردەشت کەوتنە کەمینی هێزەکانی دوژمن، پێشمەرگە قارەمانەکان وەک هەمیشە زوو لێیان وەدەست هاتن و کەمینەکەیان تێک شکاند، بەڵام بە داخەوە باییز قەڵاتاسیانی کەوتە بەر گوللەی دوژمن و گیانی پاکی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانەوە.

# لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی

## (تەکوزی و کەرەستەکانی شەڕی ناتوندوتیژ )


و: مەنسوور مرووەتی

**هەر وەک لە ژمارەکانی پێشدا باس کرا و لە ژمارەکانی داهاتووشدا وەک زنجیرە باس بەرچاوتان دەکەوێ، لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی ناوی توێژینەوەیەکی "جین شارپ"، بیرمەندی ناوداری بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژە. شارپ ساڵی ١٩٢٨ لە ئۆهایۆی ئامریکا لەدایک بووە، دوکتۆرای فەلسەفەی سیاسیی بووە و جیا لە مامۆستایەتی لە زانکۆکانی ئامریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ سەردانی زۆر وڵاتی کردوە و تەنانەت زۆر جاریش بۆ پەروەردەکردنی خەڵک سەری لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەڵێناوە و لەوە گرینگتر لە چەند وڵاتێک خۆی گەیاندووەتە ریزی پێشەوەی نارازییان و تێکەڵ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە بووە. کاکڵی ئیدەکانی جین شارپ ئەوەیە کە ''دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی خەڵکەوە وەدەست دێنن، ئەگەر خەڵک ئاوا ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران نەبن دەتوانن دیکتاتۆرەکان بە چۆکدا بێنن یا دەنا مەجبوور بە ئاڵوگۆڕیان بکەن.''**

**لەم زنجیرە باسەدا باس لە بنەما فیکرییەکانی "جین شارپ" بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری دەکرێ:**

هەڵەیەکی هەمیشەیی خەباتی سیاسی لە ڕابردوودا کە زۆربەی کات بەبێ پلان دەستیان پێ کرابوو، ئەمە بوو کە پێیان وابوو دەکرێ بە پشت‌بەستن بە یەک یان دوو شێواز، وکوو مانگرتن و خۆپیشاندانەکان بە ئامانج بگەن. لە ڕاستیدا ڕێگا و شێوازی زۆر هەیە کە دەستی ستراتیژیستەکانی بەرگری (مقاومت) ئاوەڵا دەکەن کە لە کاتی پێویستدا بەرگرییەکە لە سەر شتێک چڕ یان بەربەرینی بکەنەوە.

نزیکەی دووسەد شێوازی ناتوندوتیژ تا ئێستا ناسێنراون و بێگومان زۆر شێوازی دیکەش هەن. ئەم شێوازانە لە سێ دەستەی سەرەکیدا پۆلێنبەندی کراون: "نارەزایەتی و هاندان"، "هاوکاری نەکردن" و "هێرش".

**شێوازەکانی نارەزایەتی و هاندان** زیاتر خۆپیشاندانە سیمبۆلیکەکان لە خۆ دەگرن کە بریتین لە، ڕێژە و مەشقە سەربازییەکان، ڕێپێوانەکان و شەوبێدارییەکان. ئەمانە ٥٤ شێواز لە خۆ دەگرن.

**هاوکاری نەکردن** کە خۆی بە سێ دەستە دابەش دەبێ؛

ئەلف- هاوکاری نەکردنی کۆمەڵایەتی،( ١٦ شێواز.)

ب- هاوکاری نەکردنی ئابووری کە بریتیە لە بایکۆتەکان،(٢٦ شێواز) و مانگرتنەکان،(٢٣ شێواز)

ج- هاوکاری نەکردنی سیاسی، (٣٨ شێواز)

**هێرشە ناتوندوتیژەکانیش** کە بەشێوازەکانی فیزیکی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و سیاسی وەکوو ڕۆژوو، دەست بەسەر داگرتنی ناتوندوتیژ و دەوڵەتی هاوتەریب بەڕێوە دەچن، ٤١ شێواز لە خۆ دەگرن.

ئەگەر بەشێکی زۆر لەم شێوازانە بە وردی هەڵبژێردرێن و بە شێوەیەکی بەردەوام لە لایەن خەڵکی سێڤیلەوە و لە چوارچێوەی ستراتیژییەکی ژیرانەوە بە تاکتیکی جۆراوجۆر کاریان پێ بکرێ، هەموو ڕێژیمێکی نارەوا تووشی کێشەی جیددی دەکا. ئەم بابەتە هەموو حکوومەتە دیکتاتۆرەکان لە خۆ دەگرێ.

بە پێچەوانەی شێوازی چەکداری، شێوازەکانی ناتوندوتیژ دەتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە سەر ئامانجە دیاریکراوەکان چڕ بکرێنەوە.

بۆ وێنە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بابەتی دیکتاتۆری بەتەواوی باسێکی سیاسییە، دەکرێ کەڵک لە شێوازەکانی ناتوندوتیژ وەربگیرێ. ئەم شێوازانە بریتین لە خۆبواردن لە قبووڵ کردنی ڕەوایی ڕێژیم و دیکتاتۆر و هاوکاری نەکردن لە گەڵیان. هاوکاری نەکردن هەروەها دەکرێ تەنیا لە سەرهەندێ سیاسەتی تایبەت بەڕێوە بچێ. جاری وایە دەکرێ بە وەدواخستن و گوێنەدان و بێدەنگە لێکردن و تەنانەت بەنهێنی کارێک بکرێ. جاری واشە هاوکاری نەکردنەکە بەئاشکرا خۆی نیشان دەدا، وەکوو خۆپیشاندان و مانگرتنەکان کە هەمووان دەیبینن.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر دیکتاتۆرەکان لە بەرانبەر فشاری ئابووریدا لاواز بن، یان زۆربەی سکاڵای خەڵک پێوەندیی بە کێشەی ئابوورییەوە بێ، ئەو کاتە کردەوە ئابوورییەکان وەکوو بایکۆت و مانگرتنەکان دەکرێ ڕێگایەکی باش بن بۆ خەبات.

هەوڵی دیکتاتۆر بۆ کەلک وەرگرتن لە سیستەمی ئابووری لەوانەیە بە مانگرتنە گشتیە چکۆلەکان، خاوەخاو کردن لە کار و خۆبواردنی پسپۆڕان لە کار، پێشی پێ بگیرێ. بەکار بردنی شێوازەکانی مانگرتن دەتوانێ لە بەستێنەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابین‌کردنی مەوادی خاو و دابەش‌کردنی شتومەکەکاندا، کاری پێ بکرێ.

هەندێ لە شێوەکانی خەباتی ناتوندوتیژ پێویستیان بە هەندێ کارە کە بەدەر لە ژیانی ئاسایی خەڵکە، وەکوو بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکان، بەڕێوەبردنی بڵاوکراوە نهێنیەکان، مانگرتن لە خواردن یان دانیشتن لە سەر شەقامەکان. جگە لە هەندێ شتی تایبەت جێبەجێ کردنی ئەمانە ڕەنگە بە هەموو کەسێک نەکرێ.

لە لایەکی دیکەوە هەندێ شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ پێویستی بە ڕەوتی ئاسایی ژیانی خەڵک هەیە. بۆ وێنە لەوانەیە خەڵک لە جیاتی مانگرتن بڕۆنە سەر کارەکانیان بەڵام زۆر لە سەرەخۆتر لە هەمیشە و بە کاری زۆر کەمتر.

" هەڵەکردن لە کاردا " کە دەکرێ بە قەستی و زۆر دوبارە بکرێتەوە. یان کەسێک خۆی لە نەخۆشی بدا و نەتوانێ لە هەندێ کاتی تایبەتدا لە سەر کارەکەی ئامادە بێ. یان کەسێکی تر خۆی لە کارێکی تایبەت ببوێرێ. لەوانەیە کەسێک بچێتە ڕێوڕەسمێکی ئایینی کە نەتەنیا بابەتی ئایینی بەڵکوو شتی سیاسیشی تێدا بێ. لەوانەیە کەسێک لە ماڵەوە دەرس بە مناڵەکانی خۆی بڵێ یان بیاننێرێتە کلاسی نایاسایی بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر تەوژمی بانگەشەکانی ڕێژیم.

وێکچوونی ئەم جۆرە کارانە لەگەڵ ژیانی ئاسایی خەڵک و لادانێکی کەم بەنیسبەت ژیانی ئاسایی ئەوان، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکێکی زۆرتر بتوانن لەو خەباتەدا بەشداری بکەن.

لەبەر ئەوەی کە شێوەی کاری خەباتی توندوتیژ و ناتوندوتیژ لە بنەڕەتڕا لێک جیاوازن، لە ڕەوتی زنجیرە خەباتێکی سیاسیدا تەنانەت توندوتیژییەکی زۆر کەمیش باش نییە، چونکە چالاکییەکان بەرەو لایەک دەڕۆن کە دیکتاتۆرەکان تێیدا باڵادەستن، ئەویش تێکهەڵچوونی چەکداری.

ڕێکوپێکی ڕەمزی بنەڕەتیی سەرکەوتنە کە نابێ تەنانەت بە دڕندەیی و هاندانی دیکتاتۆرەکان ئەوە فەرامۆش بکرێ. پاراستنی ڕێکوپێکیی ناتوندوتیژ لە بەرانبەر توندوتیژیی لایەنی بەرانبەر ئاسانکاری بۆ چوار جۆر کار و ئاڵوگۆڕ دەکا کە دواتر و بەشەکانی دیکەدا باسی دەکەین. ڕێکوپێکی تەنانەت دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێزی لایەنی بەرانبەر بگێڕیتەوە بۆ خۆت. لەم بوارەدا وەحشیگەری و دڕندەیی دیکتاتۆر بەدژی چالاکانی بواری ناتوندوتیژ، بە چالاکییەکی سیاسی بۆ خۆی هەڵدەگەڕێتەوە، کە ئەمە دەبێتە هۆی ناکۆکی لە نێو دامودەزگای دیکتاتۆریدا و پشتیوانیی خەڵک و لایەنگرانی ڕێژیم و کەسایەتی و دەوڵەتانی دیکە بۆ لای ئازادیخوازان.

بەهەرحاڵ لەوانەشە هەندێ کات توندوتیژییەکی کەمیش بەدژی دیکتاتۆر ڕوو بدا و نەکرێ پێشی پێ بگیرێ. لەوانەیە هەژاری و بێبەشی و ڕق و قینەکان بە شێوەیەکی توندوتیژ بتەقێنەوە. یا تەنانەت هەندێ گرووپی تایبەت سەرەڕای زانیارییان لە سەر ڕۆڵی گرینگی خەباتی ناتوندوتیژ، زۆر ڕێگری لە توندوتیژی نەکەن. لەم کاتانەشدا نابێ خەباتی سیاسی بخرێتە پەراوێزەوە. بەهەرحاڵ پێویستە تا ئەو جێگایەی دەکرێ کاری توندوتیژ لە کاری ناتوندوتیژ جیا بکرێتەوە. دەنا بە پێچەوانەی ئەمە ئاکامی توندوتیژی بۆ خەباتی سیاسی هەرچەندە بەهێز و سەرکەوتووش بێ، کارەساتی بەدواوە دەبێ.

بەڵگە مێژووییەکان وا نیشان دەدەن سەرەڕای ئەوەی خەباتی ناتوندوتیژ لەوانەیە زەرەر و زیانی ماڵی و گیانیی بەدواوە بێ بەڵام ڕادەی ئەم زەرەرانە زۆر کەمترە لە زەرەروزیانی شەڕی چەکداری. جیا لەوە ئەم شێوازە لە خەبات نابێتە هۆی ئەوەی کە کوشت و کوشتار و دڕندەیی کۆتاییان پێ نەیە.

خەباتی ناتوندوتیژیش خۆی پێویستی بە کەمکردنەوەی ترسی خەڵک لە حکوومەت و سەرکوتەکانیەتی و هەم بۆ ئەوەش تێدەکۆشێ. نەترسان و لە کۆڵکردنەوەی ترس خۆی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ لە بەین بردنی هێز و دەسەڵات دیکتاتۆرەکان بەسەر خەڵکدا.

### ڕوونبێژی (شفافیت)، نهێنی‌کاری و ستانداردە باڵاکان

نهێنی‌کاری، فێڵ و حیلە شاراوەکان کێشەی زۆر جیددی بۆ ئەو بزووتنەوانە دروست دەکا کە کەلک لە خەباتی ناتوندوتیژ وەردەگرن. زۆر جار ناکرێ کە پێش بە پولیس و ڕێکخراوە جاسوسییەکان بگیرێ کە زانیارییان لە سەر ئامانج و بەرنامەکان نەبێ. لە ڕوانگەی بزووتنەوەکەوە نهێنی‌کاری نەتەنیا لە ترسەوە سەرچاوە دەگرێ بەڵکوو خۆی هۆکاری ترسە. ترسێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕووحی مقاومەت کەمڕەنگ ببێتەوە و ڕێژەی ئەو کەسانەی کە دەتوانن لە کارێکی تایبەتیدا هاوکارییان هەبێ کەم دەبێتەوە.

هەروەها نهێنی‌کاری ڕەنگە ببێتە هۆی دروست بوونی شک و گومان و بوختان کە ئاخۆ کێ ئەو زانیارییانەی بۆ لایەنی بەرانبەر کۆ کردۆتەوە و لە سەر کاروباری بزووتنەوەکە زانیاریی پێ داون. نهێنی‌کاری لەوانەشە تەنانەت کار لەسەر توانایی مانەوەی خەباتی ناتوندوتیژی بزووتنەوەکە بکا.

لەبەرانبەردا شەفافییەت و ڕوونبێژی لە ئامانج و بەرنامەکان، جگە لە کاریگەریی پێچەوانەی نهێنی‌کاری، دەبێتە هۆی ئەوەی کە وێنەیەکی زۆر بەهێزتر لە بزووتنەوەی بەرگری پیشان بدرێ.

ئەڵبەتە ئەم باسە هەروا سادەش نییە کە باس دەکرێ و زۆر لایەنی چالاکییەکان پێویستیان بە نهێنیکاری هەیە و لە هەندێ کاتی تایبەتیدا لە لایەن کەسانی شارەزا لە بردنە پێشی خەباتەکە و هاوکات شارەزا لە سەر شێوازەکانی چاوەدێریی دیکتاتۆرەوە، بەڕێوە دەبرێن.

پێداچوونەوە، چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤارە نهێنییەکان، کەلک وەرگرتن لە ڕادیۆ نایاساییەکانی نێوخۆیی و وەدەست هێنانی زانیاری لە سەر کاروچالاکییەکانی دیکتاتۆر لەو کارانەن کە پێویستیان بە نهێنی‌کارییەکی زۆر هەیە.

ڕاگرتنی ستانداردەکانی بەرزی هەڵسوکەتەکان لە خەباتی ناتوندوتیژدا لە هەموو قۆناغەکانی ململانێیەکەدا زۆر گرینگە.

هەندێ فاکتەری وەکوو نەترسان و پاراستنی ڕێکوپێکی لەم خەباتەدا هەمیشە پێویستن. گرینگە ئەوەمان لەبیر بێ کە جارجارە بۆ هەندێ گۆڕانکاریی تایبەت پێویستمان بە خەڵکێکی زۆرە. بەشداری کردن و هاوکاری کردنی ئەو خەڵکە زۆرەش تەنیا کاتێک مسۆگەر دەبێ کە ستانداردە باڵاکانی بزووتنەوەکەمان پاراستبێ.

***



# شیلانی شەڕگە

شارۆخ حەسەنزادە

لە سەدەی بیستەم ئاکادێمیسییەنە ڕووسەکان باوەڕیان وابوو تەنیا ڕێگای نەقد و ڕەخنەی ژانرێکی ئەدەبی ئاشنایی دەگەڵ کات و ساتی نووسەری دەقە، ئەو قەیران و ئاڵۆزییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ژیانی کەسی نووسەر هۆکاری ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بابەتەکانە. یان ڕەخنەگرانی فەلسەفی هەر لەو سەدەیەدا پێیان وابوو کە هونەر دەبێ تەنیا لە خزمەت مەزنایەتی ڕۆحدا بێ و گۆڕان لە "سەرەکاتە کۆمەڵایەتییەکان" (بزنگاەهای اجتماعی) هۆکاری خولقاندن و ڕۆنانی ژانری ئەدەبی و هونەرییە.

بەڵام فۆرمالیستە ڕووسەکان، لە ساڵی ۱۸۹۰ بەولاوە، کەسانی وەک دیمیتری مێژۆفێسکی و ویلادێمیر بریوسێف تەکەزیان کرد کە دەبێ ڕەخنەی هونەری بەر لە هەموو شتێک لە چوارچێوەی جوانیناسیدا بکرێ و کەرەسەی هەڵسەنگاندنی دەقێک خۆی یاسای هونەری هەیە. بزووتنەوەی فۆرمالیستی بە نووسینی نامیلکەی "ڕاپەڕین" (رستاخیز)۱۹۱٤ ویکتۆر شکلۆفێسکی، باسی لە بۆچوونی زمانی شێعری و لەمەڕ شاعیری کە ڕوانگەکەی زۆرتر شێواز و مێتۆدناسینی بوو. گەشەی هەراوی ڕەخنە ئەدەبی بە نووسینی "مەرگی دانەر" لەلایەن ڕۆلان بارت کە بە جۆرێک هزری بە قوناوی بۆچوونی فۆرمالیستە ڕووسەکان پاراو دەبوو، ئاوێکی ساردی بەسەر گڕی ئاکادێمیسییەنەکاندا کرد و لاپەڕەیەکی نوێی لە ڕەخنەی ئەدەبی داهێنا. لە مەرگی دانەردا Death of the author ، ڕەخنەگر کاری بە، -بۆ میناک- ڕاوبۆچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نووسەر نییە، ڕەوشی مێژوویی کە شاعیر تێیدا هەڵکەوتوە، مەزهەب یان ئەتنیک و دەروونناسیی خولقێنەر لای بارت گرنگ نییە، گرنگ لای ئەو خودی دەقەکەیە، ئەو پێیوایە خوێنەر دەبێ نووسراوەی ئەدەبی لە نووسەر هەڵاوێرێ و بۆی پرسیار نەبێ ئەو ژانرە کێ نووسیویەتی، هەتا دواتر مەبادا بە ناسینی نووسەر بە چاک و خراپ هەڵسەنگاندنی ناڕاستی بۆ بکا. کەوابوو لەم ڕوانگەیەدا نووسەر ئیتر ناوەندی سەرنج و کاریگەری نییە و ڕۆڵی خۆی لە ئەدەبی ڕەخنەدا لەدەست دەدا، بە قەولی بارت دانەر یان داهێنەر دەمرێ و لە وشەی (scripture) کەلک وەردەگرێ بە جێگای نووسەر یان (author)، واتە داهێنەر هیچ ڕۆڵێکی نییە و ئەوە گێڕانەوەیە بوونی، خۆیا دەکا!

ون بوونی author لە سەر سێن و نەمانی لە نڤیسین دەبێتە هۆی ئەوەیکە مانایەکی نوێ لە نووسین وێنا بکرێ و نووسراوە وەک جۆرێک شکڵی چەند پاڵویی لێ بێ کە لەوێدا نووسراوە زۆر و زافەکان پێکەوە کۆ ببنەوە و یان لە بەرامبەر یەکتر ڕاوەستن و پێکەوە هەڵبسەنگێندرێن، جا ئەو هەمووە ڕەنگاوڕەنگی و جۆراوجۆرییەیە کە دانەر دەبێ بە تەرکیب و پێکهاتەی ئەو ڕەنگانە دەقێک بخولقێنێ.

بارت پێیوایە لە ئاکامدا مەرگی دانەر دەبێتە مەرگی ڕەخنەکاریش! و ئەمجارە خوێنەر یان بەردەنگ جێگای ڕەخنەکار دەگرێتەوە، لەو شوێنەی کۆمەڵێک نووسراوە خولقاوە و یەکگرتوویەکی ئەدەبی ڕووی داوە، ئەمە یەکەیەکی وێژەییە و سەرچاوەکەی نووسەر نییە، بەڵکوو مەبەستی ئەو خوێنەرەکەیەتی.

کەوابوو بەرکەوتنی دەق نەک بە چاو بەڵکوو بە نووسین، لە نیوان ڕەخنە و خوێندنەوە ورکە جۆماڵێکی دەوێ، ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە بە چەمکی نێوان "لێوی دەلالەت و لێوی نیشانە" هەڵدەسەنگێندرێ. ڕەنگبێ هەر ئەمەش هۆکارێک بێ کە مانا، وەک نواندنەوەی حەز، لە دەرەوەی سیستەمی زمانی پێک بێ.

بە ڕوانگەی ئەرەستوو لە "بووتیقا" (کتێبی فەنی شێعری ئەرەستوو)، ئاخافتنی شاعیرانە گوتەیەکە کە سووک و چرووک نەبێ، دەقی شاعیرانە دەبێ ڕوون و ڕەوان بێ، ئەگینا دەبێتە لێدوانێکی ڕەشۆکی و بازاری. لێبەلێ، نابێ ئەوەندەش خۆی لە خەڵک ئەیاغ بکا و لێی تێنەگەن، کە ئەمەشیان خۆی لاوازییە، یان ئەوەیکە کەسی شاعیر بێت و کەڵک لە خوازە و وشەی وەها وەربگرێ ببێتە مەتەڵ و کەس بۆی هەڵنەیێ. کەوابوو خولقێنەری دەقێکی ئەدەبی میناک شێعر، دەبێ زمانێکی هەبێ کە سنووری باریکی نێوان زمانی خەڵکی ڕەشۆکی و بازاری دەگەڵ زمانی تایبەتی پێکەوە بلکێنێ و باری مانایی و ڕوونبێژیی لەهەمان کاتدا هاوئاهەنگیی پێوە دیار بێ.

"شیلانی شەڕگە" دەفتەرە شێعری بەڕێز قادر وریا، ئەگە قەرار بە لێکدانەوە بێت، دەبێ چۆن چاوی لێبکرێ و هەڵسەنگێندرێ؟

نووسەر لە پێشەکیدا دەنووسێ: "۳٤ ساڵ لەمەوبەر بڕیارم دا ئەوەندە بەرهەمەی بە خەیاڵی خۆم وەکوو شێعر نووسیومن و نەفەوتاون، لە دەفتەرێکدا کۆ بکەمەوە"(ل ۷ شیلانی شەڕگە).

قەڵەمی کاک قادر لە نووسینی پەخشان یان نەسری گێڕانەوەییدا گڕوتین و هێزێکی بێئامانی هەیە، کەلک وەرگرتن لە وشەی ڕەسەن و پەتیی کوردی، دەستووری ڕێزمانی و ڕێنووسی بەتەواوی پارێزراوە و وەک کەسێکی ئاکادێمی و بەئەزموون لە ڕەخنە بێ باکە. سەیری نووسراوەی سەرەتاکانی نووسینی بدەن: "ئەم دێرە لەتوپەتانە کە شێوەی شێعر دەدەن، ئەم کاروانە وشەیەن کە هۆبە بە هۆبە و، هەوار بە هەوار و، ماڵ بە ماڵ و، کێو بە کیو و، مەڵبەند بە مەڵبەند و، بگرە سەنگەر بە سەنگەر، لە توێی دڵدا و یا لەسەر سینگی لاپەڕە شڕەیەکدا بە ناوی ڕێژنەی خەم و تاسەی خۆشەویستان (ی دوورکەوتووە) و لە ژێر ڕەهێڵەی پەژارەی لەدەست دانی ئازیزان هێناومن" (پێشوو ل ۷)...

چازانی لە ڕستەبەندی و هینانەوەی خوازە و دەستەوا وەک تکنیکی نووسراوەیەکی بەرز بە جوانی کەڵکی لێ وەرگیراوە. نووسەری دەفتەری شێعری شیلانی شەڕگە، کەسێک بووە کە لە پەڵەیەک لە بەهەشت لەدایک بووە. بنەماڵە، دۆست و جیران و شاری جێژوانی قوتابخانەکەی مەڵبەندی مێژوو و نیشتمانپەروەرانی کورد بووە، وریا ئەگەرچی لەبەر ئەوینی حیزب و باوەڕەکەی نەیتوانی لە زێدی خۆی درێژە بە خوێندن بدا و لە نزیکەوە کەسانی وەک مارفی ئاغایی شاعیر بناسێ و لە کۆڕی ئەدیبانی شارەکەی بەشدار بێ هەتا لەبواری فەننیی شێعرەوە باشتر و جدیتر کار بکا، لە کۆڕی هاوڕێیانی حیزبی دێموکرات داڵێ و لەم سەنگەرەوە درێژە بە خزمەت کردن بە گەل و نیشتمانەکەی دەدا. لێرە دەبێتە هاوڕێی د.قاسملوو و د. شەرەفکەندی و سەدان تێکۆشەری ئەفسانەیی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات. هەروەک چۆن لە کاری سیاسیدا پلە بە پلە لە ئەندامێکی سادەوە دەستی پێ کرد و گەیشتە دوندی سەرکردایەتیی یەکەمین حیزبی زیندووی ئێران و مەزنترین حیزب لە ئاستی کوردستانی ڕۆژهەڵات، دڵنیام ئەگە ڕێچکەی ژانری شێعریشی گرتبابەر دەیتوانی وەکوو سیاسەت و چالاکیی حیزبی قۆڵی لێ هەڵماڵێ و بە چڵەپۆپە بگا.

بۆچوونی پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕی هزری و ڕوانین تەنانەت لە شێوازی نووسین و بیرکردنەوەی مرۆڤی چالاک بەردەوام لە حاڵی گەشەدایە، پێشکەوتن لە؛ بەرمەرجەکانی مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوایە کە دێکارت وەک باوکی فەلسەفەی مۆدێرن دێتە ناسین، ئەو پێی وایە دالغە و زەینی مرۆڤەکان لەتەک لەش جیاوازیان هەیە، بەو مانایە کە دالغە بەرەو گەشەی بەردەوام دەچێ و لێکجیا نەبوویە بەڵام لەشی مرۆڤ دەکرێ بەشێکیشی پێوە نەبێ و بتوانێ بژیت وەک نەبوونی دەست یان پەڕینی لاق و....

یەکەم هۆنراوەی کاک قادر بەناوی "محەسسیلی دێهاتی" ساڵی ۱۳۵۷ ڕۆنراوە، واتە دەبێ بگەڕێینەوە ٤۱ ساڵ لەمەوبەر و بە دەربیجەی تێگەیشتن و فامی ئەوەندە ساڵە پێش، هەڵسەنگاندن بۆ شێعرەکەی بکرێ هەڵبەت دەبێ تەمەنی شاعیریش لەبەرچاو بگیرێ! محەسسیلی دێهاتی بەرهەمی بیرکردنەوەی مێرمناڵێکی لادێیی شایی بەخۆی سەربزێوە، ئەم دەستە لە هۆنراوانە زۆرتر وە فەرهەنگی مانەوەی فەقێیان لە حوجرەی مزگەوتان دەچێ، کەوا بە تام و چێژی تەنزاوی بەسەرهاتی قوتابییەک لە شار و مزڵی ڕەبەنی خۆیان باس دەکەن، جیا لەم فۆرمە شێعرییە دوو ساڵ دواتر (وەک لە کتێبەکەدا هاتووە) چوارینەش تاقی دەکاتەوە کە من پێم وایە چوارینەکان لە بواری کێش و ئاهەنگ بەپێی تەمەنی شاعیر و خوێندەواری و ئەزموونی، جوانن:


**شەرتە تا ماوم لە دونیا قەت ئەوینت بەر نەدەم**
**با گڕی ئەو عیشقە پاکە بمسووتێنێ دەم بە دەم**
**تۆ وەرە شەرتێک ببەستین دیدەکەم! ئەی چاوەکەم!**
**مەیلی یەکتر بەرنەدەین هەر بە وێنەی زین و مەم (ڵ ۲۱)**

ئەزموونی شێعریی وریا لە ساڵی ۱۳٦۰ بەتایبەت لە فۆرمی نوێ و ئازاددا گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و بەبەراورد بە فۆرمەکانی دیکە دارشتنێکی باشیان بۆ کراوە (ژیانەوە، نەورۆز، ژوانگە، تەنایی و..). دەقی ژیانەوە، ئەگەرچی تەژییە لە هەستی تازەلاوێکی بەئیحساس کە وەک ئەوە وایە پاش خەوێکی قورس وەخەبەر هاتوە، تازە دەزانێ نیشتمانەکەی چی بەسەرهاتوە و گەلی کورد بە چ قوناخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ، لێرە دەکەوێتە سەر هۆنینەوە لە قالبی ئەدەبیاتی بەرگری و ڕوون کردنەوەی لاوان و کێزان بۆ چارەنووسی خۆیان کە من هەموو دەمێ ئەم قالبە شێعرییەم بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە پێویست زانیوە و وەک چۆن لە ئورووپای سەدەی حەڤدە و هەژدە ڕۆمان ئەو ڕۆڵەی گێڕاوە، لە کوردستانیش ئەوکاتەی "وریا" خولیای شێعر و نووسین بوو و چارەنووسی سیاسی کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵات بە ئاقارێکی هەستیاردا تێدەپەڕی؛ کەسانی وەک هێمن و هەژار، ئاوات و حەقیقی بە شێوازی کلاسیک و سوارەی ئیلخانیزادە (بێکەس و پەشیو لە باشوور) بە فۆڕمی نوێ پرسی کوردیان هێنابووە ناو قامووسی وێژە:

**لەبیرتە لەیەکەم ژووان دا،**
**بە گوێی منت گەیاند: ئەمن،**
**لە پیوانی ڕێی ژیاندا،**
**لە ڕێگای مان و نەمان دا**
**تا بمێنم لەگەڵ تۆ دام،**
**هەر هاوڕێتم، بۆتۆ پەنام؟... (ڵ ۲۳)**

دواتربە هۆنینەوەی سروود خۆی تاقی دەکاتەوە و لەوپەڕی سادەییدا (۲٥ی گەلاوێژ و سەدسڵاو لە دێموکرات، کوردستان و..) دەچڕێ و درێژەبەکارەکەی دەدا. هۆنراوەی "یادی نەمرێک" هەروەها "لە شینی چەوساوە" دوو لە جوانترین شێعرەکانی ئەو دەفتەرەن، پڕە لە وێنە و تەسویر، وشە جوان، سوواو، ڕووت، پەیامی ڕوون و هەستێکی ئەویندارانە بۆ گیان لەدەستدانی خۆشەویستان. دەڵێن شێعری بۆنەیی زوو لەنێودەچێ، بەڵام ئەگە ئەمانە کاریان بۆ بکرێ تەمەنیان زۆر زیاتر دەبێ.

**لە تۆ فێربوون تێکۆشان**
**خەبات و گیان بەخت کردن**
**لە تۆ فێربوونە ماندوویی و**
**لەپێناو میللەتا مردن (ل ٤۳)**




"وڵامی نامەی ئازیزێک و موحەسسیلی دێهاتی" نمونەی شێعرە نەستەق و تەنزاوییەکانن و شاعیر قەڵەمی خۆی تاقی کردۆتەوە، ئەم دەستە لە هۆنراوانە لە بواری دەروونناسییەوە پێمان دەڵێن کە نووسەر دڵێکی حەزینی هەیە و هەستی خەمباری خۆی بە دەربڕینێکی تەنزاوی ڕوو دەکا.

لە "شێوەنێکی بێ کۆتایی" بۆ جوانترین گوڵی شنۆ! ئەو بۆچوونەوەی من پشتڕاست دەبێتەوە کە هەتا دێ و قەڵەمی کامڵتر و ئەزموونی زیاتر دەبێ، ئەگە وریا پێی ڕێی شێعری هەڵگرتبا، دەبوو بە شاعیرێکی جوانینەناس:

**بۆتۆ ئەی جوانترین گوڵی شنۆ**
**بۆتۆ، بۆتۆ**
**ڕێژنەی بارانی فرمێسکی دڵدۆراوێکی ڕەنجەڕۆ**
**ملوانکەیەک شێعری خەمین**
**بیکە ئەستۆ،**
**گەردەنبەندێکی هۆنراوە بە مرواریی ئەسرینی من،**
**پێی هەڵپەڕە بە ئاهەنگی**
**هەنسکی ئاگرینی من**
**کە ژینی من سەرانسەر ئاخنرابێ بە ناکامی ئەوینی من**
**بۆ جەیازی کۆچت نەبێ**
**هەناسەکەی بەفریی من؟...**

"بێ تۆ بێ من ئەم چیایە" نموونەی هەرە بەرچاوی شێعری حیماسی و بەرگرییە، کە دەیسەلمێنێ ئەگە پێشمەرگە لە چیاکان (لێرە قەندیل بە خوازە هاتووە) هەتیوە! لە کۆتاییا شانۆنامەکەی "دیسان نەورۆز" من وەبیر "گۆڕستانی چراکانی" شێرکۆ بێکەس دێنتەوە، دیارە سرووشتییە جیاوازی لە چۆنیەتیی دارشتن و هۆنینەوە هەروەسا نێوەڕۆک هەیە، بەڵام هونەری گێڕانەوەی باش وێنا کردوە.

کاک قادر بۆخۆی دەڵێ: "سەرەڕای ۱۰ ساڵ شێعر نووسین قەت نەبووم بە شاعیر! (ڵ ۱۰)، بەڵام منیش نە ڕەخنەگرم و نە مەبەستم هەڵسەنگاندنی شێعرەکانی بووە، بەڵام وەک وەفایەک بۆ ٤۱ ساڵ خەبات و تێکۆشانی کەسێک کە هەموو ژیان و خولیا و حەزەکانی کردە قوربانی ڕێگای پیرۆزی نیشتمان و حیزبی دێموکرات ئەو چەند ڕستە سەقەتەم نووسیوە.

---

## وانەکانی مافی مرۆڤ

(۱۳)

# مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگە جیاوازەکان


شارۆخ حەسەنزادە

یەکەمین خاڵ لە باسی مافەکانی مرۆڤ، کە پێویستی بە بیرهێنانەوەیە ئەوەیە، تاکەکان کە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەژین سەر بە شایستەیی سیستەمی حقووقیی جۆربەجۆرن؛ کە دەسەڵاتی بەسەر پێوەندیی کۆمەڵایەتیی ئەواندا هەیە و ماف و ئەرکی ئەوان دیاری دەکا. بە نێرینێکی تر مرۆڤەکان کۆمەڵێک مافی جۆراوجۆر لە بەستێنی هەمەڕەنگیان هەیە: لە مافی کەسی بگرە هەتا مافەکانی بنەماڵە و خێزان، مافی مەدەنی و... . کام یەک لەم مافانە بۆ پلە و پایەی مافی مرۆڤ بەرز دەکرێتەوە؟ ئایا سەرجەم ئەم مافانە وەک بەشێک لە مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێن؟ بەدڵنیایەوە شتی وانییە، چونکە بۆ میناک، مافی هەڵوەشاندنەوەی سەودا کە بە هۆکارگەلێک بە لایەنەکانی مامەلە دراوە، وەک بەشێک لە مافی مرۆڤ ناژمێردرێ. کەوابوو ملک و پێوەری ئەوەیکە مافێک دەکەوێتە چوارچێوەی مافەکان مرۆڤ کامانەن؟

هاسانترین بەرسف بۆ ئەم پرسیارە، مافەکانی مرۆڤ ئەو دەستە لەو مافانەن کە ئینسان بەهۆی مرۆڤبوون و بەدەر لە ڕەوش و دۆخی بگۆڕی کۆمەڵایەتی یان ڕادەی لێهاتوویی و شیاوی تاکی ئەو، لێی بەهرەمەندە. وڵامە گریمانەکە بەم جۆرەیە کە زنجیرەیەک لە نۆرم و بەهاکان، بنەما و مافێک هەیە کە لایەنی جیهانیبوونی هەیە. (جیهانداگرە) و سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەی جیهانیش متمانەی پێدەکەن و دانیان پێداناوە، چوونکە هەموو مرۆڤێک لەبەر ئینسان بوونی خاوەن ماف گەلێکن کە هیچ حکومەت یان کۆمەڵگەیەک ناتوانێ دانیان پێدا نەنێ. هەربۆیە لە پێناسەی مافەکانی مرۆڤ گوتوویانە: مافی مرۆڤ بە مانای هەڤیازی (امتیاز) گشتییە کە هەموو تاکێکی ئینسانی خاوەنیەتی». ئەم پێناسەیە نەک هەر کێشەکە چارەسەر ناکا بەڵکوو گرفت و ناڕوونییەکان زیاتر دەکا.

بۆ میناک، کامە ماف، خودی مرۆڤانەیە و کێ ئەوە دیاری دەکا؟ لەلایەکی تر ئایا دەکرێ مرۆڤ بەشێوەی دەرهەست و ئەبستراکت، سەربەخۆ لە کۆمەڵگە و ڕەوش و دۆخی کۆمەڵایەتی، کلتووری و ئابووری ژینگەی ئەو، خاوەن ئەو مافە بێ؟

### بۆچوونی پشت ئەستوور بە گرینگایەتی، ئاکار و جیهانداگری

بەشێک لە توێژەران، مافەکانی مرۆڤ وەک مافێک دادەنێن کە خاوەن «گرینگایەتی»یە، مافێک کە ئەخلاقییە و مافگەلێک کە «جیهانداگرە»، کاتێک کە دەڵێین، مافێک وەها گرنگایەتییەکی هەیە کە بەشێکە لە مافەکانی مرۆڤ، مەبەستی ئێمە لە گرینگایەتی چییە؟ ئایا بایەخی ناخیی ئەو مافەیە؟ بایەخ و گرنگایەتی کەرەسەیی ئەوە؟ بایەخەکەی لە کۆمەڵە و نیشان دانی مافە؟ گرنگایەتی ئەو مافە لەم سۆنگەیەوەیە کە ئیتر لەبەرچاوگرتن ناتوانێ ئەو مافە بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی؟ یان گرینگایەتییەکەی وەک کۆڵەکەیەکی پێکهاتەیی (ساختاری) لە سیستەمی ژیان بەختەوەر دەبێ؟

پەسنەکانی «ئاکاری» و «جیهانداگری»یش وشەگەلی تێک چڕژاون. چ شتێک دەبێتە هۆکاری ئەوەیکە مافێکی تایبەت، جیهانداگر، ئاکاری و گرنگی لێ بێ، کێ لەم بوارەیەوە بڕیار دەدا؟ بەڵام هیچکام لەم لێڵی و شاراوەییانە نابێتە هۆی شک و گومان تێخستن بۆ هەبوونی زنجیرەیەک ماف کە بۆ هەموو مرۆڤێک پێویست و زەرووریییە.

ئەوەیکە دیاروبەرچاوە، ژیانی تاکی ئینسانی لە چاخی ئاڵۆز و تێکچندراوی ئەمڕۆ، بەبێ هەبوونی ئەو مافانە جێبەجێ نابێ و سەرناگرێ، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە وڵامی زۆرێک لەو پرسیارانە و ناڕوونیانە بۆ چۆنیەتی بناخەی پاساوکاری فەلسەفی دەگەڕێتەوە.

### ئاخێزگەی مافی مرۆڤ

پێشتر گوتمان کە «مافی مرۆڤ» زاراوەیەکی نوێیە، کەوابوو بە دڵنیایەوە دەتوانین بڵێین ئەم دەستەواژەیە لە ئۆلە نەریتی و ناسراوەکاندا نەبووە، بەم حاڵەش، تیۆلۆژی (الاهیات) ڕوانینێکی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەیە کە لە ڕێسایەک سەرتر لە یاسای حکومەتەکان سەرچاوە دەگرێ، ئەویش سەرکانی خوایە.

### ئۆل، مەزنترین ئاخێزگە

لە شرۆڤەی بناخەیی بوونی دین لە بۆچوونی مافەکانی مرۆڤ دەتوانین بڵێین لە هەموو ئایینەکان، مرۆڤ بوونەوەرێکی پڕبایەخ، مەزن و بە جۆرێک پیرۆز دێتە ناسین. لە ڕۆژگاری کەون (عهد عتیق) هاتوە کە، ئادەم لە «ئادگاری خوا» گووراوە و ئەمە یانی مرۆڤی بوونەوەر، مۆرکێکی خوایی لە نێوچاوان و تەوێڵی دراوە کە بایەخ و نرخی گەلێک گرانە.

قورئانیش لەم بارەیەوە دەفەرموێ: «ئێمە بەڕاستی، مەزنایەتیمان بە مناڵەکانی ئادەم بەخشی». (ئایەتی ۷۰ لە سووڕەتی ئەسرا). لە حیماسەی بێهاگاوادگیتا»ش (گرنگترین و ڕمزاویترین بەشی حیماسەتی هیندی ناسراو بە «ماهابهاراتا») هاتوە: «هەرکەس خواوەندی خۆی لە ناخی بوونەوەرێکی دیکەدا ببینێ کە بەبێ مەرگ و مردن لە نێو جیهانی لەنێوچووندا (فانی) بژی؛ هەر ئەوەیە کە بە حەقیقەت بینیویەتی.» بۆچوونی هەموو دینەکان ئاوایە کە خوا مرۆڤی خەلق کردوە، بەشداری لە خوڵقاندن و ئافراندن، بەجیهانی بوونی بەشێک لە مافەکان کە بۆ سەرچاوەیەکی بانخۆزاو سەرچاوە دەگرێ دەگەڕێتەوە. ئەم مافانە ناتوانن بە هێزێکی داکشان یان بەرەونەمان هەروەها هێزی دنیایی، لە مرۆڤەکانی بستێنییەوە، ئەم چەمکە لە نەریتی جوولەکە، کریستیان و ئیسلام ژی یان تەنانەت لە ئۆلەکانی تریش کە خوا کۆڵەکە و بناخەیە دەبینرێ.

# تایبەتمەندییە سیاسی و کولتوورییەکانی گەلی کورد و پێویستیی تێپەڕین لە جەغزی مێژوویی

مانێشت کوردستانی

چوارچێوەی فکریی بەهاداری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕابردووی پڕ لە شانازی و کەسایەتییە خەباتکارە مەزنەکانی، هانی دام بەپێی توانای خۆم ئاوڕ لە هۆکارە مێژوویی و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی کورد بدەمەوە کە سەرەڕای بەهای بەرزی مرۆییان، هەندێ جار هۆکاری نێگەتیڤ بوون لە گوتەزای سیاسی و یەکگرتوویی کوردەکان.

ئەوەی مەبەستمە بیپەڕژێمە سەری، ئەو واقعییەتە مێژووییانەن کە پشتگوێ خستنیان دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی کوردەکان لە ئامانجەکانیان و ڕێگرە لەوەی بە داخوازەکانیان بگەن.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی یەکەم کۆمەڵە مرۆییەکان، هاوکاری و تەبایی لە پێویستییە سەرەکییەکان بووە و تەنیا لە سێبەری ئەو هاوکارییەی ئەندامانی کۆمەڵدا بووە کە نەزم و ئەمنیەت و دابینکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی ئەندامانی کۆمەڵ مسۆگەر بووە.

هەر لە کۆمەڵە سەرەتاییەکانەوە ئامانجی بەردەوامی و مانەوەو گەیشتن بە داخوازەکان، پێویستیی پێناسەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەرخستوە و سەرەنجام دەسەڵاتی سیاسی پێکهاتوەو پاشان ڕێکخراوی سیاسی و دەوڵەت دروست بووە، تا ئەوەی کە ئەمڕۆکە مرۆڤەکان دەوڵەتی مۆدێرنیان لە سەر بنەمای دێمۆکراسی و ئیرادەی کۆیی بنیات ناوە.

لەوانەیە زۆربەی کوردەکان ئاگاداری ئەوە نەبن یەکەم کۆمەڵی مرۆیی لە ناوچەی کوردستان و لە پێشینانییانەوە سەری هەڵداوە. تا چەند دەیە لەمەوبەر ئەو گریمانەیە هەبوو کە یەکەم ئاخێزگەی کۆمەڵەی مرۆیی لە باکووری مێزۆپۆتامیا و باشووری ئاناتۆلی و نزیک ٨٠٠٠ تا ٨٥٠٠ ساڵ بەرلە ئێستا بووە. (بەو واتایەی کە هاتنەدەری مرۆڤ لە ئەشکەوتەکان و پێکهاتنی گوندەکان و شارستانییەتە سەرەتاییەکان کە ئەزموونی نوێبوون لە ژیانی مرۆیی و هەنگاوی یەکەمی بیچم گرتنی شارستانیەتەکان بوون).


هەڵکەندنەکانی (گورین تەپە) لە کرماشان (باشووری ڕۆژهەڵات) دەریانخست کە یەکەم کۆمەڵی شارستانی ٨٥٠٠ تا ٩٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر لەو ناوچەیە سەری هەڵداوە.

هەروەها هەڵکەندنەکانی تر لە پارێزگای کرماشان و لە (تەپەی گەنج دەرە)ی هەرسین دەریان خست کە شارستانیەتی مرۆیی ١٠٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەم جار لەو ناوچەیە دەرکەوتوە و زۆرێک لە دەسکەوتەکانی شارستانییەت وەک چاندن و خۆماڵی کردنی ئاژەڵەکان لەو کاتەدا دروست بووە. سەرەنجام پاش دۆزینەوەی تەپەی گوندی (شێخ ئاوای دینور) لە پارێزگای کرماشان بوو کە ڕابردووی کۆمەڵە مرۆییەکان و شارستانیەت بۆ ١١٨٠٠ ساڵ لەمەوبەر گەڕێنرایەوە. واتە لە ناوچە کوردییەکان ٣٥٠٠ ساڵ بەر لە یەکەم شارستانییەتی پێشتر ناسراو بە تایبەت لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی نزیک، شارستانیەتی مرۆیی هەبووە. لە لایەکی دیکەوە گریمانەی ئەوە دەکرێ کە لە (تەپەی چغارگاوانە)ی ئیسلام ئاوای ڕۆژئاوا چاندنی دانەوێڵە بۆ ١٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

گرفت لەوەدایە خەڵکانێک کە میراتگری یەکەم کۆمەڵە مرۆییەکان و سەرقافڵەی شارستانیەت بوون، ئەمڕۆکە نە تەنیا یەکگرتوو و تەبا نین تەنانەت لە نێوخۆیاندا زۆر پەرتەوازەن و بەشێکی بەرچاو لە هێز و وزەی خۆیان لە دووبەرەکی و دژایەتیی خۆیان بەکار دێنن.

پێویستە ئەوە بزانین یەکەم ئیمپڕاتۆری واتە یەکەم ڕێکخستنی سیاسی فرەنەتەوەی جیهان، ئیمپڕاتۆری مادەکان بووە کە کوردەکان دامەزرێنەری بوون.

سەرەڕای ئەو واقعیەتە مێژووییانە، ئێستاکە کوردەکان گەورەترین نەتەوەی جیهانن کە خاوەنی دەوڵەت و جوغرافیای سیاسی نین و بەداخەوە لە نێوان چوار دەوڵەتدا دابەش کراون.




دیارە دۆخی ئێستا بەرهەمی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی و مامەڵەی پشتی پەردەی زلهێزەکانە لەدوای جەنگی جیهانی. بەڵام پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ڕۆڵی کوردەکان چی بووە؟ کوردەکان پێش و دوای ئەو سەردەمە چ بوون و چییان کردوە؟ ئایا دوای جێبەجێ کردنی ئەو ڕێککەوتنە گەورەیە دژی کورد، گشت ڕێگاکان داخراون و هیچ نەتەوەیەکی تر نەیتوانیوە سەربەخۆیی خۆی وەدەست بێنێ؟ تەنانەت ئۆتۆنۆمی یان فیدڕاڵی؟ ئەگەر نەیتوانیوە هۆکاری چی بووە؟ بۆچی کوردەکان بەو مێژووە دێرینەوە نەیانتوانیوە وڵات و دەوڵەتی خۆیان بنیات بنێن؟ بۆچی دوای مادەکان تەنیا هیندێک حکوومەتی ناوچەیی لە هیندێک لە بەشەکانی کوردستان دورست بووە؟

بۆ دۆزینەوەی وڵامی ئەو پرسیارانە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی، ڕەفتاری و کولتوورییەکانی کوردەکان و، پشتگوێخستنی ئەو تایبەتمەندییانە، ئاماژەیە بۆ نەبوونی زانیاریی پێویست لە مێژووی ئەو گەلەدا. ئەو تایبەتمندییانە نەتەنیا خراپ نین بەڵکوو ئاماژەن بۆ ئەخلاقی بەرز و ڕەسەنایەتیی ئەو گەلە. تایبەتمەندیی وەک ڕۆحی سەربەخۆخوازی و چاولێنەبوون لە خاکی بێگانە کە هەرچەند لە ڕاستیدا ڕۆڵێکی گرینگی بینیوە لە دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی و یەکگرتوو، لە هەمان کاتدا ڕەسەنایەتیی ئەو گەلە دەردەخا.

دەگوترێ هەرکەس بڕوانێتە داب و نەریتی کوردان لە سەدەکانی ڕابردوودا، وێنەیەک لە ژیان و داب و ئەخلاق و باوەڕەکانی زۆر کۆنتری ئەو گەلەی بۆ دەردەکەوێ، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆحە سەربەخۆخوازی و ژیانە سەربەخۆیەی کوردەکان. تایبەتمەندییەک کە ئاوێتە بووە لەگەڵ دوو تایبەتمەندیی تاکەکەسی و ئەخلاقیی گرینگ واتە کەرامەت و جوامێری، و وایکردوە ئەو گەلە ڕوو لە کوێستان بکا بۆ ئەوەی هەم لە دەستدرێژیی بێگانە پارێزراو بێ و هەمیش ئەو کەرامەت و جوامێرییەکەی بپارێزێ. هەروەها ئەو شێوازە لە ژیان وایکردوە کە کوردەکان هەرگیز هەوڵی ئەوەیان نەدابێ هەڵکوتنە سەر گەلانی دیکە.

گەلی کورد سەرزەوییەکەی لە ئاناتۆلییەوە تا باشووریترین ناوچەی زاگرۆس بۆخۆی پێناسە کرد کە بەزۆری بە شاخ و بەرزایی داپۆشراوە و بەردەوام لەو ناوچانە لە گەڕاندا بووە. جگە لە هێرشی تورکان کە کوردەکانیان لە هەمەدان و زەنجان و تەورێز بەرەو عێراق و سووریە پاڵ پێوەناوە، یان کۆچی زۆرەملێیان لە لایەن حکوومەتانەوە بەرەو خوراسان و بەلووچستان و کرمان و دیلمان، ئەو ناوچانە تەنیا ئیرادەی کوردیان بە سەردا زاڵ بووە.

ڕۆحی سەربەخۆی کوردان کە لە ناخیاندا جێگیر بووە، تەنانەت لە ژیان عەشیرەییشدا بووەتە هۆی گۆشەنشینیی ئەو گەلە.

کوردەکان سەرەڕای دەمارگرژییان بۆ ئەندامانی عێل و عەشیرەت، وەک پیاوی ماڵەوە دەردەکەوتن و ژیانی بەتەنیا لەگەڵ بنەماڵەکەیان (یان لەوپەڕی خۆیدا لەگەڵ عێلەکەیان) لە هەموو شتێک بۆ گرینگتر بووە. دیارە ژیانی عەشیرەیی یارمەتیدەری جێکەوتنی ئەو ڕوحە تەنیا و سەبەخۆیەی بووە.

یەکێک لە لێکۆڵەران باسی سێ تایبەتمەندیی کوردان دەکا کە بریتین لە:

١- پاراستنی ڕەسەنایەتی و شوناس،

٢- ژیانی جیاو سەربەخۆ لە یەکتر بە شێوەیەک کە هەرگیز نەچوونە ژێر ئاڵایەکی یەکگرتوو،

٣- کۆبوونەوە لەدەوری سەرۆک عەشیرەت و دەمارگرژی بە عێلی خۆیان.

ئەو تایبەتمەندییانە بوونەتە مایەی دووریی کوردەکان لە یەکتر و دروستبوونی چەندایەتی و جیاوازییە زاراوەیی و هەندێ جاریش بەریەککەوتنی دژوار لە نێوانیاندا، کە زۆر جاریش لەلایەن گەلانی ترەوە کەڵکی خراپیان لێوەرگیراوە.



عوسمانییەکان ناسناوی پاشایان بە سەرۆک عێلەکاندا و سەفەوییەکان ناسناوی سوڵتان، لەوبەریشەوە جافی مرادی و جافی جوانڕۆیی دژی یەکتر دەجەنگان. ئینگلیز پاش گرتنەخۆی(قیمومیت) عێڕاق، بۆ بەدەستەوەگرتنی سنوور و شاڕێی بەغدا_ کرماشان _تاران، عێلی کەلهوڕی چوو بۆلای کوردانی کرماشان و کەلهوڕو داوای یارمەتی لێکردن. کوردەکان بە سپایەکی ١٥ هەزار نەفەری بە هانایەوە چوون و دەستیان بەسەر ئیسفەهاندا گرت کە پێتەختی سەلجووقیەکانیش بوو، بەڵام بەجێگەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتە، بە پێی دژی سەنجاوی هان دا و جەنگی لە نێوانیاندا وەڕێ خست. کە سەنجاوییەکانی لاواز بینی، زەنگەنەکانی دژیان هانداو .... ئەو دۆخە تا ئێستاش لە چوارپارچەی کوردستان بەردەوامە و حکوومەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بە سانایی دژی یەکتر بەکاریان دێنن.

دووبەرەکیی ئایینی و زاراوەیی لە بەشەکانی کوردستان یان ئەو پلانانەی ئەمدواییانە لە سۆشیال میدیا لەلایەن حکوومەتەوە بۆ جیاکردنەوەی لوڕ و لەک لە کورد و تەنانەت هاندانیان دژی ناوی کورد، درێژەی هەمان سیاسەتی ڕابردوویە.

لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە ڕێژیم سەربازانی کورد بە شێوازێک بەسەر ناوچەکاندا دابەش دەکا کە هێزی بەرەنگاربوونەوەی پێشمەرگە لە کوردەکان خۆیان و بەتایبەت لە خەڵکی کرماشان و لوڕستان و ئیلام بن و زۆرجار بینراوە و قوربانیان هەر دوو لایەن لە کوردەکانن.

کوردەکان خەڵکانێکی بەسۆز و وەفادار بە بەڵێنەکانیانن تا ئەو جێگایەی کە تەنانەت دوژمنەکانیان لە کاتی تەنگانەدا هانایان بۆ دەبەن. پلاندارێژی ئەنفال و قاتڵی کوردان، کاتێک کچەکەی لێی دەپرسێ دوای تۆ چی بکەین؟ وڵامی دەداتەوە کە پەنا بۆ کوردان بەرن کە زۆر جوامێرن! ئەو دەفەتانەی بۆ کورد پێکهاتوون، ئەگەر بۆ غەیرە کورد پێش هاتبان، لەوانە بوو بە باشی کەڵکیان لێ وەرگرتبا و بووبانە خاوەنی حکوومەت. بۆ وێنە ٢٠ هەزار ئەفغانی لە سەردەمی سوڵتان حوسێن سەفەوی بە بیانووی سکاڵا و ناڕەزایەتی دەربڕین وەڕێ کەوتن و شا فەرمانی کرد پێشیان پێ مەگرن تا خۆی گوێ لە قسەکانیان بگرێ، لە کاتێکدا لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ئیسفەهان سەری شایان بڕی و حکوومەتی ئەفغانیان لە ئیسفەهان ڕاگەیاند. بەڵام ٦٠٠ ساڵ لەمەوبەر و لە سەردەمی سەلجووقیەکان، بێوەی مەلیکشای سەلجووقی بۆ بەدەسەڵات گەیاندنی کوڕە شیرەخۆرەکەی بەڵێنەکەیان مەحموودی شیرەخۆرەیان بەدەسەڵات گەیاند و خۆیان گەڕانەوە. جگە لە ژمارەیەکی کەمیان کە لە ئیسفەهان مانەوە و نەوەکانیان ئێستاش لە داوێنی کوێستانەکانی ڕۆژئاوای ئیسفەهان نیشتەجێن.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ناتوانرێ وێڕای پاراستنی جوامێری و کەرامەت، ئیرادەو ویستیش وەک تایبەتمەندییەکی ئەخلاقیی پۆزەتیڤ لە لایەن کوردانەوە بە گرینگ دانرابایە تاکو کۆتایی بە دۆخی کارەساتباری ئارایی کوردان هێنرابا؟ ئایا ناکرێ هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە ئەخلاق و مرۆڤایەتی، ئیرادەمان وەگەڕ خەین و لەو گۆشەگیری و پاسیڤ بوونە سەبارەت بە ستەمی تورک و فارس و عەڕەب ڕزگاریمان بێ؟ وێدەچێ ئاوێتە کردنی بوێری و جوامێری و خەسڵەتە بەرزەکانی کورد لەگەڵ ئیرادەو غورووری کوردانە، بە ئامانجی گەیشتن بە لانیکەمی مافەکانی گەل لە جیهانی ئەمڕۆدا و بۆ بەرگرتن لە کوشتنی ڕۆڵەکانمان و هەروەها ناوزەد کردنمان وەک هاووڵاتیی پلە دوو کارێکی دژوار نەبێ و تەنیا پێویستیی بە ئیرادەی پتەو و هاوکاری و تەبایی بێ لە پەنا دوورکەوتنەوە لە بەرژەوەندییە تاکەکەسی و گرووپییەکان بێ.

کوردەکان ناسراون بە سەربەخۆیی خوازی، بەڵام سەربەخۆیی خوازیی تاکەکەسی جیاوازە لەگەڵ سەربەخۆیی خوازی کۆیی و نەتەوەیی. تەنیا دەبێ ئەوەمان لە یاد بێ، ئێمە نەتەوەیەکین و یەکگرتووییمان تەنیا و تەنیا بە سەربەخۆیی نەتەوەییمان بەدی دێ. ئەرکی هەمووومان وشیارکردنەوە و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکە. بە خۆشیەوە بیر و زەینی نەوەی نوێ وشیار و ئامادەیە. ئەرکێک کە حیزبی دێمۆکڕات وەک خاوەن مێژووترین و سەرکەوتووترین ڕێکخستنی کوردی دەتوانێ ئەو ئەرکە وەئەستۆ گرێ، تا کۆتایی بەو بانگەشەیە بێنێ کە کوردەکان هەرگیز ناتوانن لە دەوری ئاڵایەک کۆ ببنەوە.

ئەو تایبەتمەندییە بەرهەمی سیستەمی عەشیرەیی بووەو زۆربەی گەلان لەو قۆناغەدا بوون، بەڵام بە تێپەڕینی خێراتر و یەکدەنگی و بە یەکخستنی تواناکانیان بە ئامانج گەیشتوون و ئێمەش پێویستە بە تەبایی و یەکڕیزیی ئەو قۆناغە تێپەڕێنین و بەرەو داهاتوویەکی گەشتر هەنگاو بنێین.

هەروەک باسمان کرد کوردەکان بەناوبانگ بوون بە پێڕەوی لە سەرۆکی عەشیرە و ئەوڕۆکە تەنیا یەک عەشیرە لە ناو کوردانددا بوونی هەیە و پێویستە هەمووومان پێڕەوی لێ بکەین. ئەو عەشیرەیە ناوی "کورد"ە و سەرزەوییەکەی ناوی "کوردستان"ە، کە ناوی قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و ڕێبەرانی دوای ئەوان سەرۆکانی ئەو عەشیرەیەن و ئاڵای سێ ڕەنگ و خۆرنیشانی کوردستان هەموومان لێک کۆ دەکاتەوە. سەرۆکانی ئەو عەشیرەیە ناوی بەرزی پێشمەرگە شەهیدەکانن و هەموومان دەبێ بەتەواوی پێڕەویان لێبکەین و وەکوو نەریتێکی ڕاستەقینە ئامادەی گیافیدایی لە ڕێگایاندا بین.

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بەو ڕاستیە بکەم کە لە پێناسەو پۆلێنبەندیی سیاسیدا، گەلان دابەش دەبن بەسەر دوو حاڵەتدا و حاڵەتی سێهەممان نییە. بەو واتایە کە گەلان یان فەرمانڕەوان یان ژێردەستە. هەر بۆیە دەبێ گەلەکەمان لەو نێوانەدا یەکیان هەڵبژێرێ کە ئایا دەیەوێ خاوەن دەسەڵات و سەروەری خۆی بێ یان دەیهەوێ لە ژێر سەروەریی بێگانەدا بێ، دەیەوێ بەدواداچوون بۆ مافە بنەڕەتیەکانی خۆی بکا یان دەیەوێ میراتی چەند هەزار ساڵەی کوردان لەناو بەرن، لەبەر ئەوەی گومان لەوەدا نیە دوژمنانمان لە بۆسەی لەناوبردنمان دان.

***

کوردستان
● ژمارە: ٧٨٠
٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٩ _ ٢١ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# شەڕ و ئاشتی و پرەنسیپە جیهانگیرەکان لە کولتووری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا


عەلی بداغی

لە مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زۆر بەڕوونی ئامانج و خولیا و، هاوکات پلان و بەرنامەکانی دامەزرێنەرانی ئەم حیزبە فۆرموڵە کراون. لەم مەرامنامەیەدا وەدیهێنانی مافەکانی کورد و پارێزگاری کردن لەو مافانە بە ئامانجی بنەڕەتیی حیزبی دێموکرات داندراوە. لەو مەرامنامەیەدا زۆر بەڕوونی هاتوە کە حیزب هیچ دوژمنایەتی و ناکۆکییەکی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی نییە و دەخوازێ لە ڕێگەی هێمنانەوە مافە سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە ئێراندا وەدی بێن و دێموکراسی هەم لە کوردستان و هەم لە ئێراندا سەقامگیر ببێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درێژایی مێژووی خۆی ئەم پرەنسیپە پێشکەوتووانەیەی ئاوێتە بە باوەڕی بەرگری لە ناسنامەی نەتەوایەتی لەبەرامبەر هەر مەترسی و هەڕەشەیەک کردوە. "هێمن"، شاعیری میللیی کۆماری کوردستان و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی ئەم حیزبە ڕاست لە کاتێکدا کە سوپای جەهل و تاریکی هێرشی هێناوەتە سەر کوردستان و خۆی گوتەنی "قەڵتوبڕی خستە سنە"، بەمجۆرە ئەم پرەنسیپەی حیزب لەتوێی شێعرێکدا دادەڕێژێ:

**"لاشەڕم، کوا بەدفەڕم، ئەمما لەسەر مافی ڕەوام**
**دەست و چەک، ئیمان و هیوا و هەستی ئاورینم دەوێ**

**بۆ نەجاتی ئەم گەلە کۆیلە و هەژار و بێکەسە**
**گیانی پاک و بیری تیژ و ڕێگە ناسینم دەوێ**

**ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بەئازادی بژی**
**چۆن گەلی داماو و دیل و مات و خەمگینم دەوێ؟"**

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە بەردی بناغەوە، سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەمای چەند پرسێکی جەوهەری دانا، وەک خەبات و تێکۆشان لەپێناو مافی نەتەوایەتی، داکۆکی لە دێموکراسی، پێکەوەژیانی هێمنانە و لەسەرووی بوونی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵک لە هەر حاڵەت و بارودۆخێکدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٥ ساڵ تەمەنی خۆیدا ئێستاش پێوانەی سەرەکیی قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەتایبەتیی. لە هەموو ئەو ماوەیەدا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر دەرفەتێکی قۆستۆتەوە کە بە قازانجی نەتەوەی کورد بووە و لە هەموو هاوکێشە و پێوەندییەکانی لەگەڵ هێزە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی و جیهانییەکانیشدا پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی دەوری بنەڕەتیی گێڕاوە.

باوەڕ بە وتوویژ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران و پرەنسیپ و بایەخە مرۆییە جیهانییەکان لە ڕەوتی خەبات لەدژی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییدا تێچووی زۆر قورسی بۆ حیزب بووە. لە ئێعدامکرانی پێشەوای دامەزرێنەری، لە تیرۆری ڕێبەرانی شوێندانەری، لە کۆمەڵکوژیی خەڵکەکەی و شەهید بوونی هەزاران پێشمەرگەی جەنگاوەری؛ بەڵام ئەم حیزبە لە هیچ بڕگەیەکی مێژووی بریندار و خوێناویی خۆیدا قەت نەیویست تیرۆڕ بە تیرۆڕ وەڵام بداتەوە، زیندانییەک بخاتە ژێر ئەشکەنجەوە و، دیلێکی شەڕ ئێعدام بکا. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە مووشەک لێی درا، بەڵام وازی لە پرەنسیپی ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد لە ئێران نەهێنا و نەیهێشت ڕێژیم باوەڕ بە بایەخ و مەرامە جیهانگیرەکانی لەدەست دەربێنێ.

حیزبی دێموکرات ئەگەر لەسەر بنەمای جەوهەری باوەڕەکانی -بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد- هەر کاتیک هەلی وتوویژ ڕەخساوە، بە دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەوڵی داوە مافەکانی خەڵکی کورستان دەستەبەر بن و شەڕ و نائارامی وماڵوێرانی لە خەڵک دوور خاتەوە. بەڵام هەرکات دەسەڵات ویستوویەتی بە زەبری هێز کوردستان داگیر و خەڵک سەرکوت بکا، بە خەباتی پێشمەرگانە و بەرگریی چەکدارانە داکۆکیی لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان کردوە و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستانی بەهێز و، مەتەرێزی بەرگری لە خاک و نیشتمانی ئاوەدان ڕاگرتوە. هاوکات زەبری وەهای لە دوژمن داوە کە تاساوە، بۆ نموونە خومەینی بەر لەوەی جامە ژارە بەناوبانگەکەی لە ساڵی ٦٧ی هەتاویدا هەڵبدا، ئەم جامە ژارەی لە هاوینی ٥٨ دا و لە شەڕی سێ مانگە و لە سۆنگەی ئازایەتیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا فڕ کردبوو.

شانازییەکانی ئەم حیزبە لە ڕەوتی بەرگریی ڕەوای و قۆناغەکانی مێژووی خوێناوییدا گەلێک زۆرن. حیزبی دێموکرات پێشتر و لە ساڵەکانی ٤٦ و٤٧دا بە فیداکاری و لەخۆبوردوویی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی، گۆمی مەندی دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیی ئێران شڵەقاندبوو. ئەم حیزبە لە سەر یەک ٣٣ ساڵ خەباتی بێوچان بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی تۆمار کردبوو کە بە نرخی ئێعدامی ڕێبەرانی و زیندان و ئەشکنجە و ئاوارەیی و دوورەوڵاتیی کادر و پێشمەرگە و ئەندامەکانی وەسەر یەکی نابوو. حیزبی دێموکرات دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و لە کاتێکدا بە سیاسەتی واقعبینانە و هەڵوێستە ڕوون و بوێرەکانی بەشداریی چالاکانەی لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا کردبوو، بە نیازپاکییەوە لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ لە ناوەند کەوتە مامەڵەوە.

وتوویژ وەک پرەنسیپێک زۆر پێشتر لەو سەردەمە و لە کاتی کۆماری کوردستاندا لە حیزبی دێموکرات و لای ڕێبەرانی ئەم حیزبە نهادینە بوو، وەک چۆن کاتی خۆی پێشەوای شەهید چەند جار سەردانی تاران کرد و لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی پاشایەتی کەوتبووە دانوستانەوە، بۆوەی ناکۆکییەکان دوور گرژی و شەڕ و لێکدان چارەسەر بن.

لەو بارودۆخەشدا حیزبی دێموکرات لە ڕێگەی سەردان و ناردنی شاندی دانوستانکار، لە ڕێگەی نووسینی نامەی سەرئاوەڵا و نامەی نهێنی بۆ کاربەدەستانی ڕێژیمی نوێ، هەموو هەوڵی ئەوە بوو ڕێگە لە ڕوودانی شەڕ و میلیتاریزە کردنی کوردستان بگرێ، تا ئەو ڕادەیەی کە د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری چەپ و مارکسیستی حیزب "لبیک" بۆ خومەینی، ڕێبەری ئایینی و دوگمی ڕێژیم بنێرێ. یان تا ئەو جێیە لە مەدارا و ددان بە جەرگداگرتن بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لە کوردستان چووە پێش کە لەلایەن هیندێک ڕێکخراوە سیاسیی کەمئەزموونی کرچوکاڵەوە بە "سازشکار"ی دابندرێ و دروشمی "بمرێ"ی لەدژی بەرز بکرێتەوە! بەڵام کاتێک شەڕ دەرگای بە کوردستان گرت و زۆر لەو ڕێکخراوانەی هەتا پێش ئەوە حیزبی دێموکراتیان بە سازشکار دەزانی و خەڵکیان بۆ ڕاپەڕین و شەڕ لەدژی ڕێژیم هان دەدا لەپڕ لە مەیداندا نەمان، ئەمە دیسان حیزبی دێموکرات بوو کە باری قورسی بەرگریی چەکداری لە پێناو پاراستنی مان و شوناسی کورد لە ئێرانی گرتە ئەستۆ. تەنانەت لەو کاتەشدا کە




حیزبی دێموکرات کە هەرچەند مانگ دوای ئاشکراکردنەوەی تێکۆشانی لە نێوخۆی وڵات لە حیزێکی سەدان کەسییەوە ببووە خاوەنی هەزاران پێشمەرگە و سەدان هەزار ئەندام و لایەنگر لە کوردستاندا، بەنیسبەت چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە ئەرک و بەرپرسایەتییەکی زۆری لەسەر شانی خۆی هەست پێدەکرد. هاوکات کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش هەر هەمان چاوەڕوانییان لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بوو.

حیزبی دێموکرات سەرەتا پێیوابوو ڕێژیمی نوێ کە بەرهەمی ڕاپەڕین و فیداکاری و خوێندانی خەڵکی ئێران دژی ڕێژیمێکی سەرکوتگەر و داپڵۆسێنەرە، بێشک دان بە مافەکانی گەلی کورد کە خەباتێکی دوورودرێژی لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی کردوە و دەیان ساڵ بە دەستی ئەم ڕێژیمە غەددارەوە چەوساوەتەوە، دادەنێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە بەهۆی تیژبینیی ڕێبەرانی حیزبەوە زۆر زوو جەوهەری ئێنتیما و بیرکردنەوەکانی ڕێژیمی بۆ دەرکەوتبوو و ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیی بایکۆت کردبوو؛ بەڵام دیسانەکەش هەموو هەوڵی ئەوە بوو بە سیاسەتی سازان و مەدارا پێش بە هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان بگرێ و لە کەشێکی سیاسی و ناتوندوتیژدا بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێرانی نوێدا تێبکۆشێ. هەڵبەت سیاسەتی

بست بە بست و شوێن‌شوێنی کوردستان مەیدانی بەرگری و خۆڕاگریی ئازایانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو، دیسان ڕێبەریی حیزب وازی لە پرەنسیپی وتوویژ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی نێوان کورد و ناوەند نەهێنا. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات ئاوێنەی باڵانوێنی هەموو ئەم ڕاستییانەن کە پرەنسیپ و بایەخەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران و سیاسەت و هەڵوێست و شێوەی ڕەفتاری حیزب بەنیسبەت دەسەڵاتی ناوەند دەردەخەن. وەک لە بەڵگەنامەکانی دیکەی حیزب لە کۆنگرەکانی دواتریشدا دەردەکەوێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای تێگەیشتن و باوەڕی قووڵی بەوەی کەمترین مافەکانی گەلی کورد لە چوارچیوەی ئەم ڕێژیمەدا وەدی نایەن؛ بەڵام چونکی وتوویژ وەک ڕەهەندێک لە خەباتی سیاسیی کورددا دەبینێ، ئەو مافە بە خۆی دەدا لە کاتی گونجاو و لەپێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندەی بکەوێتە دانوستانەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دەستیشی بۆ چەک برد، بەرگریی چەکدارانەی ئەگەر لەلایەک لەپێناو وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و دیفاع لە کەرامەت و هۆوییەتی گەل بوو، هاوکات چەکێک بوو بە مەبەستی ناچارکردنی ڕێژیم بۆ وتوویژ. بە واتایەکی دی "شەڕ"یشی هەر بۆ "ئاشتی" کردوە. وەک چۆن د. قاسملوو لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٥ دا بەڕوونی دەڵێ: "شەڕی هێزەکانی پێشمەرگە شەڕە بۆ دیفاع لە ئازادی، شەڕە لە پێناو مافێکی ڕەوادا و دواجار شەڕە بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی سەربەرزانە."

ئەم شەڕە (لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران) کە تا ئێستاش لە فۆرم و شێوەی جۆراوجۆردا درێژەی هەیە، تێچووی قورسی بۆ حیزبی دێموکرات بووە. لە ڕەوتی ئەم شەڕەدا زیاتر لە ٥ هەزار پێشمەرگەی حیزب لە مەیدانی ڕاستەوخۆی بەرەنگاریدا شەهید بوون. جێی سەرنج ئەوە کە لە نێو شەهیدەکاندا ٤٤ کەسیان ئەندامی ڕێبەری و ٣٦ کەسیان لە فەرماندەرانی هێزەکانی پێشمەرگە و ١٦٠ کەسیان فەرماندەر و جێگری لک و زیاتر لە ٤٥٠ شەهیدیان کادری سیاسی بوون. بەو مانایە کە هیچ حیزبێکی کوردی نییە ئەوەندە ڕێبەر و کەسایەتیی ئاستبەرزی لە مەیدانی ڕاستەوخۆی بەرەنگاری لەگەڵ ڕێژیمدا لەدەست دابێ. لە لایەکی دیکەوە زیاتر لە ٣٦٠ ئەندامی ئەم حیزبە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە دار دراون، و زیاتر لە ٣٢٠ کادر و پێشمەرگەی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تێرۆر کراون. بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووە خەسارە گیانییە قورسەدا، حیزبی دێموکرات ئێعدامی بە ئێعدام و تێرۆری بە تێرۆر وەڵام نەداوەتەوە. پێچەوانە لە ڕەوتی بەرگریی چەکداریی حیزبدا بە هەزاران دیلی شەڕی ئازاد کردوە. ئەم حیزبە لەگەڵ ئەوەی قوربانیی سەرەکیی دەستی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بووە، لەگەڵ ئەوەدا کە خاوەنی تۆکمەترین هێزی نیزامی و پێشمەرگە لە کوردستان بووە، بەڵام نەک هەر دەستی بۆ کردەوەی هاوشێوە لە دژی ڕێژیم نەبردوە؛ بەڵکوو ئەم کردەوەیەی لە هەر فۆرم و شکلێک و لە هەر شوێنێکی دنیا و بۆ هەر مەبەستێکیش کرابێ، مەحکووم کردوە. ئەمەش لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد و ئەو ژێرخانە فیکرییە دەوڵەمەندەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕێبەرانی ئاست بەرزی حیزب وەک سامانێکی مەعنەوەی بۆ جووڵانەوەی کورد چێیان کردوە. وەک چۆن د. قاسملووی نەمر لەو پێوەندییەدا دەڵێ: "ئەم بزووتنەوانەی بە ڕێگای دێموکراتیدا دەڕۆن و لایەنگری و پشتیوانیی خەڵکیان لەگەڵە، پێویستییەکیان بە پەنابردن بۆ تێرۆر نییە [...] تێرۆریزم سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامییە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە بەرامبەر بە داوای ڕەوای خەڵک هیچ وەڵامێکی پێ نییە جیا لە سەرکوت".

وەک لە دێڕەکانی پێشوودا بە کورتی باس کرا، حیزبی دیموکراتی کوردستان هیچ هەل و دەرفەتێکی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران لە کیس نەداوە، بەڵام ئەوە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بوون کە قەت گوێیان بە نیازپاکیی حیزبی دێموکرات نەبزووت. ئەمەش وایکرد کە ئەم حیزبە ناچار بێ لە فۆڕمەکانی دیکەی خەباتدا بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بەردەوام بێ. بەڵام ئەم حیزبە نەیدەتوانی ماوەی پتر لە حەوت دەیە لەو مەیدانەدا بمێنێتەوە ئەگەر پشتیوانیی هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی لەگەڵ نەبا. ئەم خەڵکەی کە لەگەڵ ئەوەدا زۆرترین فشار و توندوتیژی و سەرکوتی خوێناویی ڕێژیمیان لەسەر بووە، بەڵام پشتی حیزبەکەی خۆیان چۆڵ نەکردوە. هۆکاری ئەمەش بۆ باوەڕی قووڵ و متمانەیەی خەڵک بۆ حیزبی دێموکرات و سیاسەتە واقعبینانەکانی دەگەڕێتەوە. ئەم حیزبەی کە دەگەڵ ئەوەی هەمیشە باوەڕی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بووە بەڵام، ژیرانە و بەپرسانە هەلومەرجی خەباتی نەتەوەکەی هەڵسەنگاندوە و سیاسەت و دروشمەکانی لاقیان لەسەر عەرز بووە. حیزبێک کە بایەخی بە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵ داوە و تێکۆشانی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگەی وەک سەرمایەی بەنرخی خەبات و تێکۆشان سەیر کردوە.

لە گشتییەتی خۆیدا ئەمەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردووەتە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک هەر بەتەنیا باوەڕی ئەم حیزبە بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد هاوکات لەگەڵ مانەوە لە سەنگەری خەباتی بەرگری و چەکداری بۆ بەخاوەنکردنی پرسی کورد و پشتیوانیی هەمەلایەنە لە خەڵکی کوردستان نییە؛ بەڵکوو بۆ کۆمەڵێک دەسکەوت و پرەنسیپی بەنرخی دیکەی ئەم حیزبە دەگەڕێتەوە. وەک ئەوەی گرینگترین ڕووداوی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد، واتە دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ئەم حیزبە پێکهاتوە و پێشەواکەی لەو پێناوەدا سەری چۆتە سەر دار. وەک خەڵکیبوون و لەپێناو خەڵکدا تێکۆشان لە هەموو ماوەی تەمەنیدا. وەک سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە هەڵوێست و بڕیاردان لە هەرە کاتە ناسکەکاندا. وەک باوەڕمەندبوون و جێگیرکردنی ئەخلاقی سیاسی لە سیاسەتکردن و بڕیاردان و کاری بەکردەوەدا. وەک پشتیوانیی بەکردەوەی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. وەک باوەڕ و ئیمانی قووڵی بە دێموکراسی و پلۆرالیزم و بایەخە مرۆیی و جیهانگیرەکانی دی. وەک لە سەرووەدانانی بەرژەوەندیی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاستی کوردستانی گەورەشدا، وەک ناساندنی پرسی کورد بە کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕێگەی دیپلۆماسی، و وەک خۆ بەخاوەنکردنی پرسی مێژوو، زمان، شوناس، کولتوور و جوغرافیای کوردستان لە ئێران و ... هتد.

لەولاش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو ماوەیەدا چ بە زبری سەرکوت و سەرنێزە و چ لە ڕێگەی شەڕی نەرم و سایبێریی ئامبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بووە و لەو بەربەرەکانییەدا لە هیچ کردەوەیەکی دژەمرۆیی بەرامبەر بە کورد خۆی نەبواردوە. بەڵام تەنیا ئاسنی ساردکوتانی بۆ ماوەتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە باوەڕی نەتەوەیی و پرەنسیپە مۆدێرنە جیهانییەکانی وەها ئاوێتەی بیر و زەین و نەستی کۆمەڵگەی کوردی بووە کە دابڕاندنیان لە یەکتر ئەمری مەحاڵە.

حیزبی دێموکرات کارەساتی زۆری بەسەر هاتوە. پێشەوای دامەزرێنەری لەدار دراوە، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی، دوو سکرتێری هەرە بەوەجی ئەم حیزبە تێرۆر کراوە، ڕێبەرییەکەی لە زێدی خۆی هەڵقەندراوە و تەنانەت لەو شوێنەش بە مووشک لێی دراوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەتا ئێستاش هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستان نەیتوانیوە هاوشێوەی ئەم بجووڵێتەوە و دەسکەوتەکانی دووپات بکاتەوە.

بۆ دوا وتە و ئاکامگیری لەو باسە باشترین شت گەڕانەوە بۆ چەند بڕیارێکی کۆنگرەی ١٧، تازەترین کۆنگرەی حیزب وەک بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردەری حیزبە. لەو جێگایەی دەڵێ باوەڕ بە ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێران پرەنسیپێکی هەمیشەیی حیزبی دێموکڕاتە. ئەگەرچی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە و ئەزموونمان لەبواری وتوویژدا بە ئێمە دەڵێ کە ڕێژیم هەمیشە وتوویژی بۆ مەبەستی بەدخوازانە و خراپکارانەی خۆی بەکار بردوە.

یان کە باسی دێموکڕاسی وەک یەکێک لە بایەخە گرینگەکانی نهادینەکراو لە حیزبدا دەکرێ، هاتوە کە دێموکراسی هەم وەک ئیدەئالێکی کارپێکراوی ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکڕات و هەم وەک گونجاوترین بەستێن بۆ گفتگۆ و چارەسەری کێشەکان، لە ڕیزی پێشەوەی ئامانج و بەهاکانی حیزبی ئێمەیە. هەرلەوکاتەدا ئەولەویەتی خەباتی ئێمە مەسەلەی نەتەوایەتی و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەربۆیە جۆری مامەڵەمان لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکانی دەرەوەی کوردستان و ئایندەی ئێران پێش هەموو شتێک لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی کوردستان و پرسی کوردە. هاوکات خەبات بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا نابێ ئەو ڕاستییەمان لێ بشارێتەوە کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک نیشتمانە دابەش کراوە.

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی فتوای خومەینی و هێرش بۆ سەر کوردستان

**خەڵکی خۆڕاگر و بەهەڵوێستی کوردستان!**
**حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی و ئێرانی!**

ئەمڕۆ ٢٨ی گەلاوێژ، ٤١ ساڵ بە سەر فتوا بەدناوەکەی خومەینی و هێرشی هەمەلایەنەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر کوردستان تێدەپەڕێ.

لە پاش شۆڕشی گەورەی خەڵکی ئێران و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لەو وڵاتە وا چاوەڕوان دەکرا کە ئێران بەرەو سەقامگیری و دانىان بە مافەکانی خەڵکدا بڕوا، چونکە لە لایەک گەلانی ئێران هەم تێچوویەکی زۆریان بۆ ئەو شۆڕشە و لابردنی ڕێژیمی پێشوو دابوو، هەم ڕێژیمی تازە بە دەسەڵاتگەییشتوو وادە و بەڵێنیی وایان بە خەڵک دابوو کە ڕێز لە داخوازییەکانی ئەوان دەگیرێ و ڕێگا بە هەموو هێزە سیاسییەکانی بەشداری شۆڕش دەدرێ کە پێکەوە ئێرانێکی ئازاد و ئاوەدان بنیات بنێنەوە، بەڵام بە داخەوە هەر زوو ئەو شۆڕشە گەورەیە بەلاڕێدا برا و پشت لە هەموو ئاوات و ئامانجەکانی خەڵک کرا.

یەکێک لەو گەلانەی چوارچێوەی جوغرافیای ئێران کە بە هەموو شێوەیەک ڕۆڵی لەو شۆڕشە مەزنەدا هەبوو، گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بوون، کە خوازیاری ئەوە بوون لە پاش شۆڕش، کۆتایی بەو هەموو ناحەقی و نەهامەتییانەی لە ڕێژیمی پێشوودا بەرانبەریان کرابوو، بهێنرێ.

خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتاوە خوازیاری ئەوە بوون کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە و دوور لە توندوتیژی پرسی کورد لە گەڵ ناوەند چارەسەر بکەن. بەڵام بەداخەوە ڕژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو و لە سەرووی هەموویانەوە خومەینی باوەڕی بە چارەسەریی پرسی کورد نەبوو و، داوای ئاشتیانەی خەڵکیان بە فتوای شەڕ و هێرش بۆ کوردستان وڵام دایەوە.

کار گەیشتە ئەو جێگایەی کە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بە فتوای خومەینی هێرشێکی هەمەچەشنی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە زەوین و ئاسمانەوە بۆ کوردستان دەستی پێکرد.

لەو هێرشە داعش ئاسایەی سەردەم ئەوەی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان لە دەستیان هات کردیان. لە بۆمباران و تۆپبارانی شار و گوندەکانەوە بگرە تا کوشتنی ژن و منداڵ و ئێعدامە بەدناوەکانی دادگایيە چەند خولەکییەکانی خەڵخاڵیی جینایەتکار.

لەم ٤١ ساڵەدا تا ئێستا بە دەیان هەزار خەڵکی بێ دەرەتانی کوردستان بە دەستی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بە دەیان شار و گوندی کوردستان خاپوور کراون و بە دەیان ڕێبەری و سەدان کادری ساسیی لێوەشاوەی کورد بە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراون. بە هەزاران پێشمەرگە شەهید کراون و زیاتر لە دوو هەزار زیندانیی سیاسی لە زیندانەکان ئیعدام کراون.

ئێستاش پاش ٤١ ساڵ هێشتا کار بەو فتوایە دەکرێ و ڕێژیم دەستی لە جنایەتەکانی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان هەڵنەگرتوە.

**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**

٢٨ی گەلاوێژ ئەگەر لە لایەک ساڵڕۆژی وەها فتوایەکی بەدناوە، لە لایەکی دیکەشەوە وەبیرهێنەرەوەی بڕیاری بەرگریی گەلی کورد و سەرکردایەتیی بوێری شۆڕشەکەی و بەرنگارییەکی پیرۆزە کە نیشاندەری ئیرادە و هێزی باوەڕی نەتەوەیەکە کە ڕێگای نەدا و ڕێگا نادا ملهوڕییەکان و جینایەتەکانی دەسەڵاتی تاران بە چۆکیدا بێنێ و تەسلیمی ویست و داخوازییە نامرۆڤانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ببێ. ئەوە ٤١ ساڵە کە هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە پشتیوانیی خەڵکی خۆیان، لە مەیدانی بەرگری دان و سەرەڕای قوربانیدان و تێچووی زۆر نەیانهێشتوە بیر و هزری دواکەوتووانەی ڕێژیمی مرۆڤکوژی تاران بە سەر کوردستاندا زاڵ ببێ.

بۆیە لەم ڕۆژە مێژووییەدا وێڕای سەری ڕێز و کڕنۆش لە بەرانبەر ڕووحی پاکی شەهیدانمان، جارێکی دیکە بەڵێن بە خەڵکی کوردستان دەدەین کە، تا گەییشتن بە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لە خەبات و تێکۆشان ناوەستین و هاوکات داواشیان لێدەکەین وەک چۆن ئەو هەموو ساڵە پاڵپشتمان بوون و هەن، دەبا هەموومان و بە هاوکاری و یارمەتیی یەکتر خەباتی گەرموگوڕی خۆمان بەرینە پێشێ و بە هیممەتی هەموو لایەکمان ڕێژیمی داگیرکەری تاران لە وڵاتی خۆمان وەدەر بنێین و ئازادی و ئاوەدانی بۆ وڵاتەکەمان بە دیاری بێنین.

نەفرەت لە فتوا و فەرمانی خومەینی و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و هێرشی وان بۆ سەر خەڵکی ئازادیخواز و ئاشتیخوازی کوردستان

سڵاو لە بەرگری و خۆڕاگری و گیانبازی و فیداکاریی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیە دەروەستەکانی

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩٩**

# مانگی گەلاوێژ و یادی دوو بۆنە بۆ گەلی کورد

شاهۆ مەتین

مانگی گەلاوێژی هەموو ساڵێک بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، دوو بۆنەی پێوەندیدار بە چارەنووسی نەتەوایەتی لە خۆ دەگرێ.

لە لایەک شادیی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤و لە لایەکی تر فەرمانی جیهادی خومەینی دژی کورد و کوردستان لە ٢٨_ی گەلاوێژی ١٣٥٨دایە.

گەلاوێژی هەموو ساڵێک بە بۆنەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵگەی کوردستان پێکەوە بە شکۆ و ڕێزەوە یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزە بەرز ڕا دەگرن. ئەو حیزبەی کە ئاڵا هەڵگرانی بە گیان و ئەندێشەیان خەبات دەکەن بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی و بەدیهێنانی سەروەریی سیاسی و یاسایی بۆ گەلی کورد لە ئێراندا.

لە لایەکی تر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کە کەش و هەوایەکی سیاسیی ئازاد بۆ مومارەسەی سیاسیی نەتەوەکانی ئێران ڕەخسا و گەلی کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی تر بە مانیفێستێکی نەتەوەیی و کوردستانییانە کە لە سەرەتای دامەزرانیەوە دژی ڕێژیمی پاشایەتی تا کاتی ڕووخانی خەبات و تێکۆشانی فرە ڕەهەندی بۆ کردبوو، دوای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی تازەش بە ستراتیژییەکی کورد و کوردستان مێحوەرانە لە چوارچێوەی ئێراندا، ویستی لەم دۆخە ئازاد و دێموکراتیکەدا داواکارییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی خودموختاری بۆ کوردستان، سەروەریی یاسایی و سیاسی لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا مسۆگەر بکات.

لەگەڵ وردە وردە سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی نوێ لە تاران و زۆربەی ناوچەکانی ئێران، هاوکات دەرکەوتنی ویست و ئامانجی گەلی کورد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هێزێکی سیاسیی خاوەن مێژوو و بە پرەنسیپ وتەبێژ و جێبەجێکەری بوو، لە چوارچێوەی ئێراندا داوای دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان دەکرد، کە لە لایەن خومەینییەوە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، کورد بە "محارب" و کوردستانیش بە "دارالکفر" ناسێندرا و فتوای جیهاد دەرکرا. لە ئەنجامی ئەم فتوایەدا کوردستان کەوتە بەر دڕندانەترین هێرش و شار و گوندی ئەم ناوچەیە لە زەرەر و زیانی ئەم هێرشە بێبەش نەمایەوە و، بە شێکی بەرچاو لە ژن و منداڵ و پیر و لاوی کورد کوژران و بریندار بوون.

ئێستا کە تەمەنی کۆماری ئیسلامی چوار دەیە پڕ لە دزی، گەندەڵی، کوشتن و بڕین و پاوانخوازیی خۆی تێپەڕ دەکا، کوردستان هەر وەک کۆلۆنییەکی نێوخۆیی لە لایەن حکوومەتەوە سیاسەتی بەرامبەر دەکرێ، سەرچاوە سەرزەوی و ژێرزەوییەکانی بە تاڵان دەبردرێ، بە پلانەوە کوردستان بێکار دەکرێ و بە پیلانەوە نائەمن دەکرێ تاکوو زیاتر میلیتاریزە بکەن، زمان و کولتوور دەشێوێنن و شوناسەکەی ئاسیمیلە دەکەن، لە ڕێگای دامودەزگای پەروەردەوە هزری خۆیان پەرە پێدەدەن، بە شێوەی سەختئامێر و نەرمئامێر هەمان ئەقڵییەتی داعش لەسەر کوردستان جێبەجێ دەکرێ.

بە ئاوڕدانەوەیەک لەو سەردەم و ئەو بڕیارە نگریسەی خومەینی، چەند پاڕادایمی بەرچاو لە پشت ئەو هەڵوێستە خۆی دەر دەخا، لەبەر ئەوەیکە دێموکراسی، پلۆرالیزم و سێکۆلاریزمێک کە حیزبی دێموکرات ئاڵا هەڵگری بوو، لە دژایەتیی تەواو لەگەڵ بنەما هزرییەکانی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خومەینییدا بوو.

**دێموکراسی:**

کە لە باوترین پێناسەی خۆیدا بریتییە لە سپاردنی چارەنووسی خەڵک بە خۆیان -کە ئەمەیان دێموکراسیی ڕاستەوخۆیە- یا بە نوێنەرەکانیان کە بە شێوەیەکی ئازاد و لە کەشێکی دێموکراتدا هەڵیان‌بژادوون -دەبێتە دێموکراسیی نوێنەرایەتی- و بەپێی واقعی دروستی کۆمەڵگەی ئێران هیچ کام لە نەتەوەکان ناتوانن سەرووی ٥٠٪ی حەشیمەتی ئەم وڵاتە پێک بێنن. کەواتە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا زۆرینەی دەنگی خەڵک بۆ نەتەوەیەکی تایبەت مسۆگەر نابێ، بەڵکوو لەم حاڵەتەدا پێویستی بە تەوافوق و سازان دەبێ. هەرچەند ئەم ڕێککەوتنەش نابێ مافی کەمینەکان لە بەرچاو نەگرێ، ئەگەر وا بێ دەبێتە ڕوویەکی تری دیکتاتۆری لەژێر ڕوخساری دێموکراسییدا.

بەم ڕاڤەیە لە دێموکراسی کە حیزبی دێموکرات و گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیی خۆیان پێداگرییان لەسەر دەکرد، لە دژایەتی لایەنی بەرامبەردا بوو کە بە بیرێکی دواکەوتووانە دەیانویست کۆمەڵگە ئیدارە بکەن.

**پلۆرالیزم:**

حیزبی دێموکرات بە پێی خوێندنەوەیەکی دروست کە لە ڕووی نەتەوەیی، ئایینی و کولتوورییەوە بۆ کۆمەڵگەی ئێران لە قاڵبی پلۆرالییدا هەیبوو، بڕوای قووڵی بە تولێرانسێکی سەردەمییانە لە نێوان هەموو دانیشتووانی جوغرافیای ئێران بە مەرجی پێکهێنان و پاراستنی فەزایەکی دێموراتیک بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەک بوو کە لەوێدا کەرامەتی مرۆڤ پارێزراو بێ و بە ڕۆحێکی پڕ لە ئاشتی بتوانن پێکەوە بژین. بەڵام دوای سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان و کردنەوەی بەرەیەکی شەڕی ناوچەیی لەگەڵ عێراق، لە بواری نێوخۆیی لەژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی دەستی کرد بە تەسفیەی نەیارانی خۆی و، لە بوارێکی دیکەشدا ئاسیمیلەی زمان و کولتووری کورد، عەرەب، تورک و بەلووچی لە پرۆسەیەکی بەرفراوانی میدیایی، پەروەردە و ئیدارییدا گرتە بەر. هەرچەند گەلی کورد بە شانازییەوە دەتوانێ ئیددعا بکا کە بە هۆی زیندووبوونی کۆمەڵگەی کوردستان بەربەرەکانیی ئەم سیاسەتەی کردوە، بەڵام هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی زەبری قورسیان لە ڕۆحی پێکەوەبوون و ئاشتیی نێوان نەتەوەکان و پلۆرالیزم لە ئێران داوە.

**سێکۆلاریزم:**

لە کۆمەڵگەی ئێران بە حوکمی فرە ئێتنیک بوون و یەکدەست نەبوونی لە بواری ئایینییەوە و هاوکات بۆ پاراستنی ئازادی و پێکەوە بوونێکی ئاشتییانە لە نێو هەموو ئەم مەزهەبە جیاوازانەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەساسی فەرز نەکردنی هیچ دینێک بە سەر دینێکی تردا بڕوایەکی قووڵی بە سێکۆلاریزم وەک بایەخ هەیە. ئایین لە چوارچێوەی کۆمەڵگە پێناسە دەکا و وەک بەها و مۆراڵی تاکەکانی کۆمەڵ بە دابینکردنی کەشێکی ئازادانە و سالم دەیپارێزێ. چون بڕوای وایە کە بەستێنی سیاسەت و دین دوو ئاستی جیاوازیان هەیە و بە حوکمی فرەیی ناکرێ هیچ مەزهەبێک بە سەر مەزهەبێکی تردا بسەپێ و دیکتاتۆرییەکی دینی بسەپێنرێ، بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خومەینی بە پاساوی پاراستنی دین وەک ئامرازێکی سیاسی؛ سێکۆلاریزمیان بە بێدینی و بێئەخلاقیی کۆمەڵگە پێناسە کرد و، لەم ڕێیەوە نەیارانی خۆیان پێ سەرکوت کرد.


**دەرەنجام:**

ئێستا پاش چوار دەیە کە تێکۆشانی کورد بۆ بەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی، دێموکراسی و ئازادی بێوچان لە مەیدان‌دایە و لە لایەکی تر کۆماری ئیسلامی بوون و مانەوەی خۆی لەژێر سیاسەتی برسیکردن و ترس و تۆقاندن ڕا گرتوە، بە خۆشحاڵییەوە ئەوەی ئێستا بۆتە ویست و ئامانجی گەلانی ئێران، هەمان بەدیهێنانی دێموکراسی، پلۆرالیزم و سێکۆلاریزمە، کە چوار دەیە لەمەو پێش گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاڵا هەڵگری بوو.

***

## بەرهەمی نوێ

# «شیلانی شەڕگە» (کۆمەڵە شێعر) لە نووسینی: قادر وریا




کۆمەڵە شێعری "شیلانی شەڕگە"، ناوی بەرهەمە شێعرییەکانی تێکۆشەرێکی کوردە کە زیاتر وەک نووسەر ناسراوە تا شاعیر. زۆر کەمن ئەوانەی دەزانن ئەو کەسە لە سەردەمی نەوجەوانی و سەرەتای لاوەتیدا، شێعری زۆری نووسیوە و هێندێکیشیانی لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی و ڕادیۆ و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ساڵانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران‌دا، بڵاو کردوونەوە. خاوەنی کۆمەڵە شێعری "شیلانی شەڕگە" بەڕێز کاک "قادر وریا"یە. ئەو، لەم دواییانەدا بەرهەمە شێعرییەکانی خۆی لە توێی کتێبێک لە ژێر ناوی "شیلانی شەڕگە"دا، بۆ چاپ و بڵاوبوونەوە ئامادە کردوە. قادر وریا، لە پێشەکییەکدا کە بۆ ئەم کۆمەڵە شێعرەی نووسیوە، ئەم کتێبەی خۆی "پێشکەش بە یادی ٧٥ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کردوە؛ حیزبێک کە ٤١ساڵی بێ پسانەوە لە تەمەنی ٥٧ ساڵەی خۆی بۆ خزمەتی ڕێبازەکەی و ئامانجەکانی تەرخان کردوە."

"شێلانی شەڕگە" ١٢٠ لاپەڕەیە. لە پێشەکییەک، زیاتر لە ٤٠دەقی شێعریی جۆراوجۆر و، تێکستێکی شانۆیی کە بە شێعر نووسراوە، پێک هاتوە. فایلی PDFئەم کتێبە دەدرێتە کتێبخانە ئەلکترۆنیەکان.

# زمانی کوردی و مەترسییەکانی دەوروبەری


هەردی سەلیمی

لەم دواییانەدا، بە دیاریکراوی سەپاندنی حوکمی دە ساڵ زیندان بە سەر "زارا محەممەدی"، مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی کوردی و بە دوای ئەویشدا بڵاوکردنەوەی وتووێژێک بە زمانی فارسی لە سەر زمانی کوردی لە هەواڵدەریی مێهر، دیسان پرسی زمانی کوردی و مافی خوێندن بە زمانی زگماک لە کۆمەڵگەی فرە نەتەوەی ئێران و بە تایبەت کۆمەڵگەی کوردستان، بەڕۆژ کردەوە.

زمانی کوردی بە سەر چوار زاراوەی سەرەکییدا دابەش بووە و ئەم چوار بەشەش پتر لە سێسەد ژێرکۆ و بنزاراوەیان لێ دەبێتەوە، کە لەم ڕووەوە زمانی کوردی یەکێک لە دەوڵەمەندترین زمانەکانی هێند و ئورووپایی بە ئەژمار دێ. سەرەڕای ئەم دەوڵەمەندییە و ژماری زۆری ئاخێڤەرانی ئەم زمانە بەڵام ئێستاش لەگەڵ کێشە و کەند و کۆسپی زۆر بەرەو ڕووە. بەشێکی بەرچاوی ئەم کێشانەی بەر دەمی زمانی کوردی ڕیشەی مێژووییان هەیە و زمانی کوردی بە هۆی نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کەوتوەتە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی -کە ئایین ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕاوە. لەم پێوەندییەدا، هەرچەند ناسیۆنالیزمی دەمارگرژانەی عەرەبی بە تایبەتی لە سەدەی بیستدا یەکێکی دیکە لە هۆکارە گرینگەکان بووە-، زمانی فارسی و تورکییش -کە ئەمان زیاتر بە هۆی بیری تەسکی فاشیستی و سیاسەتی ئاسیمیلە بووە-؛ بەڵام سەرەڕای ئەم کێشانە زمانی کوردی بە هۆی جوغرافیای کوردستان و جۆراوجۆریی زاراوە و بنزاراوەکانی و هەروەها هەوڵی پەرچەکردارانەی خەڵکی کورد توانیویەتی پێش بە لە نێو چوونی خۆی بگرێ.

لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێ باس لە کێشەکانی بەر دەم زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێ، کە بە هۆی دراوسێیەتیی لەمێژینەی دوو نەتەوەی کورد و فارس و هەروەها خوشکایەتیی ڕەگەزیی ئەم دوو زمانە ئاستی کارتێکەری و کاریگەریی دوو لایەنەیان لەسەر یەکتر بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان زۆرترە. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوەش بکرێ کە بە هۆی باڵادەست بوونی نەتەوەی فارس و دەسەڵاتداریی سەدان ساڵەی ئەم نەتەوەیە بە سەر کورددا، ئەم تێڕوانینە ناڕاستە هەیە کە پێیان وایە هاوبەشیی ئەم زمانانە لە سۆنگەی ڕەخنە کردنی زمانی فارسی و کاریگەری وەرگرتنی زمانی کوردییەوەیە؛ کە بە دڵنیاییەوە وا نییە و ئەم کارتێکەرییانە دوو لایەنەن و پێویستە پسپۆڕانی زمان زیاتر لەم بارەوە کار بکەن.

نەتەوەی کورد بە شێوەی گشتی و لە هەر چوار بەشەکەیدا لە پرۆسەی دەوڵەت-نەتەوە بەجێ و بێبەش ما، نەبوونی دەسەڵاتێکی خۆجێیی و سەربەخۆ بە واتای ئەمڕۆییەکەی کاریگەریی نەرێنیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووریی زۆری لەسەر کورد دانا کە بەشێکی هەرە زۆری ئەوانە هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە. یەکێک لە کاریگەرییە نەرێنییەکان لە بواری کولتوورییدا بوو کە بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتێک کە باس کرا، لە ڕووی زمانییەوە گەلی کوردی بە زمانی ناوەندەوە دەبەستەوە و بە کار نەهێنانی زمانی کوردی لە کاروباری ئیداری و فەرمییدا ئەم زمانەی پتر پەراوێز خست و لە دەقی دوور خستەوە؛ ئەم پەراوێزکەوتنەش ڕێگەی بە هاتنی زمان و وشەگەلی بێگانە دا.

ئەمانەی کە بە کورتی لە سەرەوە باس کران، بەشێک لە مەترسییە دەرەکییەکانی سەر زمانی کوردی بوون، لێرەدا ئاوڕێکیش لە مەترسییە نێوخۆییەکان دەدەینەوە؛ پێویستە ئاماژە بە دوو ڕوانگەی لێک جیاوازی نێوخۆیی لە مەڕ زمانی کوردییەوە بکرێ. ڕوانگەیەک لە سەر ئەم بڕوایەیە کە زمانی کوردی دەبێ ستانداردێکی دیاریکراو و گشتگیری هەبێ و بەشی فەرمی و بە تایبەت میدیایی ئەم زمانە بەو زاراوە ستانداردە -کە جارێ هیچ لایەک لە سەری ساغ نەبوونەتەوە- بئاخڤێن. بنەمای ڕوانگەی ئەم کەسانە زۆرتر لەسەر لایەنە سیاسییەکانی زمانە و پێیان وایە زمان و زاراوەی یەکدەست دەبێتە هۆی پێکهاتنی نەتەوەیەکی یەکدەست و لەم ڕێگەیەوە دەکرێ نەتەوەسازی بکرێ. ڕوانگەی دەستەی بەرامبەر ڕێک بە پێچەوانەیە و دژایەتی لەگەڵ ئەم بۆچوونە دەکەن، لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە پتر جەخت لەسەر لایەنە زانستییەکانی زمان دەکەنەوە و باوەڕیان وایە یەکدەست کردنی زمان بە واتای وردە وردە لە نێو بردنی زاراوەکانی دیکەیە و ئەمەش زەبری کاریگەر لە دەوڵەمەندیی زمان دەدا و، زیاتر دەست بە داوێنی زمانی بێگانەیان دەکا؛ چونکە لە سەرچاوە پەنگخواردووەکەی نێو زمانی خۆیان غافڵیان دەکا. بە کورتی دەکرێ بڵێین دەستەی یەکەم وەک هەڕەشەیەک -بە تایبەت لە هاوکێشە سیاسییەکاندا- سەیری ئەم جۆراوجۆرییەی زمانی کوردی دەکەن و، ئەوانی دییش وەک دەرفەتێک بۆ بەهێزتر بوونی زمانەکەیان.

بەدەر لەوەی کە کام یەک لەم ڕوانگانە ڕاستن و کام یەک هەڵە، بەڵام ئەم جیاوازیی بۆچوونە لە لایەن دوژمنانی گەلی کورد و لایەنی دەسەڵاتداری ناوەندگەراوە وەک مەجالێک قۆستراوەتەوە. ئەوان بەڕوونی لەم کەلێنە کەلکیان وەرگرتوە و لەم ڕێگەیەوە ڕەخنەیان کردوەتە نێو زمانی کوردییەوە. جیاکردنەوەی زاراوەی لەکی لە زمانی کوردی و ناساندنی وەک زمانێکی سەربەخۆ بە ٣٠ هەزار وشەوە و، بینینی خەونێکی دیکەی لەم چەشنە بۆ زاراوەی هەورامی و ناوهێنانی وەک زمانێکی سەربەخۆ بەشێک لەم شەڕە نەرمەیە کە بەدژی زمانی کوردی لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بەڕێوە دەچێ. ئێمە کە بەشێک لە خەباتەکەمان لە تەنیشت خاکدا بۆ زمانەکەمان بووە، دەبێ باشتر لە هەر کەسێک ئەوە بزانین کە پەراوێز خستن و وردە وردە لە بیر چوونەوەی زاراوە و زمانێک بە واتای لە نێو بردنی بەشێک لە فەرهەنگ و کولتوور و مێژوو و چیرۆکی بە کار هێنەرانیەتی.

جا بۆیە پێویستە لەم بارەیەوە بە وشیاری و دەروەستییەکی نەتەوەییەوە هەنگاو بنێین و کەمترین خەسارەکانیش نەهێڵین ڕوومان تێ بکا. دەکرێ بە تێفکرینێکی بنەڕەتی، بە سەنتێزێکی باش بگەین.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بە ڕۆڵی هێزە سیاسییەکان بکرێ وەک چۆن لە ڕابردوودا و ئێستاش لەسەر بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و تەنانەت دانانی قوتابخانە لە سەردەمی کۆمار و ... کاریان کردوە و خزمەتی زمانی کوردییان کردوە؛ ئێستاش دەبێ پێش لە هەموو شتێک هاوسەنگییەک لە نێوان ئەم دوو ڕوانگە سەرەکییەی کە ئاماژەی پێ کرا پێک بێنن. بۆوەی هیچ کام لە بۆچوونەکان و هیچ زاراوەیەک فیدای بۆچوونەکەی دیکە و زاراوەیەکی تر نەکرێ.

کاتێک باس لە زمانی کوردی دەکەین نابێ لە دەوری کەسانی خەمخۆر و دڵسۆزی ئەم زمانە غافڵ بین. ئەوەی کە کەسانێک پێیان وایە پەرەدان بە زمانی کوردی و دانانی فێرگە و کلاسەکانی تەنیا دەبێ ئەرکی کەسانی زمانزان و پسپۆڕی خاوەن بڕوانامە بێ و تەنیا ئەوان مافی چالاکیی لەم بوارەیاندا هەیە، وەدوا خستنی پرۆسەی گەشەی زمانی کوردییە. ئێمە لەم قۆناغەدا پێویستمان بەوەیە منداڵ و کوڕ و کاڵی ئەم نیشتمانە و ئەوانەی وا میراتگری داهاتووی ئەم زمانەن فێری نووسین و خوێندنی زمانی دایکیان بن و ڕێژەی بە کار هێنەرانی زمانی کوردی بەرینە سەرەوە. ئەم ئەرکەش لە نەبوونی شوێنی فەرمی و قوتابخانەکان دەکەوێتە سەر شانی ئەنجومەن و ڕێکخراوە خەڵکییەکان و کەسانی دڵسۆز. بە خۆشییەوە سەرەڕای زەبر و زەنگ و سەرکوت و ڕێگە پێنەدان لە لایەن حکوومەتەوە، ئەم ئەرکە بە پیرۆزانەترین شێوە بەڕێوە دەچێ و ئێمە ڕۆژانە شاهیدی دامەزرانی یەک لە دوای یەکی ئەم ناوەندانەین. کاتێک کە زمانی کوردی گەیشتە ئەو ئاستەی کە لە بواری چاپەمەنی و بڵاڤۆک و کتێبدا کەوتە کێبەرکێ لەگەڵ زمانی زاڵ بەسەر وڵاتدا، واتە گەیشتە ئەو ئاستە لە گشتگیری، ئەم جار ڕێگە بۆ کەسانی پسپۆڕ و شارەزای زمانیش دەکرێتەوە کە بێن و ڕێک و پێکییەک و سازمانێک بەم چالاکییانە بدەن.

ئێمە پێویستە لە بازنەی گلەیی کردن لە حکوومەتی ناوەندی بۆ نموونە کۆماری ئیسلامی، خۆمان دەرباز بکەین و بەو باوەڕە بگەین کە ئەوان لە هەمبەر زمانی ئێمەدا ئەرکی خۆیان بەجێ دێنن؛ ئەی ئێمە چۆن دەبێ ئەرکی خۆمان بەجێ بێنین و ئەرکەکانمان چیین؟ وڵامی ئەم پرسیارە سادە دیارە و دەبێ هەر تاکێکی کورد لە ئاست خۆی پارێزەری زمانەکەی بێ. پاراستن و بەهێز و دەوڵەمەندتر کردنی ئەم زمانە ئەرکێکی نەتەوەییە لە پاوانی چینێکی تایبەتدا نییە؛ هەموومان لە بەرامبەریدا ئەرکدارین.




## ئاگادارییەک لە لیژنەی بەڕێوەبەریی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە

بەبۆنەی یووبیلی ئەڵماس، جێژنی ٧٥ ساڵەی یادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی بە خەڵکی کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و هەموو تێکۆشەرێکی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان دەڵێین.

حیزبەکەمان و حیزبەکەتان، حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ ٧٥ ساڵ تەمەنی تێپەڕ کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆرترین کاریگەریی لە سەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان، وەرچەرخانە مێژووییەکان و خەباتی مافخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. ئەو ئامانجانەی حیزبی دێموکرات بۆ وەدیهێنانیان دامەزرا، ئێستاش ئامانجی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە و، ئەو سامان و پاشخانە مێژوویی و بەبایەخەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕەوتی خەباتی دەیانساڵەیدا بۆ بزووتنەوەی کورد و کۆمەڵگەی کوردستانی دەستەبەر کردوون، هەنووکەش جێی شانازین و تێکۆشانی کورد بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو دەسکەوتانەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا خاوەن متمانە و پێگەیەکی بەرزی سیاسییە و، هەم لە کوردستان و لە ئاستی ئێراندا ناوێکی پڕ شکۆیە، شکۆیەک کە لە ٧٥ ساڵ خەبات و قوربانیدان بۆ ئازادی و دێموکراسی و بایەخە مرۆییەکان و مانەوە لە مەیدانی ئەم خەباتە خوێناوییەدا وەری دەگرێ.

ئەم مێژووە دوورودرێژەی خەبات لە پێناوی ئازادی و، ئەم جێگەوپێگە دیار و تایبەتەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکی کوردستان، ئێران، ناوچە و جیهاندا هەیەتی؛ دەیخواست لە یوبیلی «ئەڵماس»یدا بە شکۆیەکی مەزن یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی بکرێتەوە. لیژنەی بەڕێوەبەریی ئەم یادەش بۆ ئەم مەبەستە زۆر بەرنامە و پلانی دیاریکراوی دەستنیشان کرد، بەڵام هەلومەرجی تایبەتیی کۆرۆنا شوێنی خراپی لەسەر زۆربەی زۆری چالاکییە مەیدانییەکانی ئەم یادە مەزنە دانا. بەم هۆیە زۆر لەو چالاکییانە کە خۆیان لە میتینگ، کۆڕۆکۆبوونەوە، پیشانگا، سمینار و پێکهێنانی ڕێوڕەسمی تایبەتدا دەدیتەوە، بەداخەوە نەکران و، «کۆرۆنا» کار و چالاکییەکانی لیژنەی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی لە چوارچێوەی کاری میدیایی و ڕاگەیاندندا سنووردار کرد. ٩ ڕۆژ پێش ئەم یادە پڕشکۆیەش مەرگی کاک جەلیل گادانی کە لە یەکەم ئەندامان و یەکەم ڕێبەرانی سەرووی حیزبی دێموکرات بوو، کسپەی خستە دڵی هەموو ئەویندارانی دێموکرات.

لیژنەی بەڕێوەبەریی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ئەم یادەوە کتێبێکی چاپ کرد. «حیزبی دێموکراتی کوردستان، قەڵای خۆڕاگری ناسنامەی نەتەوەیی» ناونیشانی ئەم کتێبەیە کە چەند ڕۆژێکە و لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژدا چاپ و بڵاو بۆتەوە. ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕەهەندەکانی گوتارسازی، بەرگریی چەکداری، گرتنەبەری شێواز و نەریتی جۆراوجۆری خەباتگێڕی، دیپلۆماسی و ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە، چەسپاندنی نۆڕم و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا چەند تایتیلێکی ئەم کۆمەڵە وتارەن کە لە توێی ئەم کتێبەدا بڵاو بوونەتەوە.

ئەم لیژنەیە هەروەها چەند ویبنار و وتووێژی تەلەڤیزیۆنیی بۆ بەرپرسانی حیزب ڕێک خستوە و بە بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ، سروودی شۆڕشگێڕی، دەقی ئەدەبی و تیزێری حەماسی کە تەعبیر لە مێژووی پڕسەروەریی حیزبی دێموکرات دەکەن و، بڵاوکردنەوەیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا؛ بەرەو پیلی ئەو یادە مەزنە بچێ. لە نێوخۆی وڵاتیشدا لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چالاکیی تەبلیغی، بە ناردنی دەنگ و ڤیدیۆی دەربڕی هەست و سۆز و خۆشەویستیی خۆیان بۆ حیزبی دێموکرات کە ئێستاش درێژەی هەیە و لە کورد کاناڵ و سۆسیال میدیای حیزبدا بڵاو دەبنەوە، ڕێزیان لەو یادە پڕشکۆیە گرتوە. ڕاگەیاندنی حیزبیش بەشێکی زۆر لە بەرنامە و بەرهەمهێنانی خۆی بۆ ئەم یادە تەرخان کردوە. لە کۆمیسیۆنی چاپەمەنی دوو ژمارەی ڕۆژنامەی «کوردستان» تایبەت بە یادی ٧٥ ساڵەی حیزب بووە و «بەڵگەنامەکانی سەرجەم کۆنگرەکانی حیزب»یش ئامادەی چاپ و بڵاوبوونەوەن. «کورد کاناڵ»یش هەم لە ڕووماڵکردنی چالاکییەکان بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و هەم بەرهەمهێنانی کۆمەڵە بەرنامەیەکی تایبەت چالاک و هەڵسووڕ بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دڵقایمتر لە جاران و بە ئیمان بە سەرکەوتن لە مەیدانی خەباتی مافخوازیی کورد لە ئێران، بە پشتیوانی و هاوکاریی بێدریغی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێ دەنێتە چارەگە سەدەی کۆتایی ١٠٠ ساڵ لە تەمەنی پڕ سەروەریی. بێگومان خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەتا گەیشتن بە ئازادی، ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان و وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێران درێژەی دەبێ.

سەرکەوێ حیزبی دێموکراتی کوردستان و، هەر شەکاوە بێ ئاڵای خەبات و تێکۆشانی ڕزگاریخوازیی کورد لە ئێران.

**لیژنەی بەڕێوەبەریی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی



عومەر باڵەکی

ئەگەر بمانهەوێ ئەم باسە شی بکەینەوە وا باشە لەو ڕستەیەوە دەست پێ بکەین کە دەڵێن: "دروستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویستییەکی مێژوویی بوو"، ئەوە تەنیا دەربڕینێکی سادە نییە بەڵکوو ئەنجامی لێکدانەوەیەکی دروستە لەو هەلومەرجەی حیزبی دێموکراتی تێدا دروست بوو و لە هەمان کاتدا دەرخەری کاریگەریی ئەم حیزبە لە قۆستنەوەی هەلومەرجەکە بە قازانجی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد. با بزانین بۆچی پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویستیی مێژوویی بووە و چۆن کاریگەریی هەبووە لە سەر گەشەی هەستی نەتەوەیی.

١- ئەو سەردەمەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونی خۆی لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف ڕاگەیاند و بە کردار هاتە مەیدانی سیاسیی کوردستان، سەردەمێک بوو کە دەسەڵاتی قاجار ماوەی نزیک بە ٢٠ساڵ بوو بۆ پەهلەوی بە بیرێکی نوێترەوە گۆڕابوو. ڕێژیمی نوێ سیاسەتەکانی لە ڕاستای پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوە لەسەر بنەمای سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکەی ئێران دانابوو و، ئەوە هۆکارێکی بەهێز بوو کە کەلێن بکەوێتە نێو دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ گەلانی پێکهێنەری ئێران. قووڵبوونەوەی ئەو کەلێنە و پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی و لە هەمان کاتدا کارکردن بۆ وەدەست هێنانەوەی مافە نەتەواتییەکان، پێویستی بە سازمان دان و ڕێکخستنێک هەبوو کە کاریگەریی هەبێ لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و ئەو پێویستییە خۆی لە پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی سەردەمییانە لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دیتەوە. واتە دامەزرانی ئەم حیزبە لەگەڵ پێویستییەکەی، پەرچەکردارێک بوو بەرامبەر بە هێژمۆنیی دەسەڵاتی ناوەند. بۆیە دەتوانین بڵێین دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمدا نوختە گۆڕانێکی بەهێزە لە چۆنیەتیی پارێزگاریی شوناسی نەتەوەیی. ئەم حیزبە لە ماوەیەکی کورتدا توانی ساختارێکی دەوڵەتداری -هەرچەند لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا- لەژێر ناوی کۆماری کوردستان دا بمەزرێنێ، بەڵام ناوبانگی وای کرد زۆر زوو ببێتە ڕوانگە و جێگای ئومێدی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان. هەر بۆیە دەتوانین بەشانازییەوە بڵێین لە مێژووی هاوچەرخماندا گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە یەکەم گوتاری نەتەوەیی و دەسپێکی خەباتێکی هەمەلایەنەی نەتەوەیی دا دەندرێ.

٢- لەو سەردەمەدا دەنگی جووڵانەوە ئازادیخوازییەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان سەرکوت کرابوون و، ئەوەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تاکی کورد دا نابوو. بۆیە سەر هەڵدانی حیزبی دێموکرات لەو هەلومەرجەدا زۆر بە خێرایی لە نێو دڵی هەموو ئازدیخوازانی کوردستانی گەورەدا جێی خۆی کردەوە و، هەر زوو بیر و ئەندێشەی ئەم حیزبە بوو بە نموونە و وێنەیەکی کاریگەر لە پارچەکانی دیکەی کوردستان. بۆ زیاتر نیشان دانی کاریگەریی حیزبی دێموکرات لەم بارەوە، لە پێشدا پێناسەیەکمان بۆ چەمکی نەتەوە هەبێ.

لە پێناسەیەکی گشتییدا، نەتەوە بەو دەستە لە مرۆڤەکان دەگوترێ کە خاوەنی خاک، زمان، کولتوور ومێژووی هاوبەشن. بە پێی ئەو پێناسەیە گەلی کورد یەک نەتەوەیە و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بەو تێڕوانینە ڕوانیویەتی بۆ پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و، لە یەکەم بەیاننامەی حیزبدا خۆی وەک حیزبێکی نەتەوەیی دەناسێنێ و داوا لە خەڵکی کوردستان دەکا لە پێناوی بەدیهێنانی مافی ڕەوای نەتەوایەتییدا لە دەوری حیزب کۆ ببنەوە و فیداکاری بنوێنن. ئەو تێڕاونینە دوای تێپەڕبوونی ٧٥ ساڵ، ئێستاش لە بەرنامەی حیزبدا لە فەسڵی شەشەم (پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٧)دا ڕەنگی داوەتەوە: "گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و کورد لە هەر شوێنێک بێت، بە ئەندامی یەک نەتەوە دەناسێ." لە هەمان کاتدا لە پێشەکیی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا، دابەشکردنی کوردستان دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و بێبەشکردنی نەتەوەی کورد لە بوون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە غەدرێکی مێژوویی و هۆکاری هەموو خوێنڕشتنەکانی ئەم ناوچەیە دەزانێ.

و هەر زوو توانیویەتی بە پشتیوانیی خەڵک خۆی بگرێتەوە و دەست بە خەبات بکاتەوە. حیزبی دێموکرات لە قۆناغە جیاوازەکاندا لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە وەک دوژمنێکی سەرەکی سەیر کراوە و، هەوڵی لە نێو بردنی دراوە بەڵام هەر لە خەباتی خۆی بەردەوام بووە و؛ بە پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان چووەتە ئاستێکی بەربڵاوتریش و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ویست و داواکاریی ئەم حیزبە هەمان ویست و داوای خەڵکەکەیەتی.

جووڵانەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ـی هەتاوی دەتوانێ نموونەیەکی بووە، بەڵام بە ڕەچاو کردنی هەلومەرجی ناوچەیی، سیاسی و ئابووریی کوردستان؛ باشترین ڕێگا چارەی پرسی کوردی لە بەشە جیاجیاکاندا زانیوە. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا پشتیوانیی ماددی و مەعنەویی خۆی لە بەشەکانی تری کوردستان دریغ نەکردوە و دەتوانین بە کورتی بڵێین بە هەر جۆرێک کە بۆی لوابێ لە بچووکترین خۆشی و ناخۆشییەکانیاندا بەشدار بووە. لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە وزە و هێزی بخاتە گەڕ بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران.



**حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای ئەم هەمووە ساڵە ئێستاش هەر لەسەر ئەو ڕێبازەیە کە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد بونیاد نرا و د. قاسملوو گەشەی پێ دا و د. شەرەفکەندی درێژەدەری بوو. گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستاش پێداگری دەکا لە سەر یەکیەتیی نەتەوەیی، دانی سەنگ و قورسایی بە خەباتی مەدەنی، باوەڕمەند بوون بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد، ئامادە بوون بۆ پاریزگاری لە سەروەرییە نیشتمانییەکان، هاندانی خەڵک بۆ پاریزگاری لە ژینگە و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەیی**

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە بایەخی داوە بە پاراستنی خاکی کوردستان و هەوڵی داوە هەستی خۆشەویستیی خاک لە ناخی تاکی کورددا بە چەشنێک جێگیر بکا کە بۆ پاراستنی ئەو خاکە گیانی خۆی بەخت بکا (شانۆی دایکی نیشتمان لە سەردەمی کۆماری کوردستان). وێڕای گرینگی دان بە پاراستنی خاک، بایەخ بە زمانی کوردی وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیی دراوە، هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاودا لەگەڵ کرانەوەی قوتابخانەی کوردی، زمانی فەرمیی کۆمار لە ئیدارەکان و بلاڤۆکەکاندا کوردی بوو. حێزبی دێموکرات لەم ڕێگایەوە جگە لەوە ویستوویەتی کورد وەک نەتەوە لە نەتەوەی فارس جیا بکاتەوە، هەوڵی داوە زمانێکی ستانداردیش لە ڕێی دەسەڵات و ئیلزامیکردنی خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کورد دروست بکا. هەروەها لەم پێوەندییەدا ڕا دەگەیەندرێ خوتبەی نوێژی هەینی بە کوردی بێ، ئەم هەوڵانە تەنیا تایبەت بە سەردەمی کۆمار نەبوو. لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، حیزبی دێموکرات کتێبی دەرسیی کوردیی چاپ کرد و مامۆستایانی شۆڕشی بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان دیاری کرد.

ئەگەر لە قۆناغی کۆماری کوردستان تێپەڕین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خولقێنەریەتی و ڕێبەرانی سەریان لەسەر ئامانجەکانی دانا، دەبینین دوای نەمانی کۆماریش، خەڵکی کوردستان بە پیر بانگەوازەکانی حیزبی دێموکراتەوە چوون دیکە بێ لە دژکردەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سیاسەتی تواندنەوەی کورد. ڕاستە ئەو جووڵانەوەیە تەنیا ١٨ مانگی خایاند، بەڵام کاریگەرییەکەی وەک تەکانێکی دیکەیە لە دوای کۆمار بۆ زیاتر پەرەگرتنی هەستی نەتەوایەتی و ئاشنابوونی تاکی کورد بە مافەکانی.

لە بەرەبەری کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی پاشایەتی، حیزبی دێموکرات لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ـدا دوای چەندین ساڵ خەباتی نهێنی و ئاوارەیی تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاند، لە دوای ئەوە هێزی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا خۆی نواند و وەک یەکەم هێزی سیاسی، ڕێبەریی وەدەست خستنی مافەکانی خەڵکی کوردستانی کەوتە سەر شان و لەگەڵ ئەوەی دەبوو لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ بکەوێتە وتووێژەوە، لە کوردستانیش ئیدارەی بەشێکی بەرچاو لەم ناوچەیەی وە ئەستۆ گرتبوو. حیزبی دێموکرات لەو هەلومەرجەدا بە هەموو توانای خۆیەوە تێ دەکۆشا کە کوردستان تووشی شەڕ و ماڵوێرانی نەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، دوو سیاسەتی کوردستانی بوون و ئێرانی بوونی پێکەوە پێڕەو کردوە و بە ڕادەی پێویست هەوڵی داوە گرینگی بە دووکیان بدا. فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای کوردستانی بوون دامەزراوە، بەڵام بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە خاکی کوردستان بێڕەزایەتی کوردان دابەش

**کۆمەڵێک لە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە کورتی:**

- دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێکهێنانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ئەو حیزبە بێجگە لەوە دەسکەوتێکی سیاسیی گرینگی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوو، لە هەمان کاتدا نیشاندەری گەشەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردییش بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

- بەشداریی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەتی باشووری کوردستان لە کۆماری کوردستان و ڕۆڵگێڕانیان لە ئیدارەی کوردستاندا، یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی پەرەئەستاندنی هەستی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەژێر کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

- حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بایەخی زۆری داوە بە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و خوێندن بە زمانی کوردی بۆ توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ نموونە: گۆڤاری هاواری نیشتمان بڵاوکراوەی بیری لاوان بوو، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان تایبەت کرابوو بە منداڵان (لای چەپی ئەو گۆڤارە نووسراوە بژی کورد و کوردستانی مەزن) و، گۆڤاری کوردستان کە لە دواییدا گۆڕا بۆ ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکرات بوو و ئێستاش بەردەوامە.

- پێکهاتنی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری لەگەڵ یەکتر و لاوازبوونی ئینتیمای عەشیرەیی و خێڵەکی و بەهێزبوونی ئینتیمای نەتەوەیی. بە واتایەکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکەم جار توانی عەشیرە و خێڵ و تایەفەکان لە دەوری کورد بوون کۆ بکاتەوە.

- حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فاکتەری هێزی چەکدار لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەتا ئەمڕۆ لەگەڵدا بێ قەت غافڵ نەبووە، بە دوو هۆکار: یەکەم، بەرگری لە خاک و نیشتمان و دەسکەوتەکانی گەلی کورد. دووهەم، هێزی چەکدار فاکتەرێکی گرینگە لە پێکهێنانی کولتووری نەتەوەیی. سپای میللی لە گەشەی هەستی نەتەوایەتی و هۆگریی نیشتمانییدا لە نێو تاکەکانی کۆمەڵ ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ.

- حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جیاکردنەوەی گەلی کورد لە گەلانی دیکە هەوڵی دا کوردیش بکاتە خاوەنی هێمای تایبەت بە خۆی، بۆیە بەم مەبەستە پێش لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، ئاڵای کوردستان (٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤) بۆ یەکەم جار بە ڕەسمی و لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا بەرز دەکاتەوە و، لە ڕاستییدا ئەو ئاڵایە تەنیا ئاڵای حیزبی دێموکرات یا کۆماری کوردستان نەبوو بەڵکوو ئاڵای نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد بوو لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە پێشتر لە کۆبوونەوەی ناسراو بە کۆبوونەوەی سێ سنوور لە نێوان نوێنەرانی ( کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی هیوا و نوێنەرانی کوردەکانی تورکیە و سووریە) بڕیاری لە سەر درابوو، کە ئێستاش لە باشووری کوردستان ئاڵای فەرمیی حکوومەتی هەرێمە.

- حیزبی دێموکرات شێعری ئەی ڕەقیبی کردە سروودی نیشتمانی و ئێستا پاش ٧٥ ساڵ ئەو سرووده بۆتە سروودی نەتەوایەتیی گەلی کورد و، لە زۆربەی کوردستانی گەورەدا لە بۆنە و ڕێوڕەسمە سیاسی و نەتەوەییەکاندا هەم ئاڵا هەڵ دەدرێ و هەم سروودی نیشتمانیی ئەی ڕەقیب دەخوێندرێ.

- لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشانەیەکی بەهێز بووە بۆ پێناسە کردنی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەو ٧٥ ساڵەدا بە هۆکاری جیاواز نەیتوانیوە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی بگەیەنێتە لووتکەی سەرکەوتن، بەڵام لە درێژەدانی خەبات پشوودرێژ بووە و هەر ئەو پشوودرێژییە لە درێژە پێدان بە خەبات هۆکارێکی گرینگ بووە.

- حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای ئەم هەمووە ساڵە ئێستاش هەر لەسەر ئەو ڕێبازەیە کە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد بونیاد نرا و د. قاسملوو گەشەی پێ دا و د. شەرەفکەندی درێژەدەری بوو. گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستاش پێداگری دەکا لە سەر یەکیەتیی نەتەوەیی، دانی سەنگ و قورسایی بە خەباتی مەدەنی، باوەڕمەند بوون بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد، ئامادە بوون بۆ پاریزگاری لە سەروەرییە نیشتمانییەکان، هان دانی خەڵک بۆ پاریزگاری لە ژینگە و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەیی، بە کورتی هەر بابەتێک و ڕێکارێک کە بتوانێ هەست و سۆزی نەتەوایەتی پەرە پێبدا و تاکی کورد لە ڕاستای بەرەو پێش چوونی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی یەکگرتوو بکا، حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی و پشتگیریی دەکا.

***

# بەشێک لە پەیامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بۆ یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان**

**بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

سڵاوێکی گەرم!

بەبۆنەی "حەفتا و پێنجەمین" ساڵوەگەڕی دامەزراندن و" یۆبیلی ئەڵماسی" حیزبە تێکۆشەرەکەتان، پیرۆزبایی لە سکرتێر و ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و کەسوکاری شەهیدان و تەواوی پێشمەرگە و ئەندامەکانتان دەکەین.

دیارە لە مێژووی خەباتی پڕ سەروەری، حیزبی دێموکرات سەرباری ئاستەنگ و دژواری و ڕێگەی خەبات، دەستکەوتی گەلێک مەزنی بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەدەست هێناوە، لەم پێناوەشدا، هەر لە سەرەتاوە ڕێبەرانی حیزب سەرقافڵەی کاروانی شەهیدانیان گرتوە. کە پێشەوا قازی، شەهید دوکتور قاسملوو، شەهید سادق شەرەفکەندی نمونەی هەرە دیار و بەرجەستەی تێکۆشانە مەزنە بوون.

جێی بایەخە کە یەکیەتیی نیشتمانی و حیزبی دێموکرات لە زۆر وێستگەی ژیانی سیاسی و پێشمەرگەیەتیدا هاوکار و پشتیوانی یەکدی بوون، کە ئەم دۆستایەتی لە فکری پڕ حکمەتی سەرۆک مام جەلال و شەهید دوکتور قاسملووەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە جێ پەنجەی بەسەر نەخشی زۆر ڕووداوی سیاسییەوە هەبوو.

دوبارە ئەم یادە پیرۆزە دەکەین و سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدان.

لەگەڵ ڕێزدا.

**سالار سەرحەد خەلیفە یونس**
**ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکیەتیی نیشتمانی**
**بۆردی پەیوەندییە کوردستانییەکان**

***

**پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)**

**بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

بەبۆنەی هەفتاو پێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوە بەڕێزان بنەماڵەی شەهیدان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەکەین و ئاواتە خوازین کە تێکۆشانی گەلی کورد لە داهاتوویەکی نزیکدا بگاتە ئامانج و ئەو یادە لە وڵاتێکی ئازاددا پیرۆز بکەین.

بەڕێزان بێگومان لەو هەفتاو پێنج ساڵەدا نرخی زۆر گەورە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا دەستبەر بوون کە بوون بە بەشێک لە مێژووی پڕشکۆی گەلی کورد. هەزاران شەهید هەر لە پێشەوای نەمرەوە بگرە هەتاکوو کەسانی بلیمەت وکوو کاک جەلیلی گادانی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو کۆچکردنی داغداری کردین بوون بە ئیلهام بۆ درێژەدانی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئازادیی وڵاتەکەماندا. جێی خۆیەتی کە پێکەوە بەڵێنی درێژەپێدانی ئاوات و داخوازەکانی ئەوان بدەین و بەو شێوەیە یادی خەبات و تێکۆشانیان بەرز ڕابگرین.

جارێکیتر ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە ئێوە پیرۆز دەکەین و ئاواتەخوازین ئەم چەشنە بۆنانە ببنە هەوێن و بەستێنی یەکڕیزی و یەکگرتنی هەموو تێکۆشەرانی خەبات و هەڵمەت لەپێناوی ڕزگاری گەل و نیشتمانماندا.

بەهیوای ڕۆژانی ئازاد.

**هاوسەرۆکایەتی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پەژاک)**

***

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**بۆ بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستان**

وێڕای سڵاوی گەرم!

بەبۆنەی یادەوەریی ٧٥هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و هەموو تێکۆشەرانی نێو ڕیزەکانتان دەکەین. یادی زیاتر لە ٧ دەیە خەبات و تێکۆشان و چالاکیی ئێوە وەکوو حیزبێکی بە ئەزموون، لە دەروون و مێژووی نەتەوەکەماندا هەرمانە.

لە سەردەم و بارودۆخە نوێیەدا، پێویستیی یەکیەتی و پاراستنی یەکڕیزی کە یەکێک لە ئامانجەکانی دامەزراندنی حیزبە هەڵسووڕاوەکەتان بووە، زیاتر لە جاران خۆ دەنوێنێ. دڵنیاین بەپێی ڕەوت و کارنامەی پێشووتان، گرینگایەتی بەجێهێنانی ئەم ئەرکە کە لای ئێوەش پڕ بایەخ و هەستپێکراوە دەدرێ و هیوادارین هەمووومان، بە کۆدەنگییەوە بەرەو پێشی ببەین.

جارێکی دیکە وێڕای پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە، هیواداریین حیزبە خەباتگێڕەکەتان شێلگیرتر و سەرکەوتووتر لە جاران، لەپێناو و لە ئاراستەی ئامانجەکانی گەلی کورد و مسۆگەرکردنی مافە ڕەواکانی تێکۆشان بکا و بە هەوڵێکی هەمەلایانە، داهاتوویەکی گەشاوە بێنێتە دی.

لەگەڵ ڕێزدا.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

***

**حیزبی شیوعی کوردستان**

**بەڕێز سکرتێری گشتی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

لەگەڵ سڵاو!

بەبۆنەی (٧٥)مین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبە تێکۆشەرەکەتان حیزبی دێموکراتی کوردستان بەناوی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی حیزبی شیوعیی کوردستان پیرۆزبایی گەرمی ئەو یادەتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ دەخوازین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە ڕۆژی دامەزرانیەوە تا ئەمڕۆ کە یادی (٧٥) ساڵەی دامەزراندنی دەکەنەوە، درێژەی بە خەبات و تێکۆشان داوە لەپێناو مافی ڕەوای گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و، ڕۆڵێکی بەرچاوو کاریگەری لە کاروانی خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی هەبووە؛ لەم ڕێگایەشەوە قوربانی و شەهیدی زۆری پێشکەشی گەلی کوردستان کردوە.

هیوادارین ئەم یادە ببێتە مایەی زیاتری یەکڕیزی هێز و لایەنە سیاسیەکان لەپێناو بەدەستهێنانی ئاوات و ئامانجە ڕەواکاندا.

لە کۆتایدا جارێکی دیکە جەخت لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیی دێرینەی هەردوولامان دەکەینەوە.

دووبارە پیرۆزبایمان قبول بفەرموون.

لەگەڵ ڕێزماندا

**مەکتەبی سیاسی**
**حیزبی شیوعی کوردستان– عێراق**

***

**پەیامی پیرۆزبایی "لویس ئایالا"، سکرتێری گشتیی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست بە بۆنەی یووبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکرات**

**بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

هەڤاڵە بەڕێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بەختەوەرم کە بە بۆنەی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی پلاتفۆرمی سیاسیی هاوبەشی گەلی کورد، پیرۆزبایی گەرمی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست پێشکەشی ئێوە بکەم. ئەمڕۆ لە بیری هاوبەشماندا، یادی دامەزرێنەران، لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە دواتر گیانیان لێ ئەستێندرا، وەک د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و د. سادق شەرەفکەندی کە لە کاری ئینتێرناسیۆنالەکەماندا بەشدار بوون، لەگەڵ ئێمەن.

ئەو بیرۆکە، بەها و پرەنسیپانەی کە ئەوان بڕوایان پێ بوو و کە ئەمڕۆ گەلی کورد بڕوای پێیانە، لە نێو ئێوەدا زیندوون. قوربانیدانەکانی دوێنێ و خەباتی هەنووکەیی ئێوە بەشێک لە ئاجێندای جیهانی بۆ دنیایەکە لە ئاشتەواییدا، بە خەڵکێکی ئازاد کە بە مافەکانیان خەنی بوون و لە دێموکرسییدا دەژین، هەروەها شتێکە کە ئامانجی ئینتێرناسیۆنالی ئێمەیە.

بەو هیوایە کە کاری هاوبەشمان ببێتە هۆی سەرکەوتن.

**لویس ئایالا، سکرتێری گشتی**
**١٤ی ئاگوست ٢٠٢٠**

***

**یەکێتیی دێموکراتی کوردستان**

**بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتی و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەیامی پیرۆزبایی خۆمانتان پێشکەش دەکەین، دیارە حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێوچانی هەیە لە پێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەسپاندنی دیموکراسی لە ئێراندا، هەزاران شەهید و قوربانی لەو پێناوەدا بەخشیوە بە خەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کورد و لە ئێستادا مێژووی حیزبی دیموکرات، مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیک و ئازادیخوازانەی کوردە لە ئێراندا و شایانی ڕێز و پێزانینە.

وەک یەکێتیی دێموکراتی کوردستان، بە بیرهێنانەوەی دۆخی ناوچەکە و ئێران و تایبەت کوردستان بە گشتی، هیوای ئەوە دەخوازین کە بۆ بەهێزبوونی هەڵوێستی نەتەوەیی و هەبوونی قورسایی خەباتی کورد لە ئێران، هەوڵی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات ببێتە سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی نوێی دوای یووبیلی ئەڵماس و دڵی دۆستان و ئازادیخوازان و گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاد بکەن.

جارێکی تر یووبیلی ئەڵماسی ٧٥ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانتان لێ پیرۆز دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

**یەکێتیی دێموکراتی کوردستان**

***

**پەیامی عەلی قازی بەبۆنەی یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکرات**

بە بۆنەی هاتنی ٢٥ی گەلاوێژ، حەفتاوپێنجەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی دەکەم لە هەر دوو حیزبی دیموکراتی کوردستان و دیموکراتی کوردستانی ئیران و تەواوی دڵسۆزان و تێکۆشەرانی نەتەوە و نیشتمان.

هیوادارم ئەو دوو حیزبە بە زووترین کات یەک بگرنەوە و وەک هێزێکی سەربەخۆ و گەورە بۆ ڕزگار کردنی کوردان لە ڕۆژهەڵات بە ئیرادەیەکی جیدی حەول بدەن و گەر یەکگرتوو بین دڵنیام بێشک سەردەکەوین کە هەر ئەوە بوو ئامانجی مەرحومی باوکم وەک دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان.

دەبێ ڕێباز و بیر و ئایدولۆژیی پێشەوا قازی محەممەد بکەین بە سەرمەشقی خۆمان چ لە قسە و نووسیندا و چ لە عەمەل و تێکۆشاندا.

بژی کورد، بژی کوردستان .

**عەلی قازی**

***

**حیزبی ڕزگاریی کوردستان**

**بەڕێز ، خالیدی عەزیزی!**
**بەڕێزان، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

سلاوێکی گەرم!

بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ یادی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبە تێکۆشەرەکەتان بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و مەکتەبی سیاسیی حیزبی ڕزگاریی کوردستان پڕ بەدڵ پیرۆزبایی یۆبێلی ئەلماسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەفتەری سیاسی و ئەندام و لایەنگرانتان دەکەین.

بە هیوای سەرکەوتن لە خەبات و تێکۆشانتان و ئومێدەوارین ئەم یادە شکۆدارە ببێتە هەوێنی یەکڕیزی و هاوئاهەنگی لە خەبات و ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد کە ئێستا زەروورەتێکی حەتمییە لە هەمبەری هێرشی نارەوای فاشیستی تورک و ڕێژیمی پەت و سێدارەی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

حیزبی ڕزگاری لە هەوڵی پتەوکردن و توند و تۆلکردنی پەیوەندیەکانمانین لەگەڵ حیزبە تێکۆشەرەکەتان.

**دەستەی سەرۆکایەتیی حیزبی ڕزگاریی کوردستان**

***

**پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان**

**بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**
**سڵاوێکی گەرم!**

بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٧٥ ساڵ لە خەبات و تێکۆشانی نەپساوە و فیداکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یوبیلی ئەڵماس، پیرۆزبایی گەرمی خۆمان لە بەڕێزتان و سەرکردایەتی و تەواوی کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانتان دەکەین.

دیارە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەنجامی هەلومەرجێکی بابەتی و خۆیی وەک پێداویستییەکی ئەو قۆناغە، بوو بە مایەی شانازی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، توانی ببێتە خاوەنی حکومڕانییەکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی کۆماری کوردستاندا. مێژووی ٧٥ ساڵ لە خەبات و تێکۆشان و ئەزموونی سەختی ئەو ڕۆژگارانە پێمان دەڵێ کە شارێگا بۆ سەرکەتن و گەیشتن بە مەنزڵگە و وەدەستهێنانی کوردستانێکی ئازاد و دێموکرات و حکومڕانییەکی کوردانە تەنها و تەنها بە یەکگرتوویی و یەک هەڵوێستی و پشت ئەستور بە خەڵکی کوردستان فەراهەم دەبێ، بەمەش لە لایەن دۆستان پێگەی بەرزتر بۆ دوژمنانیش بەهێزتر دەبێ. جێگای ئاماژەیە بڕیاری دوا کۆنگرەتان ئەو پەڕی ئازایەتی و بوێریە بۆ هەنگاونانی یەکگرتنەوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خواست و پێداویستییەکی سەرەکی قۆناغەکەیە. گومان نییە کە ناوچەکە بە گشتی لەبەردەم چاوەڕوانی گۆڕانکاری گەورەدایە کە نیشتمانی ئێمەش لەم پێشهات و هاوکێشەیە بەدەر نییە. بۆیە پێویستە لە هەموو ئاستە جیاجیاکانی تێکۆشاندا ئامادەسازی بکرێ و بەرنامەوە پلانی گونجاو بگیرێتە بەر کە لەگەڵ هەلومەرجی نێودەوڵەتی هاوتەریب بێت و بتوانرێت ڕووداو گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندیی نیشتمان و خواست و داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان مسۆگەر بکرێت.

جارێکی تر بەم بۆنە شکۆدارەوە، ئێمە پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان پیرۆزبایی خۆمان ڕادەگەیەنین و جەخت لە پەیوەندیی دۆستانەی نێوانمان دەکەینەوە، ئومێدوارین لە پێناو بەرژەوەندیی گەل و نیشتماندا پەیوەندییەکەمان زیاتر پێش بخەین.

هەر سەرکەوتوو و سەرفرازبن .

لەگەڵ ڕێزماندا

**پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان**
**مەکتەبی سیاسی**

***

**حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**بەڕێز، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

سڵاوێکی گەرم،

بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، یادی ٧٥ەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە ناوی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و هەموو خەباتگێڕانی حیزبی دێموکرات دەکەین و ئومێدەوارین یوبیلی ئەڵماس دەرفەتێکی دیکە بێ بۆ یەکڕیزی و بەرەو پێشبردنی خەبات لەپێناو وەدیهێنانی تەواوی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران.

حیزبی دێموکرات، وەڵامدەرەوەی خواستەکانی خەڵکی کوردستانە و لەمێژووی دامەزراندنیەوە حیزبێکی کاریگەربوو، لە زۆر بواردا ڕچەشکێن بوو، یەکەمین کۆماری دیموکراتی کوردستانی ئاوا کرد، لەپەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی و ڕێکخراوەیدا، لە پێشخستنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، پێشەنگ بووە. ئێستاش وەک حیزبێکی بە ئەزموون، خاوەن تایبەتمەندی لەمەیدانی سیاسیدایە.

لەکاتێکدا، کە بە ڕێزەوە یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دیموکرات یاد دەکرێتەوە، کوردستان و ناوچە پێی ناوەتە قۆناخێکی دژوار و ناهەموارەوە، سەرەڕای زیادبوونی مەترسیی کۆرونا ڤایرەس و لێکەوتەکانی، هەڵکشانی ململانێی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لەلایەک و پەرەسەندنی سیاسەتی فراوانخوازی هێزە ئیقلیمیەکان لە لایەکی تر ئارامی و ئاسایشی ناوچەیان خستۆتە بەردەم ئەگەری نادیارەوە. بۆیە لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەدا، لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی داوا دەکرێ، دەرگا بەڕووی ناکۆکییەکان دابخەن، لە کێشە و ئاریشە لاوەکی و ناوەکییەکان دوور بکەونەوە زیاتر لا لە ئەرکی هاوبەش و پرسی بنچینەیی بکەنەوە.

هەر لەو پێوەندەدا، جارێکی دیکە جەخت لە پێویستیی پتەوکردنی پەیوەندیی لە نێوان حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەینەوە.

لە یوبیلی ئەڵماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، سڵاو لە گیانی پاک و بێگەردی پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆکی یەکەمین کۆماری دێموکراتی کوردستان و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسیی**
**حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**

***

**بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان**

**بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

لەگەڵ سڵاو!

بەبۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتێکدا دامەزرا کە بووە پێشڕەوی تێکۆشان و گەلەکەمانی گەیاندە کاروانی تێکۆشانی گەلانی ژێردەستە و مافخوراوان و مێژووی تەمەنی گەواهیدەری قوربانی بێشوماری حیزبی دێموکرات لە ڕێگای خەبات و تێکۆشانی لەپێناو ئازادی و سەربەستی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شانازییەوە لە ڕێگای خەباتی پێشەوا قازی و دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندی و تەواوی شەهیدان خۆڕاگرانە درێژەی بە کاروانەکە دا لەپێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

جارێکی دیکە پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەین و جەخت لە پەیوەندیەکانی نێوانمان دەکەینەوە.

**مەکتەبی سیاسی**
**بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان**

***

**پارتی سەربەخۆیی کوردستان**

بە ناوی کوردستانی گەورە!

بەڕێز: هەڤاڵانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بە بۆنەی ٧٥مین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات. گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی هەموو تێکۆشەرانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دەکەین.

پارتی سەربەخۆیی کوردستان لە سەر بنەمای گوتار و هزری نەتەوەیی هەوڵ دەدا پەیوەندییەکی دۆستانە و برایانە لە پێناو بەرژەوەندیی گەلەکەمان لەگەڵ هەموو هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک بخا و هەوڵمان یەکڕیزی نێو ماڵی کوردە و هیوادارین بە خەمخۆریی هەموو لایەکمان ئەو تەباییە بێتە ئاراوە.

لە کۆتاییدا جارێکی تر پیرۆزبایی خۆمان لە ناخی دڵەوە پێشکەش بە هەموو خوشک و برایانی تێکۆشەری ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان لە گشت بوارێکدا بۆ بە ئاوات دەخوازین.

**دەفتەری سیاسیی پارتی سەربەخۆیی کوردستان**
**١١ /٢٠٢٠/٨ زایینی**

***

**پارتی سەوزی کوردستان**

**بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

سڵاوێکی ژینگە دۆستی!

بەبۆنەی(75)مین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبە تێکۆشەرەکەتان، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەناوی سەرجەم ئەندامانمان لە پارتی سەوزی کوردستان جوانترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین، خوازیارین ئەم بۆنە پیرۆزە بێتە مایەی خێر و خۆشی بۆ گەلی کوردمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەواوی ناوچەکە.

بێگومان حیزبە تێکۆشەرەکەتان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە خەباتی سیاسی و چەکداری و کۆمەڵایەتی و ژینگە پارێزیدا.

دوبارە پیرۆزباییمان قبوڵ بفەرموون بە هیوای سەرکەوتن.

**مەکتەبی سیاسیی پارتی سەوزی کوردستان**

***

# وانەکانی هەرگیز لەبیر ناچن



مستەفا شەڵماشی

بەبۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێی سەرکردە کاک جەلیلی گادانی، لە بنەماڵەی سەربەرزی گادانی، لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لە بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات، لە هەموو دۆست و ئاشنایانی هاوڕێی تێکۆشەرمان کاک جەلیل و لە هەموو گەلی کورد بە تێکڕایی سەرەخۆشی دەکەم. هیوادارم بە هاتنە دی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی کە کاک جەلیلی ماندوویی‌نەناس، لە ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵدا بە هەر ڕێگایەکی مومکیندا هەوڵی بۆ دەدا، ڕوحی گەورەی کاک جەلیل و هەمو تێکۆشەرانی کۆچکردووی ئەو ڕێگایە شاد بێ.

قسەکردن لەسەر ڕابردووی کەسێک کە تەواوی تەمەنی خۆی بە شێوەیەکی سادقانە و ڕاستگۆیانە خستبێتە سەر تەبەقی ئیخلاس بۆ خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی کارێکی ئاسان نییە. لەوەش گرنگتر باسکردن لە ڕابردووی کەسێک کە لە هەمو کەلێن و قوژبنێکی نیشتمانەکەیدا جێ‌پەنجەی دیار بێ و لە لایەن کۆمەڵانی میلیۆنیی خەڵکی وڵاتەکەیەوە ناسرابێ، دیسان ئەرکێکی قورستر دەخاتە سەرشانی مرۆڤ. بەو حاڵەشەوە کاک جەلیلی نەمر ئەوەندە تایبەتمەندیی باش و جێگای پەسندی هەبون و ژیانەکەی ئەوەندە دەوڵەمەند بە تایبەتمەندیی جێگای شانازییەوە بوو، کە هەرکەس دەتوانێ لە و دەریا بێ‌بڕانەوەیە هێندێک بەهرە هەڵێنجێ و بەپێی توانای خۆی چیرۆکێکی شۆڕشگێڕییان لێ ساز بکا کە بەسەر بڵیندیەوە بۆ ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەی بخوێنێتەوە.

ئەمنیش یەکێک لەو کەسانە بووم کە شانازی ئەوەم هەبووە لە تەمەنی لاویمەوە، واتە لە دوای کۆنگرەی سێی حیزبەکەمانەوە، گوێم بە ناوی ئەو پیاوە مەزنەی گەلەکەمان ئاشنا بێ و لە دوای کۆنگرەی چواری حیزبەکەمانەوە لە ڕێبەریی حیزبدا بۆ ماوەیەکی درێژ شانبەشانی ئەو تێکۆشەرە ماندوویی‌نەناسە خەبات بکەم. لە بۆچوونە بەنرخەکانی بەهرەمەند بم و بە هەڵسوکەوتە شۆڕشگێڕانەکەی ورە بۆ خەبات کۆ کەمەوە و لە ئامۆژگارییە بەنرخەکانی کەڵک وەربگرم. زێدەڕۆییم نەکردوە ئەگەر بڵێم کاک جەلیل جوانترین وێنای ڕێبەرێکی بەئەخلاقی سیاسی، دەست و داوێن پاک، بێ‌خەش، دڵسۆز، ماندوویی‌نەناس و ئیدامەکار بوو. لە باری بۆچونەوە خاوەن ئیرادە و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خۆی هەبوو. لە باری ئیمانەوە نائومێدی نەدەناسی و لە دژوارترین هەلومەرجەکاندا هەر بە گوڕ و تینی سەردەمی سەرکەوتن درێژەی بە خەبات دەدا.

گەورەترین تایبەتمەندییەکانی کاک جەلیل ئەوە بوو کە لە هیچ هەلومەرجێکدا لە خەبات شل نەدەبۆوە. هەربۆیە توانیویەتی مێژوویەکی خەبات و تێکۆشان دروست بکا کە لە قۆناغی جۆراوجۆری ژیانیدا و لە تێشکان و هەستانەوەدا جێ پەنجەی دیار بێ. شۆڕشگێڕی ماندوویی‌نەناس کاک جەلیلی گادانی دەتوانین بڵێین هەر لەسەر میزی قوتابخانەی سەرەتاییەوە کە بەشێکی کەوتووەتە دەورانی زێڕینی خەباتی حیزبی دێموکڕات و دامەزرانی کۆماری کوردستان، دەستەچیلەی خۆی بخاتە سەر ئاگری شۆڕشی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان. بەڕێزیان لەو کاتەدا بە بەشداریکردن لە گوتنەوەی سرودە نیشتمانییەکان دەست پێدەکا و دواتر ڕووخانی کۆماری کوردستانیش لە خەبات ساردی ناکاتەوە و لە یەکیەتیی لاواندا چالاکانە بەشداری دەکا. لە قۆناغی دواتر دەبێتە یەکێک لە هەڵسوڕاوترین کادرەکانی حیزب و لە شار و گوندەکانی کوردستاندا بە ناوی جۆراوجۆر و بەنهێنی و بەئاشکرایی، خەریکی بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و ڕێکخستنی تەشکیلاتی حیزبی دەبێ.

بەدوای تێکۆشانی بێ‌وچاندا بۆ دەزگا ئەمنییەتەکانی ڕێژیمی پاشایەتی دەناسرێ و دەکەوێتە بەر هێرشی درندانە و ئەشکەنجە و ئازار و لە کۆتاییدا زیاتر لە سێزدە ساڵ لە سیاچاڵەکانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەند دەکرێ. بەڵام ئەو مەزنە سەرێکی سەوداسەری هەیە و ئەو ئازار و ئەشکەنجانە نەتەنیا کۆڵی پێ نادەن، بگرە چالاکتری دەکەن و نەتەنیا شکستی پێ نادەن بەڵکوو سەرکەوتووانە و دوژمنبەزێنانە لە زیندان دێتە دەر. هەم مەدرەکی لیسانس لە زمانی فەڕانسە لەگەڵ خۆی لە زیندان دێنێتە دەر و هەم کۆڵەبارێک تاقیکردنەوەی خۆڕاگری و دیسان بەبێ ترس دەست دەکاتەوە بە خەبات.

دوای ئەو هەمو زیندانی و ئەشکەنجە دانەیە کە من وەک نوێ‌پێیەک لە مەیدانی خەباتی حیزبی دێموکراتدا لە دوای کۆنگرەی سێ‌وە گوێم لێ دەبێ کە کاک جەلیلی گادانی لەنێو جەرگەی دوژمندا لە تاران بەنهێنی کراوەتە ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی. دیسان سەوداسەری ئازادییە و لە تەشکیلاتی نهێنیدا بەبێ گوێدانە خەتەری گیرانەوە و ئەشکەنجە درانەوە، دەستی بە تێکۆشان کردووەتەوە.

خەباتی کاک جەلیل بێ‌بڕانەوەیە و لە گەرمەی خۆپیشاندانەکانی کۆمەڵانی خەڵک لەدژی ڕێژیمی پاشایەتیدا کاک جەلیل خۆی دەگەیەنێتەوە مەهاباد و دەبێتەوە پێشەنگ. لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی کاک "عەزیز یوسفی"، تێکۆشەر و سەرکردەی چاونەترسی حیزبی دێموکرات و قارەمانی زیندانیی درێژخایەن لە سیاچاڵەکانی ڕژیمی پاشایەتیدا، کاک جەلیل ڕۆڵی هەڵسوڕێنەری گێڕا و بێ‌ترس مەیدانی لە دوژمنانی گەلەکەمان گرت و دەنگی دلێرانەی لەنێو ئاپۆرای کۆمەڵانی خەڵکدا دەنگی دایەوە.

پاش ڕووخانی حکومەتی حەمە ڕەزاشا و دوای ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی بە خەباتی ئاشکرا کردەوە، کاک جەلیل دەستی لە کار و ژیانی تایبەتی هەڵگرت و تا دوایین هەناسەی ژیانی مەیدانی خەباتی چۆڵ نەکرد. لە ڕیزی پێشەوەی خەباتکارانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وەک ڕێبەرێک ڕۆڵی گێڕا و بوو بە وێنەیەکی جوان لە سەرکردایەتی کردن. وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و سکرتێری بەشێک لە بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات (واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان_ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) بە سەداقەت و پاکی و بە شێوەیەکی ماندوویی نەناسانە کاری کرد و بێ‌پشودان خەباتی کرد.

کاک جەلیل بە هەموو باوەڕیەوە کەسێکی یەکسانیخواز بوو. ئەو باوەڕی قوڵی بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ هەبوو. بە ژن و پیاوەوە و بە چین و توێژە جۆربەجۆرەکانیەوە. ڕاستە وەک هەمو دێموکڕاتێکی ڕاستەقینە بە پلەی یەکەم بۆ مافی دیاریکردنی چارەنوسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و لە هەمو کوردستان بەگشتی تێ‌دەکۆشا، بەڵام لە قۆناغی دوای ئازادی گەلی کوردیشدا دەیەویست حیزبی دێموکرات بەرنامەی پێشکەوتووی کۆمەڵایەتیی هەبێ تا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە مافی وەک یەک و دەرفەتی وەک یەکیان هەبێ. لەو کۆنگرانەدا کە من تێیدا بەشدار بووم و کاک جەلیلیش تێیدا بەشدار بووە، دیومە کە لە باسی بەرنامەی دوارۆژدا هەمو جارێ کاک جەلیل بەرگریی لە دروشمە سۆسیالیستییەکان کردوە و پێی لەسەر ئەوە داگرتوەتەوە کە حیزبی دێموکرات پێویستە لە ئامانجی دوارۆژی خۆیدا عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بگونجێنێ و کاری بۆ بکا. لە باری مێژووییشەوە کاک جەلیل یەکێک لەو کادرە حیزبیانە بووە کە پشتیوانیی لە جووڵانەوەی جوتیاران لە ساڵی ١٣٣٢دا کردوە و هەر لەو ساڵەشدا لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشاوە گیراوە. کاک جەلیل ئەوەندەی ئاگادار بووم یەکێک لە سەرکردە چالاکەکانی حیزب بوە لە بواری دیفاع لە مافی یەکسانیی ژن و پیاو. کە واتە پڕ بە پێستی بوو کە خۆی بە کەسێکی ناسیۆنالیستی چەپ پێناسە بکا.

کاک جەلیل لە ڕێوڕەسمی ٨٠ ساڵەی تەمەنیدا کە لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بۆی پێک هاتبوو، دەڵێ: خەبات، خەباتی بێ‌وچان لەپێناو ڕزگاریی کورد و کوردستاندا ئەرکە، ئەرک بووە و ئەرکیش دەبێ. بە باوەڕی من ژیانێک کە لەپێناوی ژیان و ژینەوەی گەل و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا نەبێ، بێ‌بایەخە و بەفیڕۆدانی تەمەنە.

لە پێشەکیی "پەنجا ساڵ خەبات"دا دەڵێ: دەبێ ئەو ڕووداوانەی ڕابردومان لەبەر چاو بێ و پەندی لێ وەربگرین و بۆ پتەوبونی ڕیزەکانی حیزب و یەکیەتیی کورد و پێکهێنانی تەفاهوم و ڕووحی برایەتی زیاتر لە نێو هەمو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکاندا کەڵکی هەبێ و ئیمانمان بەوە هەبێ کە ئەوەی بە یەکگرتن و تەبایی بۆمان دەکرێ، هیچکات بە دووبەرەکی و ناکۆکی پێکنایە.

جا کاک جەلیلێک کە بە شێوەی قسەکانی یادی هەشتا ساڵەی دڵسۆز بێ و بە قەناعەتێک کە لە تاقیکردنەوەدا پێی گەیشتوە وەک لە پێشەکیی پەنجا ساڵ خەباتدا باسی دەکا، چۆن دڵی بۆ یەکڕیزی لێنادا؟ بێگومان بۆ چارەسەری ئەو کێشانەش لە زۆر دەرفەتدا ئیشارەی پێ کردوە. هەر لە پێشەکیی پەنجا ساڵ خەباتدا دەڵێ کە باسکردن لە کێشەکانی ڕابردوو پێویستە بۆ دەرس لێ وەرگرتن بێ. نابێ بۆ یەکتر مەحکومکردن و گەورەکردنەوەی درزەکان بێ. دەبێ تێ‌بگەین کە تا ئێستا چمان بە یەکتر گوتوە، چمان بەسەر یەکتر هێناوە و چۆن بووینە هۆی شکستی خۆمان. نابێ ئەوانە دووپات کەینەوە و پێویستە ئەو کێشانە وەلا نێین و یەک بگرین، چونکە هێز و سەرکەوتن لە یەکگرتن‌دایە. هەربۆیە نەخشەڕێگای کاک جەلیل دوو شتی سەرەکی بووە:

یەک: شرۆڤەی ڕابردوو بە چاوی ڕەخنەگرانە بۆ دەرس‌وەرگرتن لە ڕابردوو، بۆ دووپاتنەکردنەوەی هەڵەکان، نەک بۆ یەکتر مەحکومکردن و شکاندن.

دوو: یەکگرتن لە پێناوی قازانجی نەتەوەییدا و بۆ کۆکردنەوەی هێز و بۆ سەرکەوتنی دۆخی کورد، بە ئامانجی داڕشتنی ستراتیژییەکی پتەوی نەتەوەیی.

لە مەسەلەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دوو دێموکراتیشدا کاک جەلیل یەکێک لە پێداگرترین کەسەکان بوو. زۆرجاریش ئیشارەی بەوە دەکرد کە ئێمە ئەگەر دەمانەوێ یەک بگرین، نابێ قازانجی حیزبی و گرووپیی خۆمان لەبەر چاو بێ و پێویستە بیر لە قازانجی گشتیی نەتەوەکەمان بکەینەوە.

هەستی خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای گەلە بەشخوراوەکەمان لە سەرکردە "جەلیلی گادانی"دا هێندە بەهێز بوو، کە ئەو هەمو خەبات و ڕەنجدانە، تێری نەدەکرد. هەربۆیە لە مەیدانی نوسین و وەرگێڕانیشدا لە هاوتەمەنانی خۆی وەدوا نەکەوت و سەعاتەکانی پشوودانیشی بە نوسین و خوێندنەوە و وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی پڕ دەکردەوە و کتێبخانەی نەتەوەی کوردی بە هێندێک بەرهەمی بەکەڵک و جێگای سەرنج دەوڵەمەند کرد. کاک جەلیل لە کتێبی "ڕاستیی ڕووداوەکان"دا هەوڵی داوە بۆچونی خۆی لە بەرامبەر هێندێک هەڵوێستی نوسەرانی دیکە دەرببڕێ و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بدا بە نەوەی دواڕۆژ. لە کتێبی "وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوە"دا ، بەڕاشکاوی و بە شێوەیەکی سەردەمیانە دەکەوێتە دیالۆگەوە، ڕەخنە دەگرێ و ئامادەیی خۆی بۆ وەرگرتنی ڕەخنە دەردەبڕێ. لە کتێبی "پەنجا ساڵ خەبات"دا ، زانیارییەکانی خۆی و تاقیکردنەوەکانی دەگوێزێتەوە بۆ نەوەی دوارۆژ. لە کتێبی "با نەبێتە درۆی پاش مردوو"دا، بوێرانە دێتە مەیدانی هەڵسەنگاندن و دڵسۆزانە شیکردنەوە دەکا و هان دەدا بۆ شرۆڤەکردن. لە گواستنەوەی یادداشتەکانی شەهیدی فەرماندە شاپوری فیروزیدا و بیرەوەریی هاوسەنگەرانی شەهید چرچەی بارام‌میرزادا ئەرکی ڕێکخستن و نوسینەوەی مێژووی زارەکیی خەبات و شۆڕش وەعۆدە دەگرێ لە دوو بەرگی زێڕیندا. هەروەها لە "کەشکۆڵی پێشمەرگە"دا لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی پێشمەرگە تۆمار دەکا. لە چەندین کتێبی وەک "هاونەتەوەیی کورد و ماد"، "فرشتە وەش"، "شب سیە"، "بی خانمان"، "ایران در استانە انقلاب مشروطە"، "مرۆڤ چۆن بوو بە غول" و "خەرمانی خەم و پەژارە" دا لە بواری وەرگێڕانەوە لە زمانەکانی فەڕانسەیی، فارسی و کوردیدا ئەسپی خۆی تاو داوە و کتێبخانەی کوردی و فارسیی دەوڵەمەند کردوە. بۆ کەسێکی وەک من کە ئاگاداری چالاکیی سیاسی کاک جەلیل بووە، ئەگەر بەوردی بیری لێ دەکاتەوە، بۆی دەبێتە پرسیار کە ئەو هەمو کاتەی لە کوێ هێناوە؟

چەندی لەسەر هەوڵ و تێکۆشانەکانی ڕێزدار کاک جەلیلی گادانی قسە بکەین کۆتایی نایە و من تەنیا ویستم مشتێک لە خەروارێک بێنمە بەر باس.

ڕوحی مام جەلیل شاد و ئامانجەکانی وەدی بێن.



# بەیادی «ئەسیری فریشتەوەش»

## (بۆ کۆستی کاک جەلیل گادانی)



ئاسۆ حەسەن زادە

هێندێک کەس هەن کاتێک لەدەستیان دەدەی، ئەوەندە گەورەن نە دەتوانی لەسەریان بنووسی، نە دەتوانی لەسەریان نەنووسی! پاش ئەو کۆستە مەزنە کە بە کۆچی دوایی سەرکردەی دێموکڕات، کاک جەلیل گادانی، لەو حیزبە و لە گەلی کورد کەوت، ئەمنیش لەسەرمە بە پەیڤێکی هەژارانە تەعزیمنامەی خۆم لە بەرامبەر ڕوحی هەمیشە پاک و بۆ هەمیشە هەڵکشاوی کاک جەلیلی خۆشەویست بنووسم و حەسرەتی دڵم لەگەڵ هاوڕێیانی و خەڵکی کوردستان بەش بکەم.

***

لە چاو و زەینی منداڵدا هەموو شتێک ئەفسووناوییە. مزگەوتی نەڵۆسە، شەوی نەورۆزی ١٣٦١. خەڵکێکی زۆر پاڵیان وێک داوە. بە دیواری پشت سەرمانەوە وێنەی پێشەوا قازی، مەلا ئاوارە، سولەیمانی موعینی، قادر وێردی و قادر شەریف وەک ئەرواحی زیندوو لێمان دەڕوانن. هۆڵەکە بە گرفەی زاڵکی سۆبەی داران و هەنیسکی فانۆس و گڕی چراتۆڕەکانەوە ڕووناک بۆتەوە. بۆنی خۆشی تەندوورەکانی دێ کە تەواوی ڕۆژ بابۆڵەی نان و هەڵوایان بۆ پێشمەرگە کردووە، هەوای نێو مزگەوتیشی داگرتووە.

ئەمن و چەند منداڵی دیکە سروودێکمان پێ دەڵێنەوە: "پێش‌کەوە، بۆ پێشەوە، ئەی کوردی ئازا". پیاوێکی عەینەک لەچاوی دەمانچە لەقەد –لە تەمەنی ئێستای خۆمدا– بە جەمەدانی و کەواوپاتۆڵێکی مەیلەو سپی‌یەوە، هەڵدەستێتە سەرپێ بۆوەی قسە بکا. خەڵکەکە یەکتر دەنگ دەدەن هەتا گوێ بۆ قسەکانی وتاربێژەکەی دەمی ناشتنی عەزیز یووسفی و یەکێک لە ناسراوترین سیماکانی پشت میکرۆفۆنی میتینگەکانی حیزبی دێموکڕات لەپاش ئینقلاب ڕادێرن. کاتێک بێدەنگی باڵ بەسەر ئاپۆراکەدا دەکێشێ، ئەو پیاوە سەرەتا بەدوور لە چاوەڕوانیی خەڵک و بەشێوەی "ئاکاپێلا" (بەتەنیا و بێ مۆسیقا) سروودێک دەڵێ؛ سروودی نەورۆز. چریکەیەکی فلزیی لوولدراو لە دەنگیدا هەیە.

کە دەگاتە ئەو شوێنە کە دەڵێ "وا ڕۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە، خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە"، هەست دەکەم دەنگی ئەو پیاوە وەک تیشکی سپیی چراتۆڕەکان دەچێ. ساتەوەختەکە وەک دیمەنێکی سینەمایی خەیاڵاوی و وەک حیکایەتێکی دم ئاگردانی زستان بەشکۆیە. دەڵێی خەونە...

ئەو پیاوە جەلیلی گادانی‌یە!

**

پێش ئەو شەوەش کاک جەلیلم دیتبوو. لەوەتی لەبیرمە ئەو و باوکم و بنەماڵەکانمان هەر پێکەوە بوون. نەڵۆسە دەفتەری سیاسیی ژمارە (١)ی حیزبی لێ بوو. حیزب ئەو کوردانە بوون کە لە بەرامبەر هێرشی "عەجەمان"دا حازر بوون لەسەر یەکتر بکەنەوە، تەنانەت بمرن. ئەگەر چەکیان پێ با، پێشمەرگە بوون. کاتێکیش دەمردن، دەبوون بە شەهید. بەڵام لەوە زیاتر نەمدەزانی ئەو داستانە لەچیڕا دەستی پێ کردووە و بۆچی ئێمە هەر ڕۆژەی لە شوێنێکین.

پێشتر لە مەهاباد بووین. مەهابادم بەحاڵ و باڵ لەبیرە: قەناتی پێش ماڵەکەمان لە کانیی مامقەمبەران کە تەپەی قازی و پادگانی گەورەی شاری لێ دیار بوو، تەق و تۆق و هەڵاتنە ژێرزەمین و ناشتنی ئاڵبۆمەکانی بەغدا پێش ئەوەی شار بەجێ بێڵین... "خومەینی لەتکە دیوە، قاسملوو لەتکە سێوە": ئەوەش منداڵی گەڕەک بوون، بەحیساب تەزاهوراتیان دەکرد! دوای ئەوە لەم دێ بۆ ئەو دێ، زۆر شەو بە سواری وڵاغ و تەنانەت بە ڕۆژ بەپێیان بەنێو مەیدانی شەڕدا؛ دایکم مەچەکی توند دەگرتم و بە هیچ بەری نەدەدا.

***

هەتا ئەو بەرەبەیانەی نوقمی شۆک و ماتەمی ڕۆیشتنی یەکجاریی خۆی کردین، هەر کەس بە مام جەلیل ناوی بردبا دەنگم دەدا، چونکە بەلای منەوە وشەی "مام" بۆ کەسێک کە مامی هەقت نیە تەعبیر لە پیاوێکی پیر یا نەخوێندەوار دەکا. کاک جەلیل نەک هەر خوێندەوار و زانا بوو، لە ڕوانگەی منەوە هەتا سەر بە فکر و بە کار لاو مایەوە. پاییزی ساڵی ١٩٩٧ کاتێک لە پاریس لەلای کاک عەزیزی ماملێ کاک جەلیل ئەمنی بە کاک ئیبراهیمی عەلیزادە ناساند، وەک "لاوێکی بە ئیحساس و بەئیستعداد" پێناسەی کردم. گوتم کاک جەلیل ئەو وەسفە لە ئەسڵدا بۆخۆت دانراوە. ڕۆژێک دواتر لە مەلە بەزاندمی. ئەمن قەت ڕۆژێک کاک جەلیلم بە پیری نەدیت. تەنانەت دەتوانم بڵێم بۆ من وەک جوانەمەرگ بووبێ وایە، چونکە ئەگەر جوانەمەرگ بوون بە مانای مەرگی لاوێکی ناکام بێ، ئەوا کاک جەلیل بە هزر و وزە، بە باوەڕ و هیوا، بە ئیمان و وره، لە هەموومان لاوتر بوو. پێش ئەوەش کە بەری ڕەنجی هەشتا ساڵەی خۆی بچنێتەوە و بە ئاواتەکانی بگا، بەجێی هێشتین.



پاش ڕۆیشتنی بنکەکانی دەفتەر لە دۆڵی دێموکڕات، ماڵەکانی ئێمە لە شیوەجۆ لە شوێنیان نیشتەجێ بوون. لەبن ئەو دیوارەی دوکتور قاسملوو و ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات (لەنێوواندا شەهیدان حوسێن شەمامی و ڕەحیم قارنجی و لەتیف نەقشبەندی) وێنەیەکی بەکۆمەڵیان گرتووە، ئەمنیش وێنەیەکم لەگەڵ کاک جەلیل و چەند هاوڕێ و هاواڵی ئەو سەردەمە هەیە. لە وێنەکە ورد دەبمەوە. کوڕەکەی خۆی لەپێشی ڕاوەستاوە، کەچی بە بزەوە چاوی لە من بڕیوە و دەستی لەسەر شانی من داناوە. لەگەڵ بابم بە نۆرە دەهاتنەوە.

ئێستا بەخۆم دەڵێم پێشمەرگەکان هەقیان بوو بە کاک جەلیل بڵێن "مامە".

***

سووری تازەی دوورەوڵاتی و درێژبوونەوەی خەبات دەستی پێ کردەوە. بەهار گەڵ و گەزۆی داوەریو لە چڵ و چرۆی خۆی بە هاوین دەسپارد کۆیان وەکا؛ زستانیش بۆوەی غافڵگیر نەبین، خەبەری هاتنەوەی خۆی بە پاییزدا بۆ دەناردین. گەورەدێ بوو بە وێستگەی سێهەمی بەسەرهاتی کاک جەلیل و ئێمە. ئەوجار ئیدی کاک جەلیل هەر مامێکی ڕووخۆش نەبوو. خەمخۆری پەروەردەشمان بوو. ڕۆژ هەبوو دەرگای لەسەر منداڵەکانی دادەخست بۆ ئەوەی کتێب بخوێننەوە. ئێمەشی بەهەمان شێوە هان دەدا کە بخوێنینەوە و شت فێر بین.

لەو ساڵانەش –وەک لە ساڵانی دوایی ژیانیدا– ئەوەی زیاتر لە زەینمدا لە کاک جەلیل بەجێ‌ماوە، دەنگ و قسەکردنە نەرم و بەئاوازەکەیەتی کە لە ڕێگەیەوە هەمیشە مێهرەبانانە لە حاڵتی دەپرسی و دەمودەست لە بەخشندەیی بەردەوامی خۆی ئەرخەیانی دەکردیەوە. بەخشندە لە ڕێنوێنی، لە مشوور، لە هاوکاری، لە زانیاری و بیرەوەری. زۆر پێش ئەوەی خەڵک شایەتیدانی کاک جەلیل لەبارەی کۆماری کوردستانەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان ببینێ، ئێمە ڕاستەوخۆ لێمان بیستبوو. وەک هەمیشەش کە دەگەیشتە ئەو جێیەی وا پێشەوا ملی بە پەتی سێدارەوەیە، شتێک ئەوکی ویشی دەگرت، بوغزی گریان.

***

لە قەندیل زۆر کەم پێکەوە ماینەوە. پاش دەهەیەک دەرکەوتن و درەوشانەوە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ڕێبەرانی حیزب، دوای کۆنگرەی هەشت –زۆر بەجیددی و سادقانە– بەرپرسایەتیی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی حیزبی وەرگرت و ڕاستەوخۆ بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان کە ناوی لە "شەهید فایق و شەهید چرچە"وە ببوو بە "نیشتمان".. پیاوی گەورەمان ناچێتە ناو دڵ، تاکوو کۆچ نەکا و نەچێتە ژێر گڵ: سی و سێ ساڵ دواتر، تازە سەرنج دەدەم بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم هەمان خاوەنماڵی یەکەمین قوتابخانەی ئازادی کورد، قوتابخانە کوردییەکەی کۆمار، قوتابخانەی گەلاوێژ، بووە. هەر ئەو مێرمنداڵەی ناوی لە ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆماردا هەیە.

بە جێژنێکی دیکەی نەورۆز و یادکردنەوە لە نەورۆزەکەی مزگەوتی نەڵۆسە ڕانەگەیشتین کە کێشەی هەمیشەیی نێوماڵی کورد بۆ چەند ساڵ کاک جەلیلی لەبەر چاوان ون کردم. جاروبار لە ڕادیۆیان گوێم لە دەنگی دەبوو. لەگەڵ ئەوە کە کەشێکی گرژ و نەشیاو کەوتە نێوان دوو دێموکڕاتەکەی ئەودەم، سەرنجم دابوو ئەو لەو دۆخەشدا دڵپاکی و زمانخاوێنیی خۆی لەدەست نەدابوو.

کاتێک بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات وەسەریەک کەوتەوە، لە فەڕانسەڕا بە سەفەر گەڕابوومەوە کوردستان و لە کۆیە بە دیداری کاک جەلیل شاد بوومەوە. ئەوجار زمان و بەسەرهات و دۆستە فەڕانسەییەکانیش (بەتایبەتی کریس کۆچێرا و ئەو پزیشکە فەڕانسەییانەی لەکاتی خۆڕاگریی چەکدارانەدا بە هانای حیزبەوە هاتبوون) پێکی دەبەستینەوە. لەو دیمانە سەرلەنوێیەدا، ئەو پێداگرانە لە خوێندنەکەمی دەپرسی و بۆ پلەکانی دواتر هانی دەدام، کەچی مێشکی من هەر شریتەکەی مزگەوتی نەڵۆسەی لێ‌دەدایەوە!

***

سروودەکەی نەڵۆسە بۆ من خۆشترین سروودی شۆڕشگێڕییە. لەوێدا قانیع دەڵێ :"بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ". هاوینی ١٩٩٧ کە لە قەڵای دێموکڕات چەند مانگێک لە بەشی "تەحقیق و تەرجومە"ی حیزب لە خزمەت پیاوی بەفەرهەنگ و ئەهلی نووسین و موتالعەدا بووم، کاک جەلیل بۆی گێڕامەوە کە زۆر پێش خوێندنی لە زانکۆی تاران لە زیندانەکانی حەمەڕەزاشادا خۆی فێری زمانی فەڕانسەوی کردووە و تەنانەت هەر لە زیندان کتێبێکیشی لە فەڕانسەوییەوە وەرگێڕاوە. کتێبەکە ڕۆمانێکی ژنە نووسەری فەڕانسەیی بەڕەچەڵەک ڕووس، "کۆنتێس دوسێگوور"، بوو کە گادانی لەژێر ناوی "اسیر فرشتەوش" کردبووی بە فارسی.

جەلیل گادانی وەک کاراکتێری نێو ئەم نۆڤڵە نزیک بە دەهە و نیوێکی بەهاری ژیانی، دیلیی نێو زیندانەکانی چاشتبوو. بەڵام لەگەڵ هەموو ئازادەگییەکەی، ئەو تا لەژیاندا بوو ئەسیری شتی دیکە بوو؛ هەستی ئینسانی، عیشقی ئازادی، ئەوینی گەلەکەی. بەچەشنێک کە هەموو ژیانی بۆ یارمەتیدانی ئەوانی تر و بۆ خەبات لەپێناو ڕزگاریی خاک و خەڵکی خۆی تەرخان کرد، هەرگیز بۆ ماوەیەکی زۆر لە هاوقەتارە بێنازەکانی دوور نەکەوتەوە و دەیویست هەمیشە وەک وان و لەگەڵ وان بژی.

کاک جەلیل "ئەسیری فریشتەوەش"ی خوێندبۆوە، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەو دەرسە کە دەکرێ ئەسیریش بی و دڕندەخووش نەبی، ئەو لەو نووسەرە ئەشرافییە فەرەنگییەی فێر بووبێ. بەڵکوو ئەو خیسڵەتە هەر لە سەرەتاوە لە خۆیدا هەبوو و بەدرێژایی ژیانی ئەوەی سەلماندبوو. چاکەکارییەکانی وی هەر بە گەنجی لە مەهابادڕا بگرە تا سەردەمی دامەزرانی ئەنجومەنی کوردەکانی دانیشتووی تاران دەریدەخەن کە ئەو بەدەر لە بەسەرهاتی شۆڕشگێڕانەشی لە گۆشەی زیندان و شاخەکانی کوردستان، نیشتمانپەروەرێکی بێ‌ئەنداز مرۆڤدۆست بوو.

***

شەڕی نەسلەکان لەلای کاک جەلیل وجوودی نەبوو. کاتێک بۆخۆم بۆ ماوەی سێ ساڵ بەرپرسایەتیی دووەمی حیزبم وەرگرت، لەو شوێنە کە ڕەنگە بۆ زۆر لە خەباتگێڕانی نەسلی پەنجا و هەشت ڕاهاتن لەگەڵ سەرکردایەتیی کەسێکی لاوتر ئاسان نەبێ، سەروەری بەڕێز هیچ حەوتوویەک نەبوو لە شوێنی کارم لە قەڵای دێموکڕات گەورەم نەکا و بە مشوور و ڕێنوێنی و هاوکارییەکانی دڵگەرمم نەکا. هەمیشەش بیرۆکەی پرۆژەیەک یا پێشنیاری وەرگێڕانێکی پێ بوو.

بە کۆچی دوایی بەڕاستی ناوەختی کاک جەلیل گادانی، حیزبی دێموکڕات یەکێک لە ڕەمزە هەرە ناسراوەکانی مێژووی خۆی لەدەست دا. نەمانی فیزیکیی کاک جەلیل لەنێو کۆڕی تێکۆشەرانی دێموکڕات و بزوتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی دیکە هەردوو حیزبی دێموکڕات ڕووبەڕووی دڵەکوتەی جەبری ژیان و چوونەسەری تەمەنی ئەو هێمایانە دەکاتەوە کە سەرەڕای هەموو دابەشبوون و کەموکوڕییەکان، لە سەرجەم قۆناغە مێژووییەکان و لە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشانی ئەو حیزبەدا لەگەڵ بوون، هێز و ئیرادە و ئەزموون و ئیعتباریان بە کاروانی خەباتی ئەو حیزبە بەخشیوە، لەئاستی کوردستان و ئێران و دەرەوەدا بۆ حیزبی دێموکڕات و کوردی ڕۆژهەڵات بوون بە براندی سیاسی و خەباتگێڕی.

لە سەردەمێکدا کە ئالەنگارییەکانی سەر ڕێگای حیزبی دێموکڕات و کوردی ڕۆژهەڵات بۆ قۆناغەکانی لەمەودوا زۆر لەوە کە بیری لێ دەکەینەوە زۆرتر و ترسناکترن، جێی خۆیەتی لە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبدا کە هاوکات ٧٥ ساڵەی هاتنی کاک جەلیل بۆ نێو کایەی گشتیی کوردیشە، مشوورێکی جیددی لە گواستنەوەی مەشخەڵی خەبات لەنێوان نەسلەکان و کەڵک وەرگرتن لە هەموو هێز و تواناکان و لەوەش گرینگتر یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکڕات بخورێ. دوایین "وەسیەت"ی ژیانی کاک جەلیل لە خەڵوەتی دیداری دۆستانەی سەرکردە و سیماکانی هەردوو دێموکڕاتدا یەکخستنەوەی هەرچی زووتری ڕیزەکانی دێموکڕات بوو.

بەداخەوە کاک جەلیل نە یەکگرتنەوەی دێموکڕاتی دی، نە ڕزگاریی کوردستان، بەڵام هەردووکیان کە تەنیا بەوان ڕووحی کاک جەلیل و شەهیدان شاد دەبێ، لەدەست خۆماندان.

***

لە کونجی لای ڕاست و هەرە پێشەوەی گۆڕستانی شەهیدانی دێموکڕات لە دەشتی هاموون، گڵی تەڕی سەر گۆڕێکی تازە بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان داپۆشراوە. ئەو گڵکۆیە گڵکۆی دوایین یادگاری زیندووی کۆماری کوردستان، هێمای کوردایەتیی پاک و خۆڕاگریی بزوتنەوەیەک، کاک جەلیلی گادانی‌یە. هەڵکەوتی شوێنی گڵکۆی کاک جەلیل، وەک لە ژیانیدا، لە پاش مەرگیشی، ئەوی کردۆتە میواندار و بەخێرهێنەری زائیران و هۆگرانی بارەگای خەبات بۆ ئازادیی کورد و کوردستان.

ئەگەر لە کێلی خوارەوەی گۆڕەکەی کاک جەلیلڕا هێڵێکی ڕاست بەرەو باکوور بکێشین، هێڵەکە زۆر زوو دەگاتە سەر سەری شەهید جەماڵ ئەکبەری، ئەو لاوە پێشمەرگەیەی ئیسکۆرتی کاک جەلیل بوو و لە مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕاتدا گیانی بەخشی..

ئەگەر لە کێلی سەرەوەشیڕا هێڵێکی ڕاست بەرەو ڕۆژهەڵات بکێشین، ئەو هێڵە، نە زۆر درەنگ، دەگاتەوە مەهاباد.

نێوان ئەو دوو هێڵە وەک گۆشەی پەرتەوێکی لێ دێ کە ڕەنگە سۆمای چاوی کاک جەلیل بێ لە زێدەکەی حاجی قادرەوە بۆ چوارچرا و ڕۆژهەڵاتی وڵات دەڕوانێ.

نەعشی ئەو ڕێبەرە نەمرە ئیدی لە هیچ کفنێکدا جێی نابێتەوە، مەگەر ئی خۆشەویستیی خەڵکی کوردستان.

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:780 21 August 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
+9647501771202
info@kurdistanukurd.org
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# ماڵاوا مام



**بە جەستەش بەجێمان بێڵی، لەگەڵمانی و تۆ نامری**
**ئەوجار لە بیرماندا دەژی و لە دڵماندا جێگە دەگری**